البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

Rawt News

ژمارە ٣١ ئەیلولی ٢٠٢٤


# خەباتی سیاسی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران، وەڵامە بە بارودۆخی قەیرانگرتووی هەرێمی کوردستان

لەگەڵ توندوتیژبوونەوەی قەیرانی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا، بەهۆی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی سیستمی سەرمایەداری و ڕژێمە سیاسییەکەی، بورکانی نارەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی بەتەنگهاتووی دەستی هەژاری و بێکاری و بێ خزمەتگوزاری، تا دێت زیاتر دەبێت. شێوازی جۆراوجۆری خەباتی کرێکاران و کارمەندان و گەنجان و ژنان کە ڕۆژانە لە ئارادایە لە سەرجەم عیراقدا ڕەنگدانەوەی ئەم قەیرانەن.

ئەم هەلومەرجە گشتیە لە فۆرم و ئاوهەوایەکی سەختتردا بەرجەستە بۆتەوە لە هەرێمی کوردستاندا و بەشێوەیەکە کە ژیانی زۆربەی دانیشتوانی بەپلەیەکی ترسناک دەرگیری نائاسودەیی ئابووری و نائەمنی کردووە.

دەسەڵاتی بورژوا ناسیۆنالیستی کورد بە خۆی و دوو ئیدارەیی گەندەڵ و چەتەگەریەوە، و بە دەسەڵاتی تاک حزبی هەردوو حزبی میلیشیای سەرکوتگەریەوە، کە لەمێژە بەزەبری چەک و هێزی میلیشیا خۆیان هێشتوەتەوە، بۆتە مۆتەکەیەک بەسەر سنگی دانیشتوانی ئەم هەرێمەوە. ڕژێمی بورژوا ناسیونالیست لە هەرێم نەک هەر کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و خانەنشینان بێمووچە دەکات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان تا دێت لەبەین دەبات، و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و مافی تاکەکان و ژنان زیاتر قۆرغ دەکات، بەڵکو بەردەوام هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپەرستی برەو پێدەدات.

سەرباری هەموو ئەمانە گەندەڵی بە ئاستێک پەرەی پێداوە کە خەڵک و بژێوبانی بە هیلاک بردووە، و خودی بەردەوامبوونی دەسەڵات بۆتە مایەی هەژاری و هەرچی زیاتری بێکارییەکی لە ڕادەبەدەر لەنێو گەنجانی کچ و کوری ئەم هەرێمەدا. سەرجەم ئەم ڕەوندانە کۆمەڵگەیان دەرگیری چارەنوسێکی نادیار و ترسناک کردووە.

لە گێژاوی ئەم بنبەستە سیاسی و ئابوری و ئیداری و ئایدیولۆژییەی حزبەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان و لەنێو بارودۆخی داپچرانیان لە جەماوەر و ڕیسوابوونیان، بەجارێ بوونەتە ئامرازی ئەنجامدانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و سەربازی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و زلهێزە ناوچەییەکان، بەتایبەت ڕژێمی ئیسلامی ئیران و ڕژێمی تورکیای ئۆردگان، و بوونەتە ناوەندێک بۆ گواستنەوەی کێشمەکێشە جیۆپۆلیتیکسەکانیان بۆ نێو پانتایی هەرێم.

سوپای تورکیا بۆ چەند مانگێکە و لە هێرشێکی نوێیدا بە دەیان کیلۆمەتر هاتۆتە ناو سنووری هەرێم لە دەڤەری بادینانەوە و ملهوری سەربازی و تاوانکاری دەکات و حزبی دەسەڵاتداری ئەو دەڤەرش کە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە بێدەنگ و بێکردەوەیە لەبەرامبەریدا، هەروەها لەمێژە تۆڕە سیخورییەکانی تورکیا تەراتێنیانە لە هەرێمدا و هەر ڕۆژە هێزەکانی تاوانێکی تیرۆریستی دەوڵەتی لەڕیگەی درۆنەکانیەوە ئەنجام دەدەن لەناو شەقام و گەرەکەکانی شارەکاندا بە تایبەت لەم دواییانەدا لە پاریزگای سلێمانی.

ڕژێمی ئیرانیش بەردەوام سیاسەت و پلانەکانی بەوهاوکاری حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبەکەی، بەتایبەت (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) پیادە دەکات، و تۆڕە سیخوریەکانی تا بێت فراوانتر دەکات، و هەرکات ویستبێتی ڕاستەوخۆ، یا لەڕیگەی میلیشیاکانیەوە لەعێراق، بە موشەک و درۆن بۆمبارانی ناوچەکانی هەرێمی کردووە، و بەردەوامە لە تیروری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی خۆی. نەک هەر ئەمەش، تەنانەت بەهاوکاری حزبەکانی دەسەڵات کەسانی ئۆپۆزسیۆنی خۆی، کە نیشتەجێی هەرێمن، بە گیراوی وەردەگرێتەوە و بەرەو پەتی سێدارە و زیندانیان دەبات.

بەم پێیە هەردوو حزبی دەسەڵات لە هەرێم زەلیلانە و بۆ مانەوەی چەپۆکیان بەسەر جەماوەری کوردستانەوە بوونەتە جێبەجێکەری سیاسەت و ستراتیژ و نەخشە و پلانی هەردوو زلهێزی ناوچەیی کە حکومەتی ناوەندیش لە بەغدا هاوکاری ئەم دوو زلهێزەیە.

لەم بارودۆخەدایە کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا هێزەکانی ئاسایشی (یەکێتی) هەستاون بە داخستنی مقەرەکانی (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران- کۆمەڵە)، لە (زرگوێز) لە نزیکی شاری سلێمانی کە (کۆمەڵە) لەوێدا وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ڕژێمی ئیران بۆ پتر لە سێ دەیەیە نیشتەجێیە و چالاکی سیاسی دەکات. بەهەمان شێوە ئەمەش بەسەر دوو ڕێکخراوی تریشدا سەپێنراوە کە ئەوانیش لەو دەوروبەرەدا نیشتەجێبوون.

ملهوری میلیشیایی و سەرکوت و وەلانانی یاسا بۆتە نۆرمی ڕۆژ لە هەردوو زۆنی ژێر دەسەڵاتی (یەکێتی) و (پارتی)دا، و تەنانەت ئەم شێوازە بۆ دەمکوتکردنی نەیارە ناوخۆییەکانی خۆیان، کە بەدرێژایی تەمەنی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی بەکاریان هێناوە، لە ئیستاشدا وەک شێوازێکی سیستماتیک هەرچی بێشەرمانەتر بەکاری دەهێنن.

لە ڕۆژی (٥)ی ئەم مانگەدا هێزێکی کۆماندۆی سەر بەسەرۆکی (یەکێتی) هێرشی کردەسەر ناوەندی ڕۆشنبیری (چاودێر)، کە لەلایەن (مەلا بەختیار)ی ئەندامی پێشوی (مەکتەبی سیاسی یەکێتی) ەوە بەڕیوە دەبرێت، و دەستیان گرت بەسەر ئەم دەزگایەدا.

ڕەوەندی قەیرانێک کە سەرمایەداری لە عێراقدا پێیدا تێدەپڕێت، و ئەم بارودۆخە کارەساتبارەی کە هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە، لە بناغەدا قەیرانی قوڵبوونەوەی جیاوازی چینایەتی و جەمسەرگیری چینایەتی پرۆلیتاریا و سەرمایەیە لە ئاستی کۆمەڵگەدا کە بەزەقی بەرجەستەبوەتەوە و هەردەم لە پەرەسەندندایە. ئەم واقعیەتە چینایەتییە کە هەر ئیستا لە خەباتی ڕۆژانەی کرێکاراندا لە سەرجەم وڵاتدا و لە دڵی کۆمەڵگەدا نمایشی خۆی دەکات.

بەردەوام بوونی ڕژێمی سیاسی هەم لە کوردستان و هەم لە عێراق هەر ڕۆژە ئەم قەیرانە قوڵتر و دەردناکتر دەکاتەوە. قەیرانێکی سیاسی و بنبەستێکی ئابوری کە دەرگیری دەسەڵاتی هەرێمە دەرگیری ئۆپۆزسیۆنی قەومی و بورژوازیشە، و (شاسوارەکان) و (لاهوریەکان) و (گۆرانەکان) و (مەلا بەختیارەکان) خۆیان بەشێکی ئەم سیستمەن و ناتوانن لە ڕوالاتگەری و دەستخەڕۆکردنی جەماوەری زەحمەتکێش زیاتر شتێکیان هەبێ. دیارە ڕەوت و حزبە ئیسلامیەکان بۆخۆیان تەجسمی کارەساتبارانەی ئەم جەمسەرگیریە چینایەتیەن و بەدیلی نیوفاشستین بۆ ئەم قەیرانە.

ڕێگەی دەرچوون لەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان یەکخستنی ڕیزەکانی خەباتە لەسەر بنەمای سیاست و تیۆری و ڕێکخراوی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران و ژنان و لاوانی ئازادیخواز، و گرتنەبەر و پیادەکردنی بەدیلی کۆمۆنیستییە لەبەرامبەر سەرمایە و سەرمایەداری و ڕژێمە سیاسییەکەی و ئایدیۆلۆژیا قەومی و ئیسلامی و نیولیبرالەکانیدا. هەروەها، گرتنەبەری ستراتیژی سیاسی خەباتی چینایەتی یەکگرتووی پرۆلیتاریایە لەسەر ئاستی عێراق، و خەباتی ئینتیرناسیونالیستی کرێکاران و ئازادیخوازنە لە تورکیا و ئیران و لە سەر ئاستی جیهان.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) بانگەوازی جەماوەری کوردستان دەکات کە بێدەنگ نەبن لەبەرامبەر فەزایەکی میلیتاریستی و سەرکوتگەر کە هێزەکانی (یەکێتی) و (پارتی) و زلهێزە ناوچەییەکان لە کوردستاند خوڵقاندوویانە، و بانگەوازی چینی کرێکار و زەحمتکێشانی ئیران و تورکیا دەکات بۆ هاوخەباتی و فشاردانان لەسەر دەوڵەتەکانیان تا ناچاربکرێن بە دەستهەڵگرتن لە ملهوری سەربازی و کاری تیرۆریستی و سیخوری لە هەرێمی کوردستاندا. لە هەمان کاتیشدا بەتوندی سەرکۆنەی فشارەکان و ملهورییەکانی ئەم دواییەی هێزەکانی (یەکێتی) دەکات بۆ سەر بارەگاکانی (کۆمەڵە) و دەستبەسەراگرتنی ناوەندی (چاودێر).

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

١٠ی ئەیلولی ٢٠٢٤

## بەشێکین لە بەرەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز دژ بە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (١٨٨)




ڕۆژنامەی "ڕەوت"، بەشێکە لەبەرەی ژنان و پیاوانی ڕزگاریخواز و یەکسانیخوازی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی، دژ بە گۆڕینی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی عێراق بۆ کۆیلەکردنی ژنان و منالان لە سەرتاسەری عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

هەر لەم سۆنگەیەشەوە لە ڕاستای بەهێزکردن و بردنەپێشەوەی خەبات بۆ پەرچەدانەوەی ئەم هێرشە ترسناکەی ڕەوتە مەزهەبییە کۆنەپەرستەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، ڕۆژنامەی (ڕەوت) پانتاییەک لە لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیەی تەرخان کردووە بۆ وتار و لێدوانی چەندین کەسایەتی و هەڵسوڕاو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

دوا لاپەڕە

## "هەموارکردنەوە" یان تێکدان!

شیرین عەبدوڵا ل٤

## دەربارەی پڕۆژە یاسای پێشنیارکراو بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)

## هەموارکردنەوەی کۆنەپەرستانەی یاسای باری کەسێتی، دیاری ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانە ئیسلامییەکانیەتی بۆ ژنان لە عێراقدا

موئەیەد ئەحمەد ل٣

بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ل٣

با پێکەوە لە ڕیزێکی یەکگرتوودا بووەستینەوە بۆ پەکخستنی ئەو هەوڵانەی لە ئارادان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی

بەیاننامەی (ڕێکخراوی ئازادی ژن)، سەبارەت بەو هەموارکردنەوانەی کە پێشنیار کراون لە یاسای باری کەسێتیدا ل٢

ڕیشەکانی فاشیزمی نوێ لە ئیسرائیل؟ نادر عەبدولحەمید ل٤

مانگرتنی کرێکارانی گواستنەوەی (هاندیدارت) بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت لە (میترۆ ڤانکووڤەر)ی کەنەدا

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ل١١

وەک ئەوە لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە، دیارییەک بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا ئیسلامیستەکان، ڕاست و ڕاسیستەکان و پەنابەران

جەمال کۆشش ل١٠

بەسەری بەرزەوە مووچەکانمان دەستێنین نەوزاد بابان ل١٠

بەریتانیا: سەرکەوتنی ستارمەر قۆناغێکی نوێ لە قەیرانی بێکۆتایی ل٢

## بەتوندی ئیدانەی تیرۆری ڕۆژنامەنوسان دەکەین لە هەرێمی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە

کۆمیتەی سلێمانی/ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

درۆنێکی تورکیا، جومعە (٢٣-٨-٢٠٢٤) ئۆتۆمبیلێکی کردۆتە ئامانج، لە نزیک گوندی (تەپەڕەش) لەسەر ڕێگای سەرەکی هەڵەبجە-سەیدسادق، کە تیمێکی ڕۆژنامەوانی تێدا بووە و خەریکی کاری میدیایی بوون بۆ کۆمپانیایەک کە خاوەن مۆڵەتی فەرمییە لە لای وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم، لە ئەنجامدا دوو ڕۆژنامەنوس لەناو ئەو ئۆتۆمبێلەدا بەناوەکانی (گوڵستان تارا) و (هێرۆ بەهادین) تیرۆرکراون و یەکێکی دیکەش بە سەختی برینداربووە.

ئەنجامدانی تاوانی تیرۆر و تۆپبارانی هەوایی و زەمینی و لەشکرکێشی بۆ ناو قوڵایی هەرێمی کوردستان، لە لایەن سوپای تورکیاوە لە سێ دەیەی ڕابردوودا بەردەوام بووە، بەڵام بە واژۆکردنی کۆمەڵێک گرێبەستی ئەمنی و سەربازی و بازرگانی و ئابووری لەگەڵ سەردانی ئۆردوگان لە (٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢٤) بۆ بەغدا و هەولێر، ئەم تیرۆر و لەشکرکێشییە چۆتەناو قۆناغێکی مەترسیدارەوە، بەتایبەت بەپێی لێدوانی وەزیری بەرگری عێراق (ثابت العباسي) هەردوو وڵات (ناوەندێکی هاوئاهەنگی ئیستیخباراتی هاوبەش) یان دروست کردووە.

(کۆمیتەی سلێمانی/ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، وێڕای پرسە و سەرەخۆشی خۆی بۆ خانەوادە و کەسوکاری قوربانییەکان، بە توندیش ئیدانەی ئەم تاوانە تیرۆرستییەی دەوڵەتی تورکیا و هەر دەسگرۆییەکی حکومەتی ناوەند و هەرێم بۆ ئەو تاوانانە ڕیسوا دەکات. هەروەها، شانبەشانی جەماوەری ناڕازی هەرێم دژی ئەم تاونکارییانە دەوەستێتەوە، و داوا لە ئازادیخوازان و هەر ڕێکخراوەیەکی جەماوەری و حزب و لایەنێک دەکات کە لایەنگری پاراستنی ماف و ئازادی کاری ڕۆژنامەوانین، دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەڵبڕن و بەهەر شێوازێک بۆیان گونجاوە بەشدار بن لەو هەوڵ و چالاکییانەدا کە دەیەوێت سنورێک بۆ ئەم تیرۆر و دەستدرێژییانە دابنێت.

٢٠٢٤-٨-٢٤

## بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی: عەبدوڵا سلێمان و جەمال کۆشش ل٥ - ل٨



## بەیاننامەی (ژنانی ڕاپەڕین – نساء الإنتفاضة)

با هاوپشتی یەکتر بین بۆ شکستپێهێنانی پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩

ل٢

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

## بەشداری لە کۆنگرەی چواردەیەمی (حزبی کۆمۆنیستی ئێران)دا



ئامادەکردنی ڕاپۆرت: ڕۆژنامەی ڕەوت

سکرتاریەتی (حیزبی کمونیستی ئێران) بەنامەیەک کە مێژووی (٣٠-٧-٢٠٢٤)ی لەسەر بووە، بانگهێشتی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) کردووە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی چواردەیەمی ئەو حزبە لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی حەوت؛ (٢٦ و ٢٧ و ٢٨ی مانگی تەمموزی ٢٠٢٤).

لە کۆبوونەوەی (دەستەی بەرفراوان-الهیئة الموسعة)ی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)دا، ئەم بانگهێشتنە پێشوازی لێ کرا و بەنامەی ڕەسمی وەڵام درایەوە و بڕیاردرا کە بە شاندێک بەشداری کۆنگرەکە بکرێت. شاندی ڕێکخراومان بۆ بەشداری ئەو کۆنگرەیە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان (جەمال کۆشش و نادر عەبدولحەمید)، کە لەو کۆنگرەیەدا پەیامی ڕێکخراویان خوێندەوە. کادرانی ڕابەری ئەو حزبە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئامادەبوونی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە کۆنگرەیەکەیاندا.

ئەم کۆنگرەیە هاوکات لە سێ شوێن و بە پەیوەندی ئینتەرنێتی بەڕێوە دەچوو. هۆڵی سەرەکی لە ستۆکهۆڵم/سوید بوو، کە شاندی ڕێکخراومان لەوێ ئامادە بوو.

لەم کۆنگرەیەدا جگە لە نوێنەرانی تەشکیلاتی شارەکانی ئێران و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبەکە، چەند شاندێکیش لە لایەن چەند حزب و ڕێکخراوەوە وەک میوان بەشدار بوون، لەوانە (حیزبی کۆمۆنیستی کاریگەریی ئێران - حیکمەتیست)، (سازمانی فەداییان ئەقەلییەت)، (سازمانی ڕاهی کارگەر)، (ئیتحادی سۆشیالیستی کارگەری)، (هەستەی ئەقەلییەت)، (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستیی لە عێراق)، (ڕێکخراوی سۆشیالیستە کرێکارییەکانی ئەفغانستان)، (ڕێکخراوی ژنانی ٨ی مارس، ئێران - ئەفغانستان)، وە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و کرێکاری و چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنانی ئێران بەشداربوون.

ڕۆژی یەکەم و دووەمی کۆنگرە، گفتووگۆ لەسەر دوو بابەت ئەنجامدرا، یەکەم باسی بارودۆخی جیهانی ئەمڕۆ، جێگەوڕێگە و ڕۆڵی کۆمۆنیزم، دووەمیش بارودۆخی ئێران بوو بەناوی (بزووتنەوەی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی لە گرەوی پێشڕەوی بزووتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکاردایە).

هاوڕێیانی شاندی ڕێکخراومان بەشداری چالاکانەیان کرد لە گفتووگۆ و سەرنجدان لەسەر باسەکان.

لە پەراوێزی کۆنگرەشدا، هاوڕێیانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لەگەڵ هاوڕێیانی شاندی حزب و ڕێکخراوەکانی تری ئێران و لەگەڵ هاوڕێیەکی (ڕێکخراوی سۆسیالیستە کرێکارییەکانی ئەفغانستان) گفتووگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەیان ئەنجامدا.

شایەنی باسە پەیامی ڕێکخراومان کە لە کۆنگرەدا خوێندرایەوە، لە ماڵپەڕەکان و لە بڵاوکراوەکانی (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) و (کۆمەڵە)، وە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیانەوە بڵاوکراوەیەوە. کە لێرەشدا لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکەماندا ئەو پەیامە بڵاوکراوەتەوە و دەتوانن بیخوێننەوە.

ئامادەبوونی ڕەسمی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەو کەشوهەوایەی کۆنگرەکەی تێدا بەسترا، لەناو بارودۆخی قەیراناوی جیهانی سەرمایەداری و خرۆشانە جەماوەرییەکان و ئەو کێشمەکێشانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادان، هەرچی زیاتر کۆمەگی دەکات بە جێکەوتن و پتەوبوونی جێگەوڕێگەی ڕێکخراومان لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە پێویستن بۆ بەهێزکردن و بردنە پێشەوەی خەباتی چینایەتی و ئینتەرناسیونالیزم.

## بەیاننامەی (ژنانی ڕاپەڕین - نساء الإنتفاضة)

## با هاوپشتی یەکتر بین بۆ شکستپێهێنانی پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩

لە جەرگەی چەندین قەیرانی قووڵ و دۆخی سیاسیی کارەساتباردا کە عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت، هێزە ئیسلامییە تایفەگەرەکان، لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، خەریکی بەهەژارکردنی هاووڵاتیان و داسەپاندنی توندترین جۆری پێشێلکاریی بوون لە ژیان. ئەوەتا ئەمڕۆش، لەڕێگەی بە ئامانجگرتنی ژنانەوە، وەک دوایین هێرشی کۆنەپەرستانەیان بەردەوامی بە سیاسەتە سەرکوتگەرییەکانیان دەدەن، کە پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)یە، کە ئەم یاسایە بە یەکێک لە باشترین یاساکانی ناوچەکە دادەنرێت، کە پلەیەک لە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادەیەکیش لە پاراستنی ژنان و منداڵان مسۆگەر دەکات، ئەم مافانەی کە بە تێکۆشان و قوربانیدانی چەندین ساڵەی ژنان، لەناو کۆمەڵگەیەکی بۆرژوازی و پیاوسالاری و خێڵەکیدا توانراوە بەدەست بهێنرێت.

پەرلەمانی عێراق لە کۆتایی مانگی تەمموزی ڕابردوودا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هەمواری ئەو یاسایەی سەرەوە بە ئەنجام گەیاند، وەک هەوڵدانێکدا بۆ گۆڕینی ئەم یاسایە بە یاسایەکی کۆنەپەرست کە هەموو مافەکانی ژنان پێشێل بکات و مرۆڤایەتییان بسڕێتەوە و کۆیلایەتی و پلە نزمییان بەسەردا بچەسپێنێت. هەموارکردنەوەکە چەند شتێک دەگرێتەخۆی لەوانە شەرعیەتدان بە تاوانی فرۆشتن و دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان و بازرگانیکردن بە منداڵانی مێینەوە، تەنانەت لە ڕۆژی لەدایک بوونیانەوە، هەروەها ئەم هەموارکردنەوەیە ئەو دایکانەی کە چاودێری مناڵەکانیان دەکەن بێبەشیان دەکات لە نەفەقە و هەژاریان دەکات، ئەگەر پیاوەکە چێژ لە پەیوەندی سێکسی وەرنەگرێت، لە ڕێگەی یاسای هاوسەرگیری موتعەوە، یان ئەوەی پێی دەوترێت "الزواج المنقطع"، جگە لەوەی ژنەکە لە چاودێریکردنی منداڵەکانی، و لە مافی میرات وەرگرتن بە تایبەت لە خانووبەرە بێبەش دەکات. هەروەها، گرێبەستی هاوسەرگیری بە سەرپەرشتی تەواوی پیاوانی ئایینی و دامەزراوەکانیان دەبێت، و ڕۆڵی دادگا مەدەنییەکان لە کێشەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و میراتدا هەڵدەوەشێنێتەوە.

لە کاتێکدا کە دۆخەکە پێویستی بەوەیە کە وڵات لە هەژاری و بێکاری و نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانی وەک تەندروستی و پەروەردە و خانووبەرە و ئاو و سووتەمەنی و کارەبا... هتد، ڕزگار بکرێت، و کار لەسەر یاسا مۆدێرنەکان بکرێت کە لەگەڵ خواستەکانی جەماوەردا دەگونجێ و کۆمەڵگا دەپارێزێ و بەرگری لە ماف و دەستکەوتەکانی ژنان دەکات، بەڵام ئەم هێزانە لە هەوڵی سەپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیاندان و دەمانگەڕێننەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست.

دەسەڵات هەر بەوە نەوەستاوەتەوە کە هەوڵی سەپاندنی ئەم یاسایە بدات، بەڵکو بە خۆی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی و سوپا ئەلیکترۆنیەکانی و دامەزراوە ئاینیەکان و پەرلەمانی تائیفیشیانەوە، هەڵمەتێکی سیستەماتیکیان بەڕێخستوە لە دژی هەموو ئەوانەی نارەزایەتیان بەرامبەر ئەم هەموارکردنە دەربڕیوە، هەروەها دەسەڵاتی میلیشیاکانیشیان بەکارهێناوە بۆ وەڕێخستنی هەڵمەتی چەواشەکارانە، دژ بەو چالاکوان و ڕێکخراوە و حزبانەی کە هەموارکردنەکەیان ڕەتکردۆتەوە، تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیش.

وەستانەوەیەکی جەسورانە دژ بە ئیرهابی دەسەڵات و ڕەوتە باڵادەستەکانیان، و هەوڵەکانیان بۆ چەسپاندنی ئەم هەموارکردنەوەیە، ئەرکێکی خەباتکارانەیە کە دەکەوێتە سەر شانی ئێمەی ژنان، هەروەک ئەرکی چینی کرێکار و هێزە سۆسیالیستەکان و هەموو ئەو پێشکەوتنخوازانەشە کە پرسی ڕزگاری ژنان بە ئەولەویاتی خۆیان دادەنێن لە دژی ئەم هەوڵە کۆنەپەرستانایە بوەستنەوە.

ئێمە لە (ژنانی ڕاپەڕین – نساء الإنتفاضة) بە توندی ئەو هەوڵە بێ ئابڕوانە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ڕەتدەکەینەوە، هەروەها هەموو تۆقاندن و دەستدرێژی کردنێک ئیدانە دەکەین بۆ سەر ئەو کەسانەی کە نارەزایەتیان هەیە بەرامبەر بەو هەموارکردنەوەیە، وە بانگەوازی هەموو هێزە ئازادیخوازەکان دەکەین بۆ هاوپشتی ژنانی عێراق بەرامبەر ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی کە هەوڵدەدەن ژنان بکەنە کاڵایەک، و ڕۆڵ و مرۆڤایەتییان لێ زەوت کەن.

(ژنانی ڕاپەڕین – نساء الإنتفاضة)

٤-٩-٢٠٢٤

## بەیاننامەی (ڕێکخراوی ئازادی ژن)، سەبارەت بەو هەموارکردنەوانەی کە پێشنیار کراون لە یاسای باری کەسێتیدا

(ڕێکخراوی ئازادی ژن) بێ ئەملاولا ئەو پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە کە لە پەرلەمانی عێراق گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩). ڕێکخراوەکە ئەم هەموارکردنەوانە بە پێشێلکارییەکی جددی و ترسناک لە مافی تاکەکان؛ بەتایبەتی ژنان و منداڵان دەزانێت، و شێوازەکانی هەڵاواردن و هەژموونی پیاوسالاری دادەمەزرێنێتەوە کە ناکۆکن بە بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی.

ئەو هەموارکردنەوانەی کە پێشنیارکراون، سەپاندنی چاودێری دامەزراوەی ئاینییە بەسەر هەموو هاوسەرگیرییەکانی عێراقدا، کە ئازادی تاکەکان سنووردار دەکاتەوە لە هەڵبژاردنی جۆری ئەو گرێبەستە هاوسەرگیرییەی کە لەگەڵ خواستە کەسییەکانیاندا بگونجێت.

لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کولتووری، زۆرێک لە تاکەکان پێیان باشە لە ڕێگەی دادگاوە گرێبەستی هاوسەرگیری مەدەنی ئەنجام بدەن، نەک پابەندبن بە هاوسەرگیری ئایینی. ئەم هەموارکردنەوەیە ئەم مافە سەرەتاییە لەنێودەبات و کۆتوبەندی نەریتی پتەودەکات دژ بە ئازادی تاکەکان لە بڕیاردانی خۆیان.

(ڕێکخراوی ئازادی ژن) پشتیوانی لە مافی تاکەکان دەکات بۆ هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان بە ئازادییەکی تەواوەوە، بەبێ گوێدانە هەر پەیوەندییەکی ئایینی. ڕێکخراوەکە بە توندی هەر هەوڵێک ڕەت دەکاتەوە بۆ سەپاندنی گرێبەستی هاوسەرگیری لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەی کە دان بە یەکسانی ژن و پیاودا نانێن، ڕێکخراوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم سیاسەتانە مافی سەرەتایی تاکەکان زەوت دەکات و هەڵاواردن دەچەسپێنێت.

ئەمە و ئەو هەموارکردنەوانەی کە پێشنیارکراون ژنان بێ بەش دەکات لە مافی میرات، کە پەراوێزخستنی ئابوری و کۆمەڵایەتی ژنان زیاتر دەکات، هەروەها هانی هاوسەرگیری کچانی منداڵ دەدات، کە هەڕەشە لە ژیانی منداڵییان دەکات و دەبێتە مایەی نەهامەتی و بەهرەبەرداری کردن لێیان.

هەروەها ئەم هەموارکردنەوانە شێوازێکی زاڵبوون بەهێز دەکەن کە پیاوە دەکاتە کۆنترۆڵکەری سەرەکی جەستەی ژنەکەی، بەمەش مافی ژنەکەی لەنێودەبات و دەیکاتە تەنها ملکەچێکی دەسەڵاتی هاوسەرگیری.

وێڕای ئەوەش، هەموارکردنەوەکە ئەو غەرامانە لادەبات کە خراوەتەسەر هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا، کە قەیرانە خێزانییەکان ئاڵۆز دەکات و پشێوی پەرەپێدەدات لە ڕێکخستنی کاروباری خێزان. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر خێزانە عێراقییەکان بەگشتی و لەسەر ژنان بەتایبەتی، وە بەهرەبەرداری لە ژنان زیاد دەکات، کێشە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی ئاڵۆزتر دەکات، ئەمەش هۆکارە بۆ ئاژاوەگێڕیی بەربڵاو و پەرشوبڵاوی خێزانی.

ئەم هەموارکردنەوانە بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەڵاواردن پیادە دەکات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی تائیفەگەری و دابەشبوون لەناو کۆمەڵگادا. ئەم هێزە سیاسیانە لەبری ئەوەی یەکریزی و فرەچەشنی بەرەوپێش ببەن، کەلێنی نێوان مەزهەبە ئایینییە جیاوازەکان قووڵتر دەکەنەوە و کەمینەکان پەراوێز دەخەن.

داوا لە پەرلەمانی عێراق دەکەین بە وریایی و بابەتییەوە چاو بەو هەموارکردنەوانەدا بخشێنێتەوە، هەروەها پابەندی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت.

سیستەمی یاسایی دەبێت ڕەنگدانەوەی بەهاکانی سەردەمی مۆدێرن بێت و پاراستنی مافەکانی هەموو تاکەکان پتەو و بەهێز بکات، وە ئاراستەکراوبێت ڕووەو پەسەندکردنی یاسای (پاراستن لە توندوتیژی خێزانی) و یاسای (پاراستنی منداڵ) بێت، نەک سیستەمێکی یاسایی بێت کە هەڵاواردن و دابەشبوون پتەو بکات.

ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە پێویستە کار بکرێت بۆ سیستەمێکی یاسایی کە یەکسانی و دادپەروەری بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بچەسپێنێت، و ڕێز لە مافەکانی ژنان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان مسۆگەر بکات.

داوا لە هەموو هێزە چەپەکان و ئەو ڕێکخراوانە دەکەین کە سەروکاریان بە مافەکانی ژنان و منداڵانەوە هەیە، وە داوا لە هەر مرۆڤێک دەکەین کە دڵی بۆ مرۆڤایەتیدا لێدەدات، و درک بە مەترسیەکانی ئەم هەموارکردنەوەیە و ئەو کێشە مەترسیدارانە و ئەو سەرەولێژە ترسناکە دەکەن کە ئەم هەموارکردنەوە دەیهێنێتەدی، بەرامبەر هێزەکانی دەسەڵات بوەستێتەوە و ئەم هەموارکردنەوانە ڕەتبکەنەوە.

ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق / ٢٤ تەمموزی ٢٠٢٤

# بەریتانیا: سەرکەوتنی ستارمەر قۆناغێکی نوێ لە قەیرانی بێکۆتایی

ڕۆب سوێڵ

وەرگێڕان: ڕۆژنامەی ڕەوت

(تۆری)سیەکان (حزبی پارێزگارانی بریتانیا) تووشی شکستێکیماڵوێرانکەر هاتن (لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا) کە ڕێگەی دا بە (ستارمەر) (سەرۆکی حزبی کرێکارانی بریتانیا) بە زۆرینەی دەنگ بچێتە ناو کۆشکی دەسەڵاتەوە لە شەقامی (داونینگ ستریت ژمارە ١٠) لە لەندەن. بەڵام ئەم حکومەتە نوێیەی (حزبی کرێکاران) حکومەتی قەیرانێکی سەخت و توندوتیژ دەبێت، بۆیە کرێکاران و گەنجان دەبێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ خەبات. جا وەرن و پەیوەست بن بە (حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ)ەوە لە بریتانیا!

دوای (١٤) ساڵ لە هێرش و داسەپاندنی سیاسەتی کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان و سکهەڵگوشینی دڕندانە، ئێستا بەدڵێکی خۆشەوە پێشوازی لە دۆڕانێکی ئابڕوچوانەی (ڕیشی سوناک) و تاقمە تاوانبارەکەی لە (حزبی پارێزگاران) دەکەین.

ئەم گورزە بەڕاستی گورزێکی گەورەی مێژوویی بوو کە بەر (تۆری-حزبی پارێزگاران) کەوت، ئیتر دوای لەدەستدانی (٢٥١) کورسی ئەم حزبە بووە بە گروپێکی بێدەسەڵات. ئەمە گەورەترین گورزێکی شەرمەزارکەر و زەلیلکەر بوو کە بەر (تۆری-حزبی پارێزگاران) کەوتووە لە مێژووی نزیکە بە (٢٠٠) ساڵەی خۆیدا.

زۆرێک لە ئەندامانی سەرەکی حزبەکە کورسییەکانی خۆیان لەدەستداوە، لەوانە و بۆ نموونە: سەرۆک وەزیرانی پێشوو (لیز تراس)، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران (پێنی مۆردۆنت)، وەزیری بەرگری (گرانت شاپس) و وەزیری کۆنەپەرستی توندڕەو (جاکۆب ریس مۆگ).

یەکێک لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە کورسییەکەی خۆی لەدەست دابوو، لە دەزگای پەخشی (ب.ب.سی-BBC)ەوە وتی "سوپاس بۆ خوا ئێستا ئازادم. مەسەلەکە کۆتایی هات و من دڵخۆشم." ئەمە قەبارەی ئەو نائومێدیەیە کە زاڵە بەسەر ئەم کۆمەڵە کەسە لە خەڵکی ماستاوچی و سەرکێش، کە هەمیشە دەیانزانی چ شتێک چاوەڕێیان دەکات.

ئەم هاتنەخوارەوە سەرەولێژە توند و حەیابەرەی حزبی سوننەتی سەرمایەداری بەریتانیا، کە سەردەمانێک چینە دەسەڵاتدارەکان لە سەراسەری جیهاندا ئیرەییان پێ دەبرد، ڕەنگدانەوە قەبارەی ئەو بوومەلەرزە سیاسییەیە کە بەریتانیای هەژاندووە.

### دارمانی زەوی؟

جێی سەرسوڕمان نییە کە سوودمەند لە شکستی (تۆری -حزبی پارێزگاران)، (حزبی کرێکاران) بوو بە ڕابەرایەتی (ستارمەر)، بەڵام ئەم حزبە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا زۆرینەیەکی زەبەلاحی (١٧٠) کورسیی هەیە، کەچی ژمارەی ئەو کەسانەی دەنگیان پێی داوە زیاتر لە نیو ملیۆن کەس دابەزیوە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠١٩)ەوە.

ڕاپرسییەکی (YouGov) پێش هەڵبژاردن دەریخست کە لەسەدا چل و هەشت (٤٨٪)ی ئەوانەی دەیانەوێت دەنگ بە (حزبی کرێکاران) بدەن بۆ "وەدەرنانی حزبی تۆری"یە لە دەسەڵات، وە تەنها لەسەدا پێنج (٥٪)ی دەنگدەران هۆکاری سەرەکی دەنگدانیان گەڕاندۆتەوە بۆ سیاسەتەکانی (حزبی کرێکاران) و تەنها لەسەدا یەک (١٪)یش وتیان لەبەرخاتری ڕابەرایەتی (ستارمەر) دەنگ بەو حزبە دەدەن.

بەم شێوەیە زۆرێک لە دەنگدەران کاتێک لەسەر سندوقی دەنگدان (حزبی کرێکاران) یان هەڵبژارد، لووتی خۆیان گرتبوو (تا بۆگەنی ئەو حزبە نەچێت بە لوتیاندا)، چونکە بەواقعی هیچ بەدیلێکیی تریان نەدەبینی و هیچ هیوایەکیشیان بەوە نەبوو کە ئەمە ئاڵوگۆڕێک لە مەسەلەکاندا دێنێتەگۆڕێ.

هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم پێشڕەویە بەرچاوەی (حزبی کرێکاران) دارمانی بنکەی دەنگدەرانی (تۆری -حزبی پارێزگاران) بوو کە زۆرێک لە دەنگەکان چوون بۆ (حزبی ڕیفۆرم) لە بریتانیا بە سەرۆکایەتی (فاراج).

(حزبی پارێزگاران - تۆری) شەش و لەدەدا هەشت (٦.٨) ملیۆن دەنگ واتا لەسەدا بیست و سێ و لەدەدا حەوت (٢٣.٧٪)ی بەدەستهێنا، وە (حزبی ڕیفۆرم) (٤) ملیۆن دەنگ، لەسەدا سێزدە و لەدەدا چوار (١٣.٤٪)ی بەدەستهێنا، کۆی دەنگی هەردووکیان دە و لەدەدا هەشت (١٠.٨) ملیۆن واتا لەسەدا سی و هەشت (٣٨٪)ی هەموو دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، کە ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو زیاترە لە دەنگەکانی (حزبی کرێکاران) کە نۆ و لە دەدا هەشت (٩.٨) ملیۆن واتا لەسەدا سی و چوار (٣٤٪)ی بەدەستهێناوە.

شایەنی باسە دەنگدان بە (حزبی کرێکاران) کە بە ڕێژەی سەدی کۆی دەنگدەران هەژماری بۆ دەکرێت، دەگاتە کەمێک زیاترە لەسەدا بیست (٢٠٪). ئەمە مانای ئەوەیە کە تەنها یەک لە پێنج دەنگدەر چالاکانە پشتگیری لە (حزبی کرێکاران) دەکات. لە هەمان کاتدا، لە سەدا چل (٤٠٪)ی دەنگدەران دەنگیان نەداوە، ئەمەش بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە ڕێژەی حەوت و لەدەدا چوار (٧.٤) خاڵ زیادیکردووە، کە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە توێژگەلێکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان حزبە ڕکابەرە سەرەکییەکاندا نابینن.

بەڵام بەپێی ئەو سیتمە کە (هەر حزبێک زۆرینەی دەنگەکان) بەدەستبهێنێت براوەیە، (حزبی کرێکاران) بوو بەیەکەم ئەویش چونکە دەنگدەرانی بەرەی ڕاست (گەرچی زۆرینەشن بەڵام) یەکگرتوو نەبوون و دابەش بوون. هەموو ئەمانەش واتای ئەوەیە کە لایەنگرییەکی گەورە لە ئارادا نییە بۆ (ستارمەر) و دارودەستەی خزمەتکاری ئەم ڕژێمەی ئێستا.

### بێ متمانەیی

ڕاددەی گومان و بێ متمانەیی بەرامبەر حزب و سیاسەتمەدارە نەریتییەکان زۆر بەرجەستە و ئاشکرایە. ڕاپرسیەک کە لەم دواییانەدا (YouGov) پێی هەڵساوە، دەریخستووە کە نزیک بە نیوەی ئەوانەی لە ڕاپرسییەکەدا بەشدار بوون پێیان وایە (ستارمەر) جێگەی متمانە نییە، ئەمەش ئاستێکی پێوانەییە لە بێ متمانەیی.

ڕۆژێک بەر لە هەڵبژاردن کچێک بەناوی (ئەلێکساندرا) لە لەندەن وتی: "هەست بەتووڕەییەکی زۆر و بێ هیوایی دەکەم بەرامبەر ڕابەران و ئەندام پەرلەمانەکانی حزبمان، بەڕاددەیەک کە ئێستا لە خۆم دەپرسم ئایە بە واقعی دەنگەکەی من چ کاریگەرییەکی دەبێت" وە لە درێژەی قسەکانیدا وتی "هیچ ئایندەیەکی درەخشان نابینمەوە بۆ وڵاتەکەم و بۆ ئابووری و بۆ کەرتی گشتی خزمەتگوزارییەکان، چونکە هەر حزبێک سەرکەوتنی پەرلەمانی بەدەست بهێنێ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت".

دەنگدەرێکی تریش کە ماوەیەک بەر لە هەڵبژاردن ڕۆژنامەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرد وتی: "مەسەلەکە وەک ئەوە وایە هەوڵبدەی بەدەستی خۆت ئەو نەخۆشیە هەڵبژێریت کە بتەوێت توشی بیت، لەو نەخۆشیانەی (STD) کە توشی ئەندامی زاوزێ دەبن".

ڕۆژنامەی (فایناشناڵ تایمز) ئەم بابەتەی کورت کردۆتەوە و نووسیویەتی "لە ژێر پەردەی ئەم سەرکەوتنە مێژووییەی (حزبی کرێکاران)دا زەنگی ترسناک لێ دەدرێت". ڕێژەی ئەو خەڵکانەی بریتانیا کە لەو باوەڕەدان حزبەکەی (ستارمەر) لە کێشە و گرفتەکانی (بریتانیا) تێ دەگات بە شێوەیەکی پێوانەیی نزمە، هەر هەمان ڕێژەی نزمی پێوانەیش هەیە لای ئەو خەڵکانەی کە لەو باوەڕەدان (حزبی کرێکاران) وەفادار بمێنێتەوە بە بەڵێنەکانی خۆی. وە ئەم ڕێژەیەش زۆر کەمترە لەو ڕێژەیەی کە لە ئارادا بوو کاتێک (بۆریس جۆنسۆن)ی سەرەک وەزیرانی (پارتی پارێزگاران) دەستبەکار بوو".

ئەم بێزارییە هێندەی تر پەرەی سەندووە بەهۆی هەڵوێستی تاوانکارانەی سەرکردەکانی (حزبی پارێزگاران) و (حزبی کرێکاران) بەرامبەر بە کۆمەڵکوژی (غەززە)، ئەمەش لەوەدا ڕەنگدانەوەی خۆی بینی کە ژمارەیەکی زۆری دەنگە نارازییەکان چوو بۆ چەند کاندیدی سەربەخۆی لایەنگری فەلەستین.

شایەنی باسە (جێمی کۆربن) کە چەپگەرا و سەرۆکی پێشووی (حزبی کرێکاران) بوو، وە (ستارمەر) لە حزب کردیە دەرەوە، سەرکەوتنێکی زۆر بەرچاوی بەدەستهێنا لە هەڵبژاردندا وەک کاندیدێکی سەربەخۆ لە ناوچەی (ئیسلنگتۆن نۆرث-Islington North).

هەروەها لە چەند ناوچەی تریش وەک لە (Blackburn) و (Dewsbury) و (Leicester South) و (Birmingham Perry Barr)

ئەو کاندیدە سەربەخۆیانەی کە لایەنگری فەلەستینیەکان بوون سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و کورسی پەرلەمانیان لە دەست (حزبی کرێکاران) هێنایە دەرەوە.

هەروەها لە چەند ناوچەیەکی تریش کاندیدی سەربەخۆ توانیان دەنگی زۆر کۆبکەنەوە، بەڵام نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەندام پەرلەمانە دەستەڕاستییەکانی (حزبی کرێکاران)




بۆ ل١١

ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# با پێکەوە لە ڕیزێکی یەکگرتوودا بووەستینەوە بۆ پەکخستنی ئەو هەوڵانەی لە ئارادان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی

**ڕۆژی یەکشەممە (٤-٨-٢٠٢٤) پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی ئەنجامدا بۆ پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩).**

ئەم یاسایە سەرەڕای ئەو هەموو کەلێنە زۆرانەی کە تێیدایە، وە سەرڕای ئەوەی کە نوێنەرایەتی ڕێباز و فکری بورژوازی فەرمانڕەوا و ڕژێمە عەسکەرتارییەکەی دەکات، بەڵام لانی کەمی مافەکانی بۆ ژنان دەستەبەر کردووە، وەک ئەوەی کە بەخێوکردنی منداڵ بە مافی دایک دادەنێت تا تەمەنی پانزە (١٥) ساڵ، جا دوای ئەو تەمەنە منداڵ بۆی هەیە کێ هەڵبژێرێت و لای کێ بمێنێتەوە، هەروەها ئەم یاسایە سنورێکیشی داناوە بۆ بەشودانی منداڵانی خوار تەمەن (١٨) ساڵ، وە لێ پێچینەوە دەکات لە هاوسەرگیری دەرەوەی دادگاکان، وە دەستێوەردانی پیاوانی ئایینی و دامودەزگاکانیان سنوردار دەکاتەوە لە مەسەلەی نومێردایەتی و جیابوونەوە و میرات و شتی تری لەو بابەتە کە پەیوەندییە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخات.

پڕۆژە یاسای پێشنیارکراو دوژمنایەتی ڕاشکاوانەی ڕژێمی فەرمانڕەوا و دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەردەخات، بەرامبەر بە ژنان و منداڵان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، وە لە هەمانکاتدا هەوڵی ئەم ڕژێمە و جەمسەرە فەرمانڕەواکانی دەردەخات، بۆ چەسپاندن و پابەندبوون بە تایەفەگەری و خێڵگەرایی و دامەزراوە ئایینییەکان، وەک ئامرازێک بۆ درێژەدان بە تەمەنی ڕژێمەکەیان، کە لەناو قەیرانێکی بەردەوام و ئاڵۆزدا دەژیت، بۆیە بە ئەنقەست جارجارە چەند پرسێک دەوروژێنێت و یاسا دادەڕێژێ، وەک ئەم پڕۆژە یاسایەی ئێستا، و پێشتریش دانانی یاسای (جەژنی غەدیر)، و پڕۆژە یاسای (ناوەڕۆکی داتای دیجیتاڵی)، و مافی خۆپیشاندان و شتی تری لەم بابەتە. بەم شێوەیە دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا دەکێشێ و هەر دەنگێک یان بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنیش سەرکوت دەکات لە ڕێگەی ئەم یاسایانەوە.

لە کاتێکدا جەماوەر لە عێراق بەدەست کاریگەری قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری درێژخایەن و ماڵوێرانکەرەوە دەناڵێنێ، کە بێکاری لەنێو ملیۆنان گەنجدا بەربڵاوە و خەڵکێکی زۆر بەدەست هەژاری و گرانی تێچووی ژیانەوە دەناڵێنن، وە لە جەرگەی زیادبوونی نارەزایەتی و تورەیی ئەم جەماوەرە بەرامبەر بە دەسەڵاتی میلیشیایی گەندەڵ کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا تاڵان دەکات، و سەرەتاییترین ئازادییە مەدەنی و تاکەکەسییەکان سەرکوت دەکات، بەڵێ ئا لەم کاتانەدا هێزەکانی یەکگرتوو لە (چوارچێوەی هەماهەنگی)دا لە ڕێگەی کۆمەڵێک پەرلەمانتاریانەوە، بەهرەبەرداری لەم بارودۆخە دەکەن بۆ لەباربردنی نەفرەت و تورەیی جەماوەر، ئەویش بە دەستپێکردنی گەورەترین هێرشی کۆنەپەرستانە بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی ژنان و دەستکەوتە مێژووییەکانیان.

ئەمە و لە کاتێکدا هێزەکانی ئیسلامی سیاسی ئەم پڕۆژەیە دەخەنە ڕوو کە عێراق زیاتر و زیاتر دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ پیادەکردنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و ئەمنی و جیۆئابوورییە ڕژێمەکانی ئێران و ئەمریکا و تورکیا، ئەمە و خستنەڕووی ئەم پڕۆژە یاسایە لەنێو هەڵکشانی مەترسییەکانی بەرفراوانبوونی جوغزی شەڕی جینۆسایدی ئیسرائیل دایە لە کەرتی غەززە و گۆڕینی بۆ شەڕێکی ناوچەیی.

هێزە کۆنەپەرستەکانی فەرمانڕەوا سەرەڕای گرتنەبەری چەندین شێوەی سەرکوت لە دژی ژنان، تا ئێستا نەیانتوانیوە یاساکانی پەیوەست بە مافەکانی ژنان هەموار بکەنەوە و هەموو هەوڵەکانیان لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە شکستی هێناوە، بەڵام لە هاتنی پەرلەمان و حکومەتی (چوارچێوەی هەماهەنگی) بە هاوبەشی هێزە تائیفییە سوننەییەکان و هێزە ناسیۆنالیستەکانی کورد، زنجیرەی یاسادانانی کۆنەپەرستانە دەستی پێکردووە تا لە ڕێگەیانەوە چەپۆکیان بەسەر کۆمەڵگەدا بەهێزتر بێت و ڕێژێمێکی ئیسلامی فاشیستی هاوشێوەی ئەو ڕێژیمەی (کۆماری ئیسلامی ئێران) دامەزرێنن.

ئەم هەوڵە بێ دەربەستەیە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی، دەربڕینێکی ڕوونە لە ڕوانگەیەک کە بەچاوێکی نزمەوە سەیری ژنان دەکات، و زیادەڕەویکردنیشە لە ستەمکردن لێیان و لە مافی ژیانیان، بۆیە ڕەشنووسی ئەم یاسایە دادگا مەدەنییەکان دادەماڵێت لە دەرکردنی هەر بڕیارێک لە بەرژەوەندی ژنان، و کاردەکات بۆ گواستنەوەی کاروباری کەسێتی ژنان و بڕیارە کەسییەکانیان بۆ دەستی پیاوانی ئایینی بە تەواوەتی لە ڕێگەی ئەوقافی سوننی و شیعی و مەرجەعە ئایینییەکانەوە، ئەوەش کۆنترۆڵی کڵێسامان بیردەخاتەوە بەسەر ژیانی کەسێتی و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیاندا لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا.

وەستانەوە بە هەموو توانایەکەوە بەرامبەر بە یاسایی کردنی ئەم پڕۆژە یاسا کۆنەپەرستانەیە، ئەرکێکی خەباتگێرانەی هەموو هێزە ڕزگاریخواز و فێمێنیست و سۆسیالیست و عەلمانییەکان پێکدەهێنێت، چونکە ئەرکی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و منداڵان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی وەستانەوە لە دژی هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامی و خێڵەکیی و ناسیونالیستەکان، و هەر دەستکەوتێکیش بۆ بزووتنەوەی فێمینیستی ڕزگاریخواز سەرکەوتنە بەسەر پڕۆژە جۆراوجۆرەکانی هێزە بۆرژوازییەکاندا، بەهەمان شێوەش هەر پاشەکشەیەک لەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوون بۆ ژنان لە ماوەی دەیان ساڵی خەباتدا، نەک هەر تەنها شکستێکە لەسەر ئاستی مافەکانی ژنان، بەڵکو شکستێکیشە لەسەر ئاستی تەواوی خەباتی سیاسی ئازادیخوازیشدا.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، دژ بە یاسایی کردنی ئەم پڕۆژە یاسا سەرکوتگەر و ڤێزەونە دەوەستێتەوە، داواش لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە نارازین بە یاسایی کردنەکەی و لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی تەواو لەنێوان ژن و پیاودا، ڕیزێکی خەباتکارانەی بەرفراوان و بەهێز پێکبهێنن بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە.

لەم چوارچێوەیەدا، ڕێکخراوەکەمان بانگەوازی جەماوەری نارازی و ئەو هەڵمەتانە دەکات کە دژی ئەم پڕۆژە یاسایەن، تا ڕیسواکاری لەسەر برگەکانی بکەن، وە لە ڕێگەی گردبوونەوە و خۆپیشاندان و چالاکی جۆراوجۆرەوە دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی لەسەر ژنان و منداڵان و کۆمەڵگا بە گشتی ڕوون بکەنەوە و لێک بدەنەوە.

هەروەها (ڕێکخراوی بەدیل) هەموو ئازادیخوازان لە سەراسەری جیهان بانگەواز دەکات بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەم پڕۆژە یاسایەدا لەمیانەی فشار خستنەسەر ئەم ڕژێمە لەپێناو ڕێگریکردن لە بەیاسایی کردنی و پشتیوانی کردن لە هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئەو بەیاسایی کردنە.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٦-٨-٢٠٢٤

# هەموارکردنەوەی کۆنەپەرستانەی یاسای باری کەسێتی، دیاری ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانە ئیسلامییەکانیەتی بۆ ژنان لە عێراقدا



موئەیەد ئەحمەد

ڕەوت و حزبەکانی ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتدار لە عێراق لەنێو ئەو بەڵگانەی کە جەختی لەسەر دەکەنەوە و پێی لەسەر دادەگرن بۆ ساغکردنەوەی ئەو پڕۆژەیەی کە هەیانە، بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)، ئەو بەند و برگەیەیە کە لە مادەی (٢)ی دەستووری ئێستای عێراقدا هاتووە. خوێنەرانی خۆشەویست دەتوانن لەم لینکەی خوارەوەی ئەم وتارەدا زانیاری زیاتر لەسەر هۆکارێک کە لایەنە ئیسلامیەکان باسی لیوەدەکەن بۆ هەموارکردنەوەکە، بخوێننەوە. (١)*

مادەی دووەمی دەستووری عێراق دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە "ناکرێ هیچ یاسایەک دەربکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە پایەدارەکانی ئیسلامدا". ئەمەش جەوهەری بابەتەکە، و دڵی مەسەلەکەیە، و مانای ئەوەیە کە کێشەکە لە دەستووردایە. یان دەستورێکی مەدەنی -عەلمانیەتت هەیە یان دەستورێکی ئایینی، و ناکرێ ئەو دووانە پێکەوە بگونجێنرێن و یەکبخرێن.

بەدەر لە ڕەخنەی سۆشیالیستیمان لە دەستوور، و بەدەر لەوەی کە دەستوری عێراق لە جەوهەردا دەستوورێکە بۆ ڕێکخستنی سیستەمی حوکمرانی بۆرژوا ناسیۆنالیستی و ئیسلامی لەم وڵاتەدا، ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە دەستورێکی بۆرژوازیی مەدەنی و عەلمانییەوە هەبێت، یان دەستوورێکی ئایینی، ئەوا دەستووری عێراق تێکەڵەیەکی ئەو دووانەیە و ئەوەی کە تێیدا باڵادەستە، دووەمیانە، واتە ئایدیۆلۆژی دینی، و ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بیانووەکان بەدەستی ئەم ئیسلامییە سیاسییە پیاوساڵارانە و نوێنەرانیان لە پەرلەمان بۆ ئەوەی هەر تاوناتاوێک هێرش و هەڵمەتی دڕندانەی پەرلەمانی وەریبخەن بەدژی ژنان و سەرەتاییترین مافەکانیان و ئازادییە مەدەنی و تاکەکەسییەکانیان.

شۆڕشە بۆرژوازییە جیهانیەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانیان لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە بەریتانیا و هەژدەهەم لە فەرەنسا و نۆزدەهەم لە ئەڵمانیا و کیشوەری ئەوروپا، و لە ململانێیان لەگەڵ فیۆدالیزم و سیستەمی دەسەڵاتداری سیاسی موتەڵەق و ئایدۆلۆژیای ئایینی مەسیحی، توانیان، بە پلەی جیاواز لە ڕوونی، سیستەمی سیاسی بورژوازی بنیات بنێن لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و سیستەمی پەروەردە، و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی هاووڵاتیان لە دەستوورەکاندا بە شێوەیەک کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ خاوەنداریەتی تایبەتی بورژوازی، و پێداویستییەکانی گەشەی سەرمایە و سەرمایەداری. دامەزراندنی دەوڵەتی مولحید، واتە ئەو دەوڵەتەی کە هیچ ئایینێکی فەرمی نییە، تا ڕادەیەکی دیاریکراو بوو بە واقیعی ئەو سەردەمە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی هاوچەرخ و توندبوونەوەی قەیرانەکانی و هەڵگیرسانی شەڕە جیهانییەکان و دواکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانی و هەژموونی کۆنەپەرستی سیاسیی بۆرژوازی لە هەموو ڕوویەکەوە، سەرهەڵدانی فاشیزمی بۆرژوازی لە هەموو فۆرم و جۆرێکدا بووە تایبەتمەندی ئەم سەردەمە لە هەموو بەشەکانی جیهان. پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو پاڵنەرە گەورەیەی بە خۆیەوە دی دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا، بەشێکی ئۆرگانیکی ئەم پێشهاتە کۆنەپەرستانەیەی جیهانە.

سەرمایەداریی ئیمپریالیستی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە و هەروەک لینین لە کتێبی ئیمپریالیزم، بەرزترین قۆناغی سەرمایەداریدا، ئاماژەی پێدەکات، بەردەوام زاڵبوونی کۆنەپەرستییەتی سیاسییە لە سەرانسەری وڵاتانی ئیمپریالیستیدا.

ئەو دەستوورەی کە ئێستا عێراق بەڕێوە دەبات، بەرهەمی شەڕی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە بۆ سەر عێراق و لە سەرووی هەموو شتێکەوە ڕەنگدانەوەی ئەم کۆنەپەرستییە سیاسییەیە کە لە سەرمایەداریی ئیمپریالیزمدا هەیە، کە بە شێوەیەکی سروشتی هاوپەیمانی ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوە و حزبەکانیەتی بۆ خنکاندنی ماف و ئازادییەکانی ژنان.

دەستوور لە عێراقدا لە ئاکامی شۆڕشێکی جەماوەری لەدایک نەبووە کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەدەست هێنابێت لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و جەماوەری ئازادیخواز، و سەرکەوتنەکانی ئەم شۆڕشە فۆرموڵە بکات و جێگیریان بکات لە دەستووردا. ئەوەی لە عێراق ڕوویدا، سەرکەوتنی کۆنەپەرستی سیاسی ئیمپریالیستی بوو کە هاوپەیمانە لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەپەرستەکانیدا، کە ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیستە-ئیسلامیستەکان و تائیفەگەریەکانن.

نهێنی بوونی مادەی دووەمی دەستوور شتێک نییە جگە لەم نەزۆکییە لە مێژوودا و ئەم گەڕانەوە کارەساتبارە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە بە پلەی یەکەم لە لایەن ژنانەوە باجەکەی دەدرێت.

بۆرژوازی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی دەسەڵاتدار لە عێراقدا دەستهەڵناگرن لە چڕکردنەوەی هەڵمەتەکانیان دژ بە جەماوەر، ئەمەش نهێنی مانەوەیانە، هێرشە توندڕەوە بەردەوامەکانیان بۆسەر ماف و ئازادییەکانی ژنان، ناوەند و تەوەرەی سەرەکی ئەم هەڵمەتانە پێکدەهێنێ.

لەم وێستگەیەی خەبات لە بەرامبەر هەڵمەتی کۆنەپەرستانەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ساڵی (١٩٥٩)، پێویستە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری ئازادیخواز نەک هەر هەموارکردنەوە پێشنیار کراوەکە تێکبشکێنن، بەڵکو مادەی (٢)ی دەستوور و هەموو ئەو مادە و برگانەی لە دەستووردا هەن کە ئازادی و مافە سیاسیی و مەدەنییەکانی تاکەکان سنووردار دەکەنەوە، وەلابنێن.

٣١ تەممووزی٢٠٢٤

*(١) بالوثيقة.. نص تعديل قانون الأحوال الشخصية العراقي - شفق نيوز (shafaq.com)

# بەتوندی سەرکۆنەی توندوتیژی و کوشتنی هاوڵاتییان دەکەین لە لایەن کۆماندۆ و چەکدارانی حزبەکانی دەسەڵاتەوە

**کۆمیتەی سلێمانی / ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق**

ماوەیەکە لە سلێمانی و چەند شار و شارۆچکەیەکی ئەو پارێزگایە، دیاردەی تەقە لێ کردن، بریندارکردنی بەمەبەست و کوشتن، پەرەی سەندووە، لە لایەن چەکدارانی ناسراو بە (کۆماندۆ)ی سەر بە هێزەکانی پێشمەرگەی حزبی دەسەڵاتدار لە "زۆنی سەوز". (کۆماندۆ) لە چوار چێوەی هێزی (ئاسایش) و (پۆلیس)دا ڕێکنەخراوە و لەژێر فەرمانی بەرپرسانی پلە باڵای حزبی و هێزی پێشمەرگەدان.

لە مانگی ڕابردوودا لە (تاسڵوجە) تەقە لە کەسێک دەکرێت و بریندار دەکرێت، و لە (گەڕەکی زانکۆی سلێمانی تازە) لاوێک لەلایەن ئەفسەرێکی ئەم هێزەوە دەکوژرێ. هەروەها، لە گەڕەکی ڕاپەڕینی سلێمانی (ئاری ڕزگار چاپچی) بەبەرچاوی خەڵکەوە شەوی (٢٧-٧-٢٠٢٤) بەر فیشەک دەدرێت و لە جێگادا گیان لەدەست دەدات. هەر لەم ڕاستایەدا، لە (بانی مەقان) لە قەزای (چەمچەماڵ)یش ڕۆژی (٢٨-٧-٢٠٢٤) قاچی دوو کەس بەمەبەست بریندار دەکرێت، و شەوی (٣-٨-٢٠٢٤) لە (گەڕەکی زێڕینۆک) لە سلێمانی هەر لە لایەن ئەم هێزەوە قاچی دوو کەس دەشکێنرێ. زنجیرەی ئەم کوشتن و بریندارکردنەی هاوڵاتییان دیاردەیەکی سیستماتیک پێکدەهێنی و پێدەچێ سیاسەتێک بێت کە هێزەکانی دەسەڵات گرتویانەتەبەر و پیادەی دەکەن.

دیارە، ئەم کوشتن و تەقە کردنە، ئەم توندوتیژیی نواندنە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان مێژویەکی دوورودرێژی هەیە، هەر لە دوای گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن ئەم حزبە ناسیونالیستییە میلیشیانەوە، و بۆ چاوترساندنی خەڵک دەستیان کرد بەکوشتنی ژنان و نەیارانی سیاسی خۆیان و ڕۆژنامەنووسان و چالاکەوانی بزووتنەوەی کریکاری و جەماوەری و کۆمۆنیستەکان. هەتا ئێستاش ئەم دیاردەیە بەردەوامە، و کەم ڕۆژ هەیە گوێبیستی ئەوە نەبین کە بەدەستی (کۆماندۆ) و (زێرەڤانی) گەنجێک یان هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە نەکوژرێ یا سوکایەتی پێ نەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەکی یاسایی هەبێت و تاوانباران سزای یاسای خۆیان وەرگرن.

ئەم تاوانانە کە لەم دوایانەدا ڕووی لە هەڵکشانە، هەم لە "زۆنی سەوز"ی ژێر دەسەڵاتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئەنجام دەدری و هەم لە "زۆرنی زەرد"ی ژێر دەسەڵاتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە دەیان کەسیان لەسەر شەقامەکان، لەبەردەم خەستەخانەکان بەر شەق داوە، لەسەر فوڵ-لایت یا لەسەر ڕاگرتنی سیارە خەڵک کوژراوە، میدیاکاران کەلوپەلەکانی میدیاییان لێ سەندراوە و چەندین ڕۆژ نامەنووس بەتۆمەتی جۆراوجۆرەوە گیراون و دراون بەدادگا و زیندانی کراون.

پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە کاتێکدایە کە پێگەی حکومەتی هەرێم لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا تادێت لاواز دەبێ و هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمەکەش لەناو قەیرانێکی هەمەلایەنەی سیاسی-ئابووری و کارگێڕیدان و ڕووبەڕووی، نەفرەت و بێزاری و نارەزایەتییەکی جەماوەری بەرفراوان بوونەتەوە.

ئەم دەسەڵاتە لەم بارودۆخەدا بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی، نەک هەر سیاسەتی سەرکوتی ئاگاهانە و ڕێکخراو پیادە دەکات لە لایەن دامودەزگا سەرکوتگەرەکانیەوە، بەڵکو برەویش دەدات بە دروست کردنی یەکەی تایبەتی لە هێزی چەکدار بەناوی جۆراوجۆرەوە بۆ پەرەپێدان بە سیاسەتی توندوتیژی ئاشکرا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و بۆ چاوترسێنکردنی جەماوەر و پاشەکشە پێکردنی نارەزایەتییەکانیان.

ئەوە ڕێکخراو نەبوون و یەکگرتوو نەبوونی جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز و نەبوونیانە بە هێزێکی سیاسی چینایەتی سەربەخۆ و کاریگەر کە بواری ئاوەڵاکردۆتەوە بۆ ئەوەی هێزی چەکداری حزبەکانی دەسەڵات و دامودەزگا سەرکوتگەرەکانیان درێژە بەم تاوانانەیان بدەن، و بەقیمەتی جەزرەبەدان و تۆقاندنی خەڵک و کوشتوبڕی کردن، دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییان بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا بهێڵنەوە.

کۆمیتەی سلێمانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، لە کاتێکدا بە توندی سەرکۆنەی ئەم دەستدرێژییانە و ئەم توندوتیژی و کوشتوبڕییە دەکات، داواش لە جەماوەری زەحمەتکێشی نارازی و ئازادیخوازان، لە ڕێکخراوە کریکاری و جەماوەرییەکان دەکات دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەڵبڕن دژ بەم تاوانکارییانە و لەپێناو داسەپاندنی پاشەکشە بەسەر حزبەکانی دەسەڵات و بنەبڕکردنی دەستدرێژی و تاوانەکانیان.

٢٠٢٤/٨/٧

# هەرێمی کوردستان، جموجوڵ بەدژی هەموارکردنەوەی یاسای ١٨٨

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی ئەو هەوڵدانەی ناو پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی (٤-٨-٢٠٢٤) بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) لە لایەن ڕەوتە مەزهەبییەکانی شیعەگەراوە، وە دوای ئەوەی کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی بەرگریکار لە ئازادی و مافەکانی ژنان لە بەغدا کەوتنە نارەزایەتی دەربڕین و ڕاگەیاندنی کەمپینێک بەناوی (هاوپەیمانەتی ١٨٨)، هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز و لایەنگرانی مافەکانی ژنان و منداڵان، هەروەها هەڵسوڕاوانی چەپ و کۆمۆنیست لە هەرێمی کوردستانیش کەوتنە جموجوڵ و بیرورا گۆڕینەوە، بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر بۆ نارەزایەتی دەربڕین و بەرگرتن بەو هەوڵ و تەقەلا کۆنەپەرستانەیە بۆ سڕینەوەی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە یاسای ناوبراودا بۆ ژنان و منداڵان بەڕەسمی ناسراون.

لەو ڕاستایەدا و بە دەستپێشکەری چەند هەڵسوڕاوێکی چەپ و کۆمۆنیست یەکەمین کەمپین لە هەرێمی کوردستاندا لە (١٦-٨-٢٠٢٤) ڕاگەیەندرا بە ناونیشانی (کەمپینی وەستانەوە بەرووی گورانکاری لە یاسای باری کەسێتی(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩) کە (کۆمیتەی سلێمانی / ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) بەجدی پشتیوانی لێ کرد و هاوڕێیانی چالاکانە کەوتنە کارکردن بۆی.

ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە لە ڕاگەیاندنی ئەو کەمپینەدا ئەو مەترسییە خراوەتەڕوو کە گۆڕینی ئەو یاسایە نەک هەر دژ بە ئازادی و مافی ژنان و منداڵانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقە، بەڵکو مەترسییەکی واقعییشە بۆسەر ئازادی و مافی ژنان و منداڵان لە هەرێمی کوردستانیش، چوونکە ئەم یاسایە سەراسەرییە و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

ئەمە و لەو ڕاگەیاندنەدا هاتووە کە پەرلەمانتارەکانی سەربە حزبەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان بە ڕێکەوتنی ژێربەژێر بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز ئامادەن کە ژنان و منداڵانی هەرێمی کوردستان بکەنە قوربانی، بۆیە ئەم مەسەلەیە مەترسیدارە و پێویستە ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافەکانی ژنان و منداڵان بەجدی وەریبگرن.

هەروەها تیاشیدا هاتووە کە [لە هەوڵدادەبین لەگەڵ هەموو ئەو کەمپین و هەوڵ و کۆششانەدا هاوئاهەنگی و هاوکاری بکەین، چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی هەرێم، کە دژی ئەم پڕۆژە پێشنیارکراوەن، بەتایبەت (هاوپەیمانی ١٨٨ بۆ بەرگری لە یاسای باری کەسایەتی کارپێکراو)، کە چەترێکە لە ئێستا بۆ کۆکردنەوەی هەوڵ و چالاکییەکان بۆ وەستاندن و پوچەڵ کردنەوەی ئەم پڕۆژەیە.]

شایەنی باسە کە لە شاری هەولێر و سلێمانی، وە لە شارۆچکە (قەزا)ی ڕانیەش هەڵسوڕاوانی مافەکانی ژنان و چەندین ڕێکخراوەی لایەنگری لە ماف و ئازادییەکان گردبوونەوە و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و کەمپینیان ڕاگەیاندووە.

ئەم جموجوڵە لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا لەسەرەتای کاری خۆیدایە و پێویستی بە هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش و یەکخستنی هەوڵ و چالاکییەکان هەیە تا بتوانێت وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری ڕادیکاڵ شکڵ بگرێت و لەگەڵ بزووتنەوەی بەرگری و وەستانەوە بەدژی ئەم هەموارکردنەوەیە لە ناوەڕاست و لە خوارووی عێراق یەک بگرێت لە پێناو پاشەکشە پێ کردنی کۆنەپەرستان لە حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا.

ئامادەکردنی ڕاپۆرت: ڕەوت

# بەیاننامەی (کۆبەری ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێڕ) سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی

خوێندنەوەی یەکەم بۆ ڕەشنووسی هەمواری یاسای باری کەسێتی لە ئەنجومەنی نوێنەران توورەیی و نارەزایەتی لە نێو ژنان و ئازادیخوازان لە سەرانسەری عێراقدا بەدوای خۆیدا هێنا، هەروەها چەندین پارێزگاش شایەتحاڵی نارەزایەتی و خۆپیشاندان بوون دژی ئەم هەموارکردنەوەیە، کە لە هەندێک ناوچەدا بە دەستدرێژی و هەراسانکردن بەرەوڕوو بووەوە لەلایەن پیاوانی ئایینی و لایەنگرانیانەوە، وەک ئەوەی لە پارێزگای نەجەف ڕوویدا.

هەوڵەکانی هێزە تائیفی و ناسیۆنالیستەکان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی، ئەگەر پەسەند بکرێت، دەبێتە پاشەکشەیەکی گەورە بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە ژنان و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ماوەی دەیان ساڵدا بەدەستیان هێناوە. سەرەڕای کەموکوڕی و کەلێنەکانی یاسای باری کەسێتی کە لە ساڵی (١٩٥٩)دا دەرچووە، بەڵام بە یەکێک لە یاسا پێشکەوتووەکانی ناوچەکە دادەنرێت.

دوای زیاتر لە بیست ساڵ حوکمرانی و هەژموونی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و هاوبەشە ناسیۆنالیست و لیبراڵەکانیان و دوای ساڵانێک لە چەوساندنەوە و بەهەژارکردنی جەماوەر و تێکچوونی خزمەتگوزارییەکان و بێکاریی بەربڵاو، ئەمڕۆ کار بۆ چەسپاندنی یاساگەل و تەشریعگەلێکی تائیفی ژەهراوی دەکەن کە مافەکانی ژنان و منداڵان زەوت دەکەن، و مامەڵەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و میرات دەگوازنەوە بۆ دەستی پیاوانی ئایینی و مەرجعە ئایینیەکان، کە هاوسەرگیری کچانی تەمەن نۆ ساڵان بە یاسایی دەکەن، ئەمەس بە واتای ڕێگەدانە بە تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان، بە موبارەکبایی و چاودێری یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران.

ئەو مایەپوچییەی کە حیزب و هێزەکانی ڕژێم تووشی بوون و ئەو قەیرانە بەردەوامانەی کە تیایدا دەژین، دابەشبوونی لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب و ناسیۆنالیزم کردوتە تاکە پەتی ڕزگار بۆیان، بۆیە کار بۆ چەسپاندنی ئەو چەمکانە دەکەن بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ڕێگەی یاسا و یاسادانانەوە، چونکە بەبێ تائیفەگەری و ناسیۆنالیزم و خێڵەکی ناتوانن حوکمڕانی خۆیان بپارێزن.

ئێمە لە (کۆبەری ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێڕ) لە عێراق بەتوندی دژی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسایەتی دەوەستینەوە و داوا لە هەموو هێزە ئازدیخواز و شۆڕشگێڕەکانی عێراق و ناوچەکە و جیهان دەکەین دژی هەوڵە کۆنەپەرستانەکانی هەموارکردنەوە بوەستنەوە.

کۆبەری ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێر لە عێراق ٩-٨-٢٠٢٤

# بە توندی سەرکۆنەی داخستنی بارەگای حزبەکان و دەستبەسەراگرتنی داراییەکانیان دەکەین

ڕۆژی (١-٨-٢٠٢٤)، کۆمسیۆنی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە (ئەنجومەنی باڵای دادوەری) عێراق، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێک حزبی دەرکرد، کە هەر سێ حزبی: (ئازادی و دیموکراسی)، (بەرەی خەباتی دیموکراسی)، و (تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان)ن، بە بیانووی ئەوەی پەیوەندییان بە لایەنی بیانییەوە هەیە و مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی عێراق.

بەپێی ئەو بڕیارەی کە (کۆمیسیۆنی دادوەری هەڵبژاردنەکان) دەریکردووە، دەبێ ئەو سێ حزبە سیاسیە هەڵبوەشێنرێنەوە، بارەگاکانیان دابخرێت، و دەست بەسەر داراییەکانیاندا بگیرێت.

ئەم بڕیارە کە دژ بە ئازادی کاری سیاسی حزبەکانە، مەبەست لێی پتەوکردنی ئیستیبداد و کۆنەپەرستیی سیاسییە، کە ئەمە خۆی یەکێکە لە ئامانجەکانی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە (ئابووری، سیاسی، ئەمنی، و سەربازی)یانەی نێوان هەردوو ڕژێمی ئیسلامی-قەومی لە عێراق و ڕژێمی قەومی-شۆڤێنیست لە تورکیا، بە هاوکاری حزبە قەومییە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان.

سەپاندنی پاشەکشە بەسەر ئەم ڕژێم و حزبە بۆرژوازیانەدا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پلانە هاوبەشانەیان، کە مەبەستیانە هەرچی زیاتر ئیستیبداد و کۆنەپەرستیی سیاسی زاڵ بکەن بەسەر کۆمەڵگادا، هەروەها بە واقیعکردنی ئازادییە سیاسی و حزبییەکان دژ بەو ڕژێم و حزبە بورژوازییانە، هەموو ئەمانە پێویستی بە خەباتێکی یەکگرتوو هەیە لە لایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری ئازادیخوازەوە لە هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیا، ئەمەش لە میانەی هێنانەدی و پەرەپێدان بە ڕیزی خەباتی ئینتەرناسیونالیستی و سۆشیالیستی یەکگرتوویانەوە.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) ئەم بڕیارە سەرکۆنە دەکات، چونکە پێشێلکاری و دەستدرێژیکردنە سەر ئازادیی سیاسی و ڕێکخراوەییە و ئامانجی داسەپاندنی ئیستیبداد و کۆنەپەرستییەتی سیاسییە. وە داوا لە هەموو داکۆکیکارانی ئازادی سیاسی و ئازادی کاری حزبی دەکات، دژ بەو بڕیارە بوەستنەوە و کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بکەن.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ١٥-٨-٢٠٢٤

ڕێوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# "هەموارکردنەوە" یان تێکدان!

شیرین عەبدوڵڵا

## دەربارەی پڕۆژە یاسای پێشنیارکراو بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)

لە ڕەوەندی هێرشە بەردەوامەکانیان بۆ سەر مافەکانی ژنان و ستەملێکراوان و لەنێو زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە قەیرانە خنکێنەر و یەک بەدوا یەکەکاندا کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە وڵات پێیدا تێدەپەڕێت، دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوامن لە سەپاندنی سیاسەت و یاسای پیاوسالار و کۆنەپەرستانە، دوایین داهێنانیان ئەوە بوو کە پێی دەڵێن پێشنیاری "هەموارکردنەوەی" یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩). ئەم یاسایە سەرەڕای هەندێک بەندی کۆنەپەرستانە، بە یەکێک لە پێشکەوتووترین یاساکانی هاوتای خۆی لە وڵاتانی ناوچەکە دادەنرێت.

گرنگترین برگەکانی ئەم هەموارکردنەوەیە کە بوونەتە بابەتی گفتوگۆی بەرفراوان:

١ - بە یاسایی کردنی هاوسەرگیری کچان لە تەمەنی (٩) ساڵییەوە.

٢ - نەفەقەی باوک بۆ منداڵەکان بە مەرجی "چێژ" وەرگرتنی پیاوەکە، ئەگینا نەفەقەی منداڵەکە ڕادەگیرێت.

٣ - کچان مافی میراتیان لە خانووبەرەدا نییە.

٤ - هەڵوەشاندنەوەی سزای هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا و ڕازی بوون بە گرێبەستی شەرعی، بە گرێبەستە کاتییەکانیشەوە.

٥ - منداڵ لە تەمەنی (٧) ساڵییەوە دەتوانێت سەرپەرشتیار و شوێنی مانەوەی هەڵبژێرێت.

٦ - ئەگەر دایک هاوسەرگیری بکات، بە ڕەزامەندی یان بەبێ ڕەزامەندی، سەرپەرشتیی منداڵەکانی لێ دەسەندرێتەوە.

پڕۆژە یاسای پێشنیارکراو تەحەددایەکی مەترسیدارە بۆ ژنانی عێراق و جەماوەری زەحمەتکێش و سەرەتای کەوتنە ناو دۆخێکی مێژوویی تاریکەوەیە لە عێراق، کە ئەستەمە لێی بێتە دەروە مەگەر بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەرفراوان کە بتوانێت هاوسەنگییەکان قڵپ بکاتەوە. ئەگەر پەرلەمان سەرکەوتوو بێت لە جێبەجێکردنیدا، ئەوا بە تەواوی ئەو مافانەی کە ژنانی عێراق بە خەباتی دەیان ساڵ بەدەستیان هێناون پشتگوێ دەخات و کاریگەرییە کارەساتبار و پیاوسالارییەکانی دەشکێتەوە سەر خۆمان و نەوەکانی دواتریشمان.

ئەم هەموارکردنەوەیە زەمینە بۆ کۆمەڵگایەکی ئەوپەڕی پیاوسالار و تائیفەگەر و دابەشکراو و جەمسەرگیری چینایەتی، خۆش دەکات، کە تیایدا دەستدرێژیکردنە سەر منداڵانی کچ و دزینی منداڵییان لێیان ئاساییە و تەنانەت دەستدرێژکارەکەش پیرۆزبایی لێدەکرێت.

وڵاتێک کە نیوەی هاوڵاتیانی لە خوێندن و کار بێبەش دەکات و کۆیلایەتی کردنیان یاسایی دەکات، وڵاتێک کە نەفامی و نەخوێندەواری تێیدا زاڵە، خورافات و بیروباوەڕی بەسەرچوو و جادووگەریی لەجیاتی زانست و پێشکەوتن تیایدا گەشە دەکات، وڵاتی (پیاوان پارێزەری ژنانن- الرجال قوامون على النساء)، وڵاتێک کە ڕێگە بە کۆیلەکردنی نیوەی هاوڵاتییەکانی لەلایەن نیوەکەی تریەوە دەدات بەناوی ئایین و مەزهەبەوە، هەروەها یاسادانان بۆ خاوەنداریێتی ژمارەیەک کۆیلە (ژن) بۆ خزمەتکردنی خاوەنەکانیان و ئارەزووە سەرکوتکراو و نەخۆشەکانیان، وڵاتێک کە هەژاری تیا زاڵە (بە هەموو ماناکانییەوە) و دەسەڵاتدارن بێباکن لەوەی کە یەک لە سەر چواری هاوڵاتیان (١٠ ملیۆن لە کۆی گشتی ٤٢ ملیۆن) لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین چونکە هەژاری، وەک ئەوان دەیبینن، "قەزا و قەدەر"ە و "ئیرادەی خودا"یە، نەک دەرئەنجامی سیاسەتەکانی ئەوان و گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی وڵات و تێکدانی سیستماتیکی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک تەندروستی و پەروەردە و نیشتەجێبوون و بڵاوبوونەوەی بێکاری، وڵاتێک کە تێیدا دەنگی ملیۆنەها ژن و کچی گەنج کە لە ماڵەکانیاندا قەتیس کراون، خنکێنراوە، ئەوانەی لە ژێر باری قورسی کاری ناوماڵدا دەناڵێنن، منداڵ و بەساڵاچووانی خێزانەکە پەروەردە دەکەن و خزمەت بە مێرد دەکەن، ئەو ماڵانەی کە لە پشت دیوارەکانیانەوە قێزەونترین تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی و جەستەیی و دەروونی دژی ژنان ئەنجام دەدرێت. لەم وڵاتەدا هاوسەرگیری بە فەرمی لە دادگاکاندا تۆمار ناکرێت، بۆیە ئەگەر کچێکیش تەنانەت بیر لە تۆمارکردنی سکاڵا بکاتەوە، کەس نادۆزێتەوە گوێی لێبگرێت. وڵاتێک کە منداڵان لە باوەشی دایکیان دەفڕێنرێن و دایکان منداڵەکانیان لێ دەفڕێنرێت بەبێ هیچ هۆکارێکی تر جگە لە مێینەبوون لە ناو کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا کە تا سەر مۆخی ئێسقان کۆنەپەرستانەیە. مێینەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە مافی میرات بێبەشن، لە سەربەخۆیی دارایی بێبەش دەکرێن و مافی ئەوەیان نییە لە ژیانی خۆیان و ژیانی فامیلیەکانیان و تەنانەت جەستەی خۆیاندا هیچ قسە و هەڵبژاردنێکیان هەبێت.

جگە لەمانە، ئەو پێشنیارانە بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە، وڵات بەرەو گەڕانەوە بۆ تائیفەگەری قێزەون دەبات و هەنگاوێکە بەرەو دابەشبوون و پارچەپارچەکردنی پەیکەری کۆمەڵایەتی لە عێراقدا.

هەروەها ئەمە هەنگاوێکی مەترسیدارە بەرەو قووڵکردنەوەی نایەکسانی و جیاکاری نەک تەنها لەسەر بنەمای مەزهەب و ڕەگەز، بەڵکو لەسەر بنەمای چینایەتیش، بەو پێیەی دۆخی ژێردەستەیی و قبوڵکردنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتر وەک بوونەوەرێکی پێویست بە پشتگیری لەلایەن پیاوانەوە بەسەر ژناندا دەسەپێنێت، و دەیانکاتە بارگرانییەک بە سەر پیاوانەوە، و نەک وەک هاوژینێکی سەربەخۆ لە ژیاندا و یەکسان لە ماف و ئەرک و پێگەی کۆمەڵایەتیدا.

ئەگەر ئەمە دۆخی نیوەی کۆمەڵگا بێت، ئایا مەعقولە نیوەی دووەم چێژ لە ئاسوودەیی و ئارامی دەروونی و ئازادییەکی تەواو وەربگرێت؟ بێگومان نەخێر. هەموو ئەمانە بارگرانییەکی گەورەن لەسەر پیاوان و تەندروستی جەستەیی و دەروونییان. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لەم کۆمەڵگای پیاوسالاریەدا، کە پیاوان وەک خاوەن دەسەڵات و باڵادەست دەردەکەون، ئەوان لە چوارچێوەی تەسک و ستەمکارانەی پیاوسالاری و کێبڕکێ و لەبیر کردنی مرۆڤایەتی خۆیاندا قەتیس دەبن. دەرئەنجامەکەی کۆمەڵگایەکی نەخۆشە لە هەموو ڕوویەکەوە.

### دووڕوویییەکی ئاشکرا!

هەموو ئەمانەی سەرەوە شاراوە نین لەلای سیاسەتمەداران و خاوەن بڕیارانی عێراق، کە حیزبە دینی و ناسیۆنالیستەکانن، ئەوان بە تەواوی ئاگاداری کاردانەوەی کۆمەڵایەتی هەموو سیاسەت و یاساکانیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیگیرن لەسەر جێبەجێ کردنیان.

لایەنەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە نیگەرانی خۆیان لە ناکۆکی یاساکە لەگەڵ فیقهی شیعە و زەرووڕەتی "ڕزگارکردنی پێکهاتەی شیعە لە ئەنجامدانی تاوان"، وەک وەزیری پێشووی داد لە ساڵی (٢٠١٤)دا ئاماژەی پێکردووە. بەڵام ئایا هێرشێکی وا کۆنەپەرست و دڕندانە تەنها بە خواستی ئەم یان ئەو لایەنە بۆ پاراستنی ناسنامەی تائیفی خۆیان و خۆپاراستن لە "گوناه" تەفسیر دەکرێت؟ بەمەرجێک ئەم حیزب و بزووتنەوانە خۆیان لە دەسەڵاتدان و نوقمی گەندەڵی و چەندین گوناهی زەمینین! و بەبێ هیچ نیگەرانییەک، و لەنێوان خۆیاندا هەموو دامەزراوە و سەرچاوەکانی دەوڵەتیان هاوبەش کردوە و هەموو پڕۆژەکانیان کۆنترۆڵ کردوە.

ئەم پێشنیارانە بۆ هەموارکردنەوە گوزارشە لە دووڕووییەکی ئاشکرا چونکە لە ئەنجامدا ئامرازێکە بۆ دابەشکردنی ئیمتیازات و پلەوپایە لە کۆمەڵگادا. بۆ ئەوەی لە دووڕوویی پشت ئەم پڕۆژەی هەموارکردنەوەیە تێبگەین، دەتوانین ئاماژە بە یەکێک لە بۆچوونەکانی توێژەری مەغریبی (فاتیمە مرنیسی) لە کتێبی (ما وراء الحجاب)دا بکەین، ئەو ئیشارەت دەدات بە "کۆمەڵگەی ئیسلامی بە چ پێیەک فەزای سێکسی دیزاین دەکات و چۆن لەو فەزایەدا دیدگایەکی تایبەت بۆ چالاکییە سێکسییەکانی ژنان بڵاو دەکاتەوە"، و کە "ئیسلام، جگە لە شتەکانی دیکە، جیهانبینیەکی ماتریالیستیانەی چڕوپڕ پێکدەهێنێت، و شوێنەکەی لە ئاسمانەکان نییە، بەو ڕادەیەی کە لە فەزای زەمینیی دایە و گرتنی دەسەڵات لەسەر زەوی، و دەستراگەیشتن بە هەموو چێژە زەمینییەکان، لەوانەش تەندروستی، سێکس و دەسەڵاتە".

دەبینین ڕواڵەتی مەسەلەکە ڕزگارکردنی مەزهەبێکی دیاریکراوە لە ئەنجامدانی "گوناە" و ئارگیومێنتی "ئاسمانی" لەم بابەتە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی واقیعی و شتە مادییەکانەوە نییە، بەڵام دەرئەنجامی واقیعی سەر زەمینی هەموارکردنەوەکە، گەرەنتیکردنی هەموو ئیمتیاز و چێژە دونیاییەکانە بۆ پیاوان و بێبەش کردنی ژنانە لە هەمووی.

بەڵام ئەمەش تەواوی مەسەلەکە نییە، ئەم دیزاینەی کە نکوڵی لە بوونی نیوەی کۆمەڵگا (ژنان) دەکات، بەم شێوەیە کۆنترۆڵی دەسەڵات و پیاوەکانی ئاسانتر دەکات بە سەر نیوەکەی تری (پیاوان)، کە بە ڕواڵەت هەموویان (پیاوەکان) بە یەکسانی لەم دۆخە سودمەندن. بەڵام ئەوەمان لەبییر نەچێت کە عێراق کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە و لەناو سیستەمێکی جیهانی سەرمایەداریدایە، وە هەموو پیاوەکان یەکسان نین لە بەهرەمەندبوون لە دەسەڵات و ئیمتیازاتە دونیاییەکان. پیاوانی چینی کرێکار و زەحمەتکێش توانای تەنانەت پشتگیری یەک ژنیشیان نییە، چ جای چوار ژن، وە یان خەرجیی (نفقە) منداڵەکانیان بدەن، یان هاوسەرگیریی کاتییان هەبێت و ئەوان خاوەنی موڵک و میرات یان خانووبەرە نین کە تووشی ناکۆکیان بکات لەگەڵ هیچ کەس، تەنانەت لە بازاڕی هاوسەرگیریشدا ئەوان نەخوازراون، و ئەوە کچەکانی ئەوانە کە زیاتر بەرەورووی هاوسەرگیری زوو دەبنەوە و ناچاری ملکەچیی ئارەزووی پیاوانی چینە دەوڵەمەندەکان ببنەوە، ئەوانن ناچار دەبن دەست بە جەرگی خۆیان بنێن و بڕیاری بە شوودانی کچە نۆ ساڵەکانیان بدەن بەڵکو هەندێک لە بارگرانی ژیان لەسەریان کەم بێتەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموارکردنەکە لە بەرژەوەندی هەموو پیاوانیشدا نییە، بەڵکو بەپێی پلەی چینایەتییان.

### بۆچی ئێستا؟

لای هەموان ئاشکرایە کە عێراق لە دوای داگیرکردنی لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە زنجیرەیەکی بێکۆتایی لە قەیرانە گەورەکاندا دەژی، کە لە پاشخانی دەیان ساڵەی یەک لە دوا یەک لە ستەمکاری و شەڕەکانی ڕژێمی فاشیستی بەعسی پێشوو، و گەمارۆی ئابووری ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەسەر عێراق، شەڕی بە وەکالەت، دەستێوەردانی چەندجارەی دەوڵەت و هێزە ناوچەییەکان لە وڵاتەکەدا، و کارەساتەکانی داعش... و ئەوانی تر.

هاتنی پۆڵ بریمەر، حاکمی ئەمریکی بۆ عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا و سەپاندنی پاکێجێکی سیاسەتی ئابووری کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان تا ئەمڕۆ پەیڕەویان کردووە، بەرنامەیەکی سیستماتیک بوو، بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی عێراق بە

بۆ ل٩




# ڕیشەکانی فاشیزمی نوێ لە ئیسرائیل؟



نادر عەبدولحەمەید

### پەرچەکردار یان پاکتاوسازی

ئەم وەحشی گەڕی و کوشتوبڕییەی کە (ناتانیاهۆ) دەستی داوەتێ دژ بە هاوڵاتیانی فەلەستینی لە (کەرتی غەززە)، ناتوانرێت بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە کە ئەوە پەرچەکردارێکە بەرووی کردە تیرۆریستانەکەی (حەماس) لە (٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣)دا، و تەنها بۆ "بنەبڕکردنی حەماس و تیرۆر" بێت، چونکە کوشتنی هەڕەمەکی دانیشتوان و کاولکاری شارەکان و وێرانکردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان و ڕێگاوبانەکان و هەڵتەکاندنی ژێرخانی شارستانی لە (کەرتی غەززە) واوەترە لە پەرچەکردار، ئیتر ئەمە پیادەکردنی سیاسەتێکی فاشیستی ڕەگەزپەرستانەی پاکتاوسازی قەومییە [ethnic cleansing policy] بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو و ڕێکخراو و ئاگاهانە لە لایەن (ناتانیاهۆ) و باڵی ڕاسترەو و فاشیستی سەهیۆنیزمەوە، بە مەبەستی ناچارکردنی فەلەستینیەکان بە کۆچی زۆرە ملێ و دەستبەسەراگرتنی سوپای داگیرکەری ئیسرائیل بەسەری ئەم کەرتە و پاشان تەواوی خاکی فەلەستیندا.

ئەمە و وەک بەشێک لەو سیاسەتە لە (کەنارەی ڕۆژاوا)ی فەلەستینیش کەوتوتە ڕەشەکوژی و دەستی سوپا و چەکدارانی تاقمە جووە شۆفێنیستەکانی ئاوەڵاکردۆتەوە بۆ دەستدرێژی و ئەنجامدانی تاوان دەرحەق بە دانیشتوانی فەلەستینی و پەرەپێدانی سیاسەتی دەستبەسەراگرتنی هەرچی زۆرتری زەویوزاری فەلەستینیەکان و دامەزراندنی شارۆچکەی جوولەکەنیشین (الإستیطان) لەسەریان، بەڕادەیەک کە لەسەدا چل و دوو (٤٢٪) خاکی فەلەستینی گرتۆتەوە و وای کردووە (کەنارەی ڕۆژاوا) بۆتە چەند پارچە زەوییەکی لێک دابڕاو لە ڕێگەی ئەو شارۆچکە جوونشینانەوە کە لەملاولایەوە دامەزرێنراون، بەمەش هەلی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لەڕووی عەمەلییەوە لەباربردووە.

ئەوەی کە پەرلەمانی ئیسرائیل (ناسراو بە کەنیسەی ئیسرائیلی) لە (١٨-٧-٢٠٢٤) دا، بە پڕۆژە یاسایەک بڕیاریدا هەرگیز دان نانێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینیدا! ئەمە خۆی گوزارش لەوە دەدکات کە بەکردەوە و لەسەر زەوی ئەم هەلەی لەباربردووە، ئینجا دێت لە ڕووی یاساییشەوە لەناو پەرلەماندا مۆرێکی لێ دەدات.

### پاکتاوسازی لە دوو قۆناغی مێژوویی جیاوازدا

فەلەستینییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کەوتنەبەر پەلاماری پاکتاوسازی و کۆچاندنی زۆرەملێیی و دەرپەڕاندن لە نیشتیمانی خۆیان، هەروەک دەبینین ئەمڕۆکە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیشدا هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە.

بەڵام ئەو دوو پاکتاوسازی و زوڵم و زۆرییە دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین، لەڕووی بنەمای مادییانەوە جیاوازن لە یەکتری.

### ناوەڕۆکی پاکتاوسازی یەکەم

ئەو حاڵەتەی سەرەتای سەدەی بیستەم ڕێک لەو حاڵەتە دەچێت کە سەرمایەداری لە ئەوروپا لە سەرهەڵدان و پەرەسەندی خۆیدا لە سەدەکانی (١٦ و١٧ و ١٨) بگرە تا (١٩) ش کەوتە قەلاچۆکردنی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکای باکور و ئەمریکای لاتینی و ئوستراڵیا و چەند شوێنێکی ئەفریقیا و خۆیان تیایدا نیشتەجێ بوون و ئاوەدانیان کردەوە و شارستانی سەرمایەداری و دەوڵەتی دیموکراتی جینۆسایدکەریان تێدا دامەزراند، جا ئەم قەلاچۆکاریی و دەرپەڕاندنە زۆرە ملێیەی خەڵکی فەلەستینی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێکرد و لە (١٩٤٨)دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی کە بە (نەکبە) ناسراوە، دروست وەک قەلاچۆکردنی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا و ئوستراڵیا وابوو، کە لە ڕێگەی جینۆسایدکردن و دەرپەڕاندنی فەلەستینیەکانەوە دەوڵەتێکی سەرمایەداری ئیسرائیلی لەسەر خاکەکەیان دروستکرا کە بە دیموکراسیانە و هەڵبژاردنی ئازادانەی پەرلەمانییەوە بەڕێوەدەچێت و بەشێوەیەکی دیموکراسیانە قەلاچۆی فەلەستینیەکان دەکات، ئەمە خۆی بەشێکیش بوو لە سیاسەتی ئیمپریالیستی بریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ دابین کردنی بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەکانی خۆی.

### ناوەڕۆکی پاکتاوسازی دووەم

بەڵام بە کۆتایی هاتنی سەردەمی (جەنگی سارد) و سەرکەوتنی لیبرالیزمی نوێ و بێ بەهاکردنی ئایدیا و ئاسۆ یەکسانیخواز و پێشکەوتووخوازەکان و چوونەدواوەی بزووتنەوە چەپەکان لەسەر ئاستی جیهانی، و تێکشکانی ناسیونالیزمی عەرەبی و هاتنەئارای ئیسلامی سیاسی، هاوکاتی ئەمانەش گەشە و پەرەسەندنێکی بەرچاوی سەرمایەداری لە ئیسرائیل، زەمینەیان خۆشکرد بۆ پەرەسەندنی ڕاسترەوی لە کایەی سیاسی ناو ئیسرائیل و سەرهەڵدانی فاشیزمێکی نوێ لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکی ئەو دەوڵەتەدا.

ئەم ڕاسترەوییە لە پەرەسەندنی خۆیدا دەسەڵاتی گرتەدەست و کەوتە پیادەکردنی پلان و نەخشە فاشیستەکانی، جا ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەم جینۆسایدە و ئەو وەحشیگەرییەی کە دەیبینی دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین دەکرێت بەرهەمی ئەم ڕاسترەوی و فاشیزمە نوێیەی ئیسرائیلە کە پایەکانی لەسەر زەمینەیەکی مێژوویی وەرچەرخانی ڕاسترەوانەی جیهان لەسەردەستی نیولیبرالیزم و پەرەسەندن و گەشەیێکی گەورەی سەرمایەداری ئیسرائیل وەستاوە.

بەدڵنیاییەوە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل، ئایدیۆلۆژیای زایۆنیزم و چیرۆکە مێژوویی و ئایینیە پڕوپوچەکانیش وەک سەرپۆشێک بەکار دەهێنێت بۆ پاکانەی تاوانەکانی خۆی و پەرەپێدانی هەرچی زیاتریش بەو تاوانانە، بەڵام ئەمە ڕواڵەتی بابەتەکەیە. ئەم قەوارەیە چۆن و لە چ پرۆسەیەکی مێژوویدا دروستکرابێت و کرابێت بە دەوڵەتی ئیسرائیل، ئێستا پاش تێپەڕینی زیاتر لە نیو سەدە لەسەر قاچەکانی خۆی وەستاوە و بەپێی میکانیزم و یاسا ئابوورییەکانی خۆی، خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، بۆیە لە ناوەڕۆکدا ئەوە گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەیە کە پاڵ دەنێت بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بۆ گرتنەبەری سیاسەتە ئیمپریالیستییانە و فراوانخوازیانەی داگیرکارییانە (ئیستیعمارییانە) و پیادەکردنی تاوانی پاکتاوسازی و کوشتوبڕی وەحشیگەرییانە بۆ دەستبەسەراگرتنی تەواوی خاکی فەلەستین لە کەشوهەوایەکی ڕاسترەوانەی نیولیبرالیزمی خنکێنەری فکری و سیاسی جیهانیدا.

### پایەی دووەمی نیو-فاشیزم لە ئیسرائیل

پایەیەکی تری ئەم نیو-فاشیزمە لە ئیسرائیل کە تەواوکەری پایەکەی تریەتی لە پاکتاوسازی و دەرپەڕاندن و فراوانخوازی ئیمپریالیستانە، بریتییە لە پاشەکشەپێکردنی چەپی ناو ئیسرائیل و چینی کرێکار و ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەرییەکان، و ئاوەڵاکردنەوەی دەستی کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئایینییە توندڕەوکانی جوو لەناو کۆمەڵگەدا و ئیمتیاز پێدانیان، جا بەبێ داسەپاندنی ئەم پاشەکشەیە بەسەر چەپ و کرێکاردا لەناو ئیسرائیل، ئەستەم بوو ئەم هەموو وەحشیگەری و تاوانە دەرحەق بە ئینسانیەت ئاوا بێ پەردە بەربەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانەوە پیادە بکرێت.

بەم پێیە، گەرچی کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و سەرکەوتنی نیولیبرالیزم بووە هۆی کۆتاییهاتنی زۆرێک لە کێشە و گرێوگۆڵە لەچارنەهاتووەکانی جیهان، لەوانە چارەسەری ئیمپریالیستانە بۆ کۆتایی پێهێنانی ڕەگەزپەرستی لە وڵاتی (ئەفریقای باشوور)، بەڵام ئەم سەرکەوتنە جیهانییەی نیولیبرالیزم نەک هەر کۆتایی نەهێنا بە کێشەی فەلەستین لە ڕێگەی چارەسەری ئیمپریالیستانەی (پەیمانی ئۆسلۆ ١٩٩٢)ەوە، بەڵکو بووە هێندەی تر توندوتیژکردنەوەی ئەو کێشەیە و داخستنی دەریچەی چارەسەری نێودەوڵەتیی بورژوازیانەش بەپێی بڕیارنامەی "نەتەوە یەکگرتووەکان" کە چارەسەری دابەشکردنی خاکی فەلەستین بوو بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیل.

### پێچەوانەبوونەوەی هاوکێشەی پاکتاوسازی جوولەکە بۆ پاکتاوسازی فەلەستینی

بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی لەسەرەتای سەرەی بیستەوە تا ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و کۆتاییهاتنی جەنگی سەرد؛ لەناو فەلەستین و لەناو وڵاتە عەرەبییەکاندا، بە چەپ و ڕاستیانەوە، بە ئیسلامی و عەلمانیانەوە، لەسەر ئەوە کۆک بوون کە هەبوونی (دەوڵەتی ئیسرائیل)، بە چەمکی ئەوان (قەوارەی زایۆنیستی) لەسەر خاکی فەلەستین ڕەت بکەنەوە.

باڵی ڕاسترەوی کۆنەپەرست و شۆفێنیست و ڕەگەزپەرستی ناسیونالیزمی عەرەب بانگەوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی دەکرد لە فەلەستین کە هەڵسێت بە پاکتاوسازی و گەسک لێدانی (جوو)ەکان و دەرپەڕاندنیان، بەتایبەت ئەوانەی کە لە ڕێگەی کۆچەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە هاتبوون و نیشتەجێکرابوون لە فەلەستین.

هەرچی باڵی چەپ و عەلمانی ناسیونالیزمی عەرەب بوو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی قەومی عەرەبیدا بوو کە مافی (جوو)ەکان وەک هاوڵاتی لەناو ئەو دەوڵەتە عەرەبییەدا بەپێی یاسا بپارێزێت.

ئەم ڕێبازەی دوایی نزیکایەتییەکی هەبوو لە ڕێبازێک کە خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی بوو لەسەر بنەمای هاوڵاتی (بەمانایەک غەیرە قەومی و غەیرە دینی) بۆ هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە لەسەر ئەو خاکە (فەلەستین) دەژین. ئەو سەردەمانە لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم (حزبی شیوعی لە فەلەستین) و ڕێکخراوەی تری سۆشیالیستی و مارکسیستی پێکهاتوو لە کەسانی چەپی جوولەکە کە لە ئەوروپاوە هاتبوون بۆ فەلەستین و لەگەڵ ئەم چارەسەرەدا بوون.

کێشمەکێشی ناسیونالیزمی عەرەب و زایۆنیزم (وەک ئایدۆلۆژیا و بزووتنەوەی ناسیونالیستی جوولەکە و قەوارەکەی لەسەر خاکی فەلەستین واتا دەوڵەتی ئیسرائیل) لە ڕەوەندێکی مێژووییدا لەبەرژەوەندی ناسیونالیزمی جوولەکە و بەزیانی ناسیونالیزمی عەرەب تەواو بوو.

لەو فاکتانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لەو مەیدانەدا؛ ڕووبەڕوو بوونەوەی بۆرژوا ناسیونالیستی عەرەبی بوو لەگەڵ قەیرانەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەسەڵاتدار بوو، لەگەڵ بزووتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ناوخۆ و دۆڕان لە چەند جەنگێکدا دژ بە ئیسرائیل، و گەشەی ئیسلامی سیاسی بە پشتیوانی ئیمپریالیزم، و بارووەدۆخی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان کە سەری کێشا بۆ کۆتایی جەنگی سارد و دارمانی بلۆکی سۆڤیەت کە پشتیوانی ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتەکانی بوو، بەڵێ گشت ئەم فاکتانە ڕۆڵیان گێڕا لە گۆڕینی تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی باڵادەستی ئیسرائیل، و ناسیونالیزمی عەرەبیش ناچار هەموو هەوڵ و تەقەلای هاتەسەر ئەوەی کە ئیسرائیل ڕازی بکات بە بڕیاری (نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ چارەسەری دوو دەوڵەتی لەسەر خاکی فەلەستین و دەستهەڵگرێت لە پاکتاوسازی فەلەستینیەکان. ئەمەش بەپلەی یەکەم لەترسی ئەوەی کە مەسەلەی فەلەستین بۆتە بەشێک لە ویژدانی جەماوەری ئازادیخواز و ئینساندۆست، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لەسەراسەری جیهانیشدا، بۆیە بورژوا فەرمانڕەوای هەر وڵاتێک ناچارە بە ڕواڵەتیش بێت خۆی بەلایەنگری دۆسیەی فەلەستین دابنێت.

ئەوەی کە ناسیونالیزمی عەرەبی، بەتایبەت باڵی شۆفێنیست و ڕەگەزپەرستەکەی، بەتەمای پاکتاوسازی جوولەکە بوو، لە ئێستادا پێچەوانە بۆتەوە بۆ هەوڵدانێک کە هەرچۆنێک بێت بەربگیرێت بە پاکتاوسازی فەلەستینیەکان لە لایەن ناسیونالیزمی نیو-فاشیزمی ئیسرائیلییەوە.

### چارەسەری ڕیشەیی

بەر لە باسکردن لە هەر جۆرە چارەسەرییەک، پێویستە دەستبەجێ ئەم شەڕەی (ناتانیاهۆ) و نیو-فاشیزمی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی فەلەستین بووەستێندرێت، ئەمە جەنگی نێوان گروپێکی تیرۆریست و دەوڵەتی ئیسرائیل نییە، ئەمە جەنگی دەوڵەتێکی تیرۆریستە دژ بەگەلێک بەبیانووی دژایەتی گروپێکی چەکداری تیرۆریستی ئیسلامی وەک (حەماس)، کە وجودی ئەم گرووپە و چەندین گرووپی تیرۆریستی تریش بەرهەمی خودی ئەو دەوڵەتە تیرۆریست و ڕەگەزپەرستەی ئیسرائیلن.

ئەگەر بڕیارە کۆتایی بهێندرێت بە گرووپە تیرۆریستەکان و بە کاری تیرۆریستی دژ بە خەڵکی سیڤلی ناو ئیسرائیل، و ئەم خەڵکە بە ئاشتی و ئارامی بژین، ئەوا پێویستە سەرچاوەی سەرهەڵدانی تیرۆر و ئەم گرووپە تیرۆریستانە بنەبڕ بکرێت، کە ئەویش بنەبڕکردنی ڕەگەزپەرستی ئایینی و نیو-فاشیزمی قەومییە لە پەیکەرە و پێکهاتەی (ستراکچەری) دەوڵەتی ئیسرائیلدا.

دەوڵەتێک ئامێری جەنگ و پاکتاوسازی و ئاگربەردانە ماڵ و گیانی خەڵکی فەلەستینی بێت بەدڵنیاییەوە پریشکی ئاگری تیرۆریزمیش لێرەولەوێ بەر خەڵکی سیڤل و بێ تاوانی ناو ئیسرائیلیش دەکەوێت و ئەم خەڵکە هەرگیز ناتوانێ بە ئارامی و بەئاشتی بژیت. ئەمڕۆ ئەم خەڵکە بە پلەی یەکەم گیرۆدەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و نیوفاشیستی ئیسرائیلن، کە هەتا ئامادەیە بۆ پیادەکردنی سیاسەتە فاشیستەکانی

بۆ ل٩

# هەڵسەنگاندن بە چاویلکەی شکاوەوە!

**سەرنجێکی کورت لەسەر تێڕوانینی پێشڕەو محەمەد سەبارەت بە تیرۆری بەکر عەلی (١)**

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

دووی ئەیلوولی ٢٠٢٤

__تێڕوانینەکەی پێشڕەو محەمەد__

**شیعری «تۆش بەجێم دێڵی» و ئاوڕدانەوە لە تیرۆری بەکر عەلی، یەکێتیی و کۆمۆنیستەکان**

بەکر عەلی ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەم، لە ژیاندا مابا، یەکێک دەبوو لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی شیعری کوردیی. بەداخەوە بەکر عەلی لەژێر ئەستێرەیەکی نابەختەوەر و شوومدا لەدایکببوو. لە سەردەمێکی تاریکدا گەنجێتیی خۆی بەڕێکرد و تیرۆریستانیشی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەستێرە درەوشاوەکەیان لەوپەڕی هێزی درەوشانەوەی خۆیدا کوژاندەوە. دارودەستەکەی نەوشیروان مستەفا تا ماون بەرپرسی ئەم تیرۆرەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەرتاپای یەکێتییش.لەگەڵ ئەوەی بەکر شاعیرێکی مەزن، خەمخۆرێکی نیشتمان و خەڵکەکەی بوو، بەڵام سیاسییەکی لێهاتوو نەبوو. بە سروشتی خۆشیان شاعیران باش سەر لە سیاسەت دەرناکەن و لە پرسە سیاسییەکاندا زوو زوو بەهەڵەدا دەچن.یەکێتیی سۆڤێت ڕووخابوو، دونیا بەرەو دژەکۆمۆنیستیی چوو و هەوڵی دیموکراتیزەکردن و لیبراڵیزەکردنی کۆمەڵگەکانی دوای کۆمۆنیزم دەدرا، کەچی لە کوردستانێکی وێرانی هەژاردا، بێ سامان و سەرمایە کۆمۆنیستەکان بەتایبەت بە فیتی کۆمۆنیستە ئێرانییەکان بەبێ ئەوەی حساب بۆ باڵانس و تەرازووی هێز بکەن دەیانویست کوردستان بکەن بە یەکێتیی سۆڤێت، لە شوێنێکدا کە هێزی چەکدار یەکێتیی و هەروەها پاشان ئیسلامییەکان بوون. ئەم نەزانیی سیاسیی و دەبەنگیی سیاسییە و تێنەگەیشتن لە هەلومەرجی کوردستان هاوکات هۆکارێکی دیکەیە بۆ جوانەمەرگبوونی بەکر عەلی. بێگومان تاوانباری سەرەکیی تیرۆری بەکر عەلیی تا دونیا ماوە هەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بەڵام کۆمۆنیستەکانیش چ بێ ئاگاییان بێت لە سیاسەت یان لەژێر کاریگەریی کۆمۆنیستە ئێرانییەکاندا، هاندەر بوون کەسانی وەک بەکر عەلی خۆیان بکەنە قوربانیی. خەیاڵاتی کۆمۆنیستەکانیش بۆ بەسۆڤێتکردنی کوردستان جێگەی ڕەخنەی توندە لەم پرسەدا.(٢)

## هەڵسەنگاندن بە چاویلکەی شکاوەوە!

**سەرنجێکی کورت لەسەر تێڕوانینی پێشڕەو محەمەد سەبارەت بە تیرۆری بەکر عەلی**

هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە دەقنووسێک یان شاعیرێک هەروا بەتێڕوانینی سەرپێیانە مەیسەر نابێت و ئەنجامگیری لێ بەدەست نایەت. هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی درێژتر و زۆر قووڵتر و مەعریفیترە لەوەی کە بە هەڵچوونێکی دەروونی و بە بینینێکی ناواقیعییەوە گوزارشتی لێبکەی. وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی شیکاری شاعیرێک لەڕووی مێژوویی و ئەدەبیی و ستاتیکیی، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی فراوانی دەقە شیعرییەکان و شیعرییەتی ئەو شاعیرە لەلایەک و هەڵوێستی مرۆییانە و شۆڕشگێڕانەی لەلایەکی ترەوە هەیە. ئەگەر لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانماندا نەمانتوانی واقیعبینانە بین و بەتێڕوانینی مارکسیستییەوە ڕاڤە و شیکاریی دروست بەرهەم بهێنین، ڕێک بەو دەردە دەچین کە پێشڕەو محەمەد لەم پۆستەی دوایی لەیادی بەکر عەلی شاعیردا دەرگیری بووە. پێشڕەو محەمەد لە پەیجەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەیادی (٣٠) ساڵەی تیرۆرکردنی بەکر عەلی شاعیردا لە کورتە نووسینێکیدا بەناوی ( شیعری «تۆش بەجێم دێڵی» و ئاوڕدانەوە لە تیرۆری بەکر عەلی، یەکێتیی و کۆمۆنیستەکان)دا نووسیویەتی :(بەکر عەلی ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەم، لە ژیاندا مابا، یەکێک دەبوو لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی شیعری کوردیی). سەرەتا بە چ پێوەرێک، بە چ پێشبینییەک بەکر عەلی دەبووە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی شیعری کوردی؟ من لێرەدا شاعیرییەتی بەکر عەلی ناخەمە ژێر پرسیارەوە و هیچ گومانێکم لە شاعیبوونی بەکر عەلی نییە. بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنەوەی پێشڕەو محەمەد کەخۆی دەڵێ (ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەم) لەڕاستیدا زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە. چونکە ئەوەی شاعیرێک دەکاتە ئەستێرەی ئاسمانی شیعری کوردی، داهێنانی ئەو شاعیرەیە لەهەردوو ئاستی شێوە و ناوەڕۆک کە بتوانێت وەڵامی گونجاوی بەردەم کێشە و گرفتەکانی بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی بداتەوە. ئەوە ڕاستە مەرگ یان دروستتت بڵێم تیرۆرکردنەکەی بووە ڕێگر لەبەردەم داهێنانەکانی، بەڵام بڕیاردان لەوەی کە ئەگەر تیرۆر نەکرایە دەبووە ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی شیعری کوردی دوورە لەهەڵسەنگاندنی واقیعی و زانستییەوە. چونکە هەڵسەنگاندنی واقیعییانەی کاروانی داهێنانی هەر شاعیرێک لەسەر کۆمەڵی فاکت پێناسە و تەنانەت سوناسی خۆی وەردەگرێت نەک لەسەر گرەو و پێشبینی. هەروەها پێشڕەو محەمەد دەنووسێت(لەگەڵ ئەوەی بەکر شاعیرێکی مەزن، خەمخۆرێکی نیشتمان و خەڵکەکەی بوو، بەڵام سیاسییەکی لێهاتوو نەبوو. بە سروشتی خۆشیان شاعیران باش سەر لە سیاسەت دەرناکەن و لە پرسە سیاسییەکاندا زوو زوو بەهەڵەدا دەچن.) لێرەدا دیسانەوە پێشڕەو محەمەد لەئەنجامی پەلەکردندا دووچاری هەڵسەنگاندنێکی نادروستی تر دەبێتەوە سەبارەت بە بەکر عەلی شاعیر. ئەو بەکر عەلی بە شاعیرێکی مەزن وەسف دەکات، کە خەمخۆری نیشتمان و خەڵکەکەیەتی، بەڵام لە سیاسەتدا لێهاتوو نەبوو. من کێشەم لەسەر خەمخۆری نیشتمان و خەڵکی کوردستانی بەکر عەلی نییە. چونکە بەکر عەلی قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی بە شاعیری کرێکارانی کوردستان نەزانیوە و شیعری بۆ خەبات و نەهامەتییەکانی کرێکاران نەنووسیوە. تێمی شیعرەکانی بەکر عەلی بە ڕوونی لە دەماری شیعرەکانیدا دەبینرێت. بۆیە لە تەواوی دیوانە تاقانەکەیدا ( کاسکێتەکەم بە پایز بسپێرن) (٣) هیچ مەزنییەک لە شاعیرییەتی بەکر عەلیدا وەکو شیعر و داهێنان بەمانای بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی شیعری کوردیی، نابینمەوە. بەڵام شکۆیەکی گەورە دەبینم و جەنگاوەرێک




دەبینم کەلە پراکتیکی ژیانی خۆیدا، سەلماندی کە جەنگاوەرێکی ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕ و سیاسییەکی بەوەفا و بە ئەمەکی ئەو پرسەیە کە بڕوای پێیەتی. واتە ڕێک بە پێچەوانەی پێشڕەو محەمەد؛ بەکر عەلی شۆڕشگێڕێکی ماندوونەناسی ڕێگای ئەو خەباتە بوو کە بڕوای پێبوو، ئەویش خەبات بوو لە پێناو بەرگریکردن لە دانیشتوانی خانووە قوڕ و لە تەنەکە دروستکراوە بێتاپۆکانی حامیەی شاری سلێمانی، دژ بە دەسەڵاتی ڕەشۆکی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد. ئێمە ئەگەر بەفیعلی ئەمەکدار بین سەبارەت بە بەکر عەلی و خەباتەکەی، دەبێت بڵێین کە بەکر عەلی سیاسییەکی دروست و لێهاتوو بوو. دروست بوو چونکە پەنجەی دەخستە سەر دەرد و نەگبەتییەکانی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشی حامیە و لێهاتووش بوو چونکە بەکر عەلی ڕابەری ئەو خەڵکە ستەمدیدە و بێ خانە و لانانە بوو. دوواتر پێشڕەو محەمەد سروشتی شاعیران وا دەبینێت کە سەر لە سیاسەت دەرناکەن. ئەی باشە نیکۆلای ڤابزارۆڤ و نازم حیکمەت و پابلۆ نیرۆدا وخەسرەوی گوڵسورخی و گارسیا لۆرکا و ڕوقی داڵتۆن و یانیس ڕیتسۆس و دۆنارکاڤیچ و ئۆلگا لۆزاردۆ و جۆ وەڵس و جاک هیرشمەن و زۆریتر کە بەشێکیان ژیانی خۆشیان بەخت کرد لە پێناو ئامانجە ئینسانییەکانیان، سەریان لە سیاسەت دەرنەدەکرد؟ ئەرێ بەڕاست سیاسەت بەڕای پێشڕەو محەمەدەوە چییە وا تەنها سەفسەتەکاران و نوخبەیەک لە خوێندەوارانی بواری فەلسەفە تێی دەگەن و خەڵک و شاعیرانیش تەقەی سەریان دێت؟ ئایا ئەم تێڕوانینەی پێشڕەو محەمەد دوواکەوتووانە نییە کە نازانێت یان خۆی لێ گێل دەکات کە ئەفلاتون ئاسا شاعیرانی شۆڕشگێڕ و خاوەن پەیامی سیاسی دەخاتە

دەرەوەی کۆمارە کوردەوارییەکەی خۆیەوە؟! ئەم تێگەیشتنەی پێشڕەو محەمەد بۆ شاعیر، تێگەیشتنێکی بۆرژوازییانە و کۆنەپەرستانەیە کە لەوە زیاتر هەڵناگرێت هیچی تری لەباوەرە بوترێت.

دوا خاڵیش کە دەمەوێت بەکورتی ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە پێشڕەو محەمەد دوای هەڵگێڕانەوە فیکرییەکەی بە سەد و هەشتا پلە (لە مارکسیزمەوە بۆ ناسیونالیزم) بە ڤینێکی ئەستوورەوە هەمیشە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت کە قسە یان سووکایەتی بە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان بکات. ئەمە بەڕاستی نەک هەر جێی ڕەخنەیە، بەڵکوو بۆ کەسێک کەخۆی بە هەڵگری ئەخلاقی سیاسی بزانێت و دەم لە کار و پڕۆژەی ئەکادیمی بکووتێت، زۆر لە کردێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەهێنێتە خوارەوە. من ناڵێم نابێت ڕەخنە لە کۆمۆنیستەکان بگیرێت، بەڵام ڕەخنەی سیاسی - چینایەتی هەیە و ڤین هەڵڕشتینیش هەیە. بەبڕوای من ئەم نووسین و دەربڕینانەی ئەم دوواییانەی پێشڕەو و تەنانەت ئەم نووسینەشی دەچنە خانەی ڤین هەڵڕشتنەوە. ئاخر بەڕاستی ئاسان نییە(ڕوویەکی دەوێت) کەسێک لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئیدیعای مارکسییەتی کردبێت و مارکسیزمی خوێندبێتەوە و دەیان نامیلکە و تەنانەت مانفێستی حیزبی کۆمۆنیستیشی تەرجەمەی سە زمانی کوردی کردبێت، گوزارشتی لەچەشنی (بەفیتی کۆمۆنیستەکان و دەبەنگیی سیاسی و ..) لە کورتە نووسینێکدا دژ بە کۆمۆنیستەکان بەکار بهێنێت کە هەموو هەوڵەکەشی بریتی بێت لە ناشیرینکردن و ناشیرین نیشاندانی وێنەی خەباتی ئەو کۆمۆنیستانەی کە بەدرێژایی ژیانیان، جوانی و گەنجی خۆیان بەخشیوە بەخەباتی سیاسی و

چینایەتی لە کوردستان و عێراق و ئێران؟ پێشڕەو محەمەد پێی بزانێت یان نا بووەتە دەمڕاست و قسەکەری کۆنەپەرستی بۆرژوا ناسیونالیزم. دووا قسەم ئەوەیە ئەم بینینەی پێشڕەو محەمەد،بینینە بەو چاویلکەی شکاوەی کە هەرگیز ناتوانێت دیمەنی ڕاستەقینەی واقیعییەتێک ببینێت وەک ئەوەی کە هەیە.

__پەراوێزەکان :__

(١)بەکر عەلی شاعیر لە ١٩٦٨/٦/١٩ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلیمانی لە دایکبووە، دەرفەتی خوێندنی تا پۆلی دووی ناوەندیی دەبێت، دواتر بەهۆی نەداری ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن. بەکر عەلی لەناو خەڵکیدا بە گوڵە سوورەکەی حامیە ناسراو بوو، لەبەر ئەوەی زۆر خۆشەویست بوو لەناو چینی هەژار و ڕەنجدەران بەتایبەتیش لەناو خەڵکی حامیە کە هەموویان هەژار بوون؛ ئەو وەک داکۆکیکارێکی سەخت بۆ مافەکانی خەڵکی حامیە دەجەنگا، لەگەڵ ئەمەشدا نووسینی شیعری دڵداری و ناسک بووە هۆی ئەوەی پێیبڵێن: "گوڵە سورەکەی حامیە".

لە ساڵی ١٩٩٤ دەبێت بە نوێنەری خەڵکی حامیە بۆ نارەزایەتی و وەستانەوە دژی بڕیاری ڕوخاندنی خانووەکانی ئەو ناوچەیە و کردنی بە پارک، جێگای ئاماژەیە گشت خەڵکی حامیە هەژار و نەدار بوون، بەکر عەلیش وەک مرۆڤدۆست و کەسێک کە بڕوای بە هزری چەپخوازیی هەبووە بەرگری لەم خەڵکە کردووە. بەداخەوە ئەم شاعیرە جەنگاوەرە لە دووی ئەیلوولی ١٩٩٤ بەدەستی چەتەکانی کوردایەتی تیرۆر کرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی ئاوێنە.

https://www.awene.com/
١٠٥٧٦=detail?article

(٢) پەیجی پێشڕەو محەمەد، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ، دووی ئەیلوولی ٢٠٢٤ . بۆ خوێندنەوەی پۆستەکەی پێشڕەو محەمەد دەتوانیت سەردانی پەیجەکەی بکەیت.

https://www.facebook.com/
peshraw.mohamme

(٣)کۆشیعری کاسکێتەکەم بسپێرن بە پاییز، شیعر بەکر عەلی چاپی دووەم ٢٠١٥، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

# فیلمەکەی (ئارام حەسەن)! لە دواین لاپەڕەی (بۆپێشەوە)دا



www.bopehsawa.net

ساڵی هەشتەم ژمارە (174) بەرواری 1-9-2024

دوا لاپەڕە 14

بۆپێشەوە

FORWARD

Forward

دوا وتە

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، بەندی عەلی، وریای ڕەسام، ئەحمەد عەلی، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود،عامر سابیر، توانا حەمە نوری، ژمارەیەک ژنی نارازی...

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

bopeshawa@gmail.com

abdulla.mahmud@gmail.com

www.bopeshawa.net

THE GOAT LIFE

لە ٢٨ هەمین ساڵیادی ٣١ ئاب و جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆییدا...

ئارام حەسەن

نووسینی : جەماڵ کۆشش

سەرەتای مانگی ٩-٢٠٢٤

ماوەیەکە فیلمی The Goat life(ژیانی بزنەکە)، کە یەکێک لە فیلمە سینەماییە گرنگەکان بوو لەسەر ژان و چەوسانەوەی کرێکارانی کۆچبەر لە وڵاتی سعودیە لە (نێتفلێکس) پەخشکرا و بەو هۆیەوە کۆیلایەتی و نائینسانی تر لە سەردەمی کۆیلایەتی، ژیانی ئەو چەند ملیۆن کرێکارە کۆچبەرەی لە وڵاتانی کەنداو هێنایەوە نێو جیدالاتی فکریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. منیش کە ئەو سەردێرەم لە ڕۆژنامەی (بۆپێشەوە) بینی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بەتاسەوە خوێندمەوە، بەڵام چیم خوێندەوە:-

(تەواوی خەبات و بزوتنەوەی سەدان ساڵەی کورد، ئەوەندەی دوو سەعات و٥١ دەقیقەی لە فیلمی (حیاة الماعز) یان ژیانی بزنەکە، کاریگەری و دەنگدانەوەی نەبوو لەسەر ئاستی جیهان، خۆم لەقەرەی ئەو کارە سینەمایە زۆر باڵایە نادەم)، (بەڵام بڕوانن کارێکی هونەری هیندییەکان چ واتەوات و ژاوەژاوێکی ناوەتەوە لە جیهاندا)، (ئێمەی کورد ... تەنیا یەک فیلمی سینەمایی تۆکمەمان لە سەر خۆپیشاندانەکەی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠ دەرهێنابا ئیدی پێویستمان بە ڕیفراندۆمیش نەدەبوو...)، (ئێمەش لە باشوری کوردستان تازە بەتازە زوڕنای ٣١ئاب و دەهۆڵی ١٦ ئۆکتۆبەر و نووزەنووزی نەبوونی مووچە و ئاو و کارەبامانە). بۆ (پێشەوە)، دوالاپەڕە لە ژمارە (١٧٤)ی (١-٩-٢٠٢٤).

ئارام حەسەن؛ بێئینسافانە و لەپشت کێوی لاشە و خوێنی ئەو کرێکارانەوە دەیەوێت ئیستیغلالی نێوبانگی ئەم فیلمە بۆ نابوودترین بۆچوونی ناسیۆنالیستی بکات. بە یەک وشەش نە لەسەر فیلمەکە و نە لەسەر کرێکارانی کۆچبەر و نە لەسەر بابەتی فیلمەکە نەینووسیوە. کۆمەڵێک ئیهانەی بەخەڵکی نارازیی و خۆپێشاندەری کوردستانی عێراق کردووە و داواکان و خەباتیانی وەک "نووزە نووز" چواندووە. ئەم فیلمە تراژیدیای ژیانی کرێکارانی کۆچبەر لە کوردستانیشی هێنایەوە بەر سەرنج؛ بەتایبەت پاش ئەوەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی (کەناڵی هیوا)ی لەلایەن هاوڕێ (شەماڵ عەلی)یەوە لەسەری ئەنجامدرا. لە ڕاستیدا ئامانجی (ئارام) لە شاردنەوەی ناوەڕۆکی فیلمەکە و سەرکوتی مەعنەوی نارەزایەتییەکان، خزمەت بەڕیفراندۆمەکەی بارزانی دەکات و لە نووسینەکەشدا هەر بەهەمان زمان و چەمک و واتا بەکارهێنراوە. دەیەوێت بەدەرهێنانی فیلمێک لەسەر ئەم بابەتە جیهان بهەژێنێت. بەڵام ئەمە کارەساتەکەیە و ئەمە ڕاوێژکار و ڕەخنەگرەکەیە،کە ئیدی ئەبێت ڕۆشن بێت بۆ هونەری سینەمای کوردیی ناتوانێت دونیا وەک چۆن هەیە ببینێت، بۆ ناتوانێت لەنزیکەوە بەقووڵی بچێتە نێو ئازاری خەڵک و ئاواتی لەمێژینەیانەوە.

بۆ ئەم "واتەوات"ە لە ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە)دا بڵاوکراوەتەوە؟! بەڕێز سەرنووسەر، ڕاوێژکاری سەرنووسەر و هاوکاری سەرنووسەر، ئایە هیچ کامیان ئەم وتارەیان نەخوێندەوە؟ بەڕێزان ئامادەکارانی گۆشەی ئەدەب و هونەر، ئاگایان لەم فیلمە هیندییە (نوکتەکە نا-فیلمی ژیانی بزنەکە) و ئەم نووسینەی ئارام حەسەن نییە؟ بابەتەکەش هیچ پەیوەندی بەئازادی نووسین و لێکدانەوەی جیاوازەوە نییە. بابەتەکە هیچ لێکدانەوەیەکی لەسەر فیلم و سیناریۆ و دەرهێنان نەکردووە. ئارام حەسەن، ژەهری لە شووشەی هەنگویندا پێشکەش کردووە.

ڕێگای پۆپۆلیستی، بۆ نێو کۆمەڵانی کرێکاران و ئازادیخوازانتان نابات. وەک دەبینین بۆ کوێی هێنان!پێشتر لەڕێگای چەند هاوڕێیەکمەوە، لەسەر چەند بابەتێک سەرنجم بۆیان ناردووە، بەڵام پێدەچێت، خودی ڕۆژنامەی (بۆپێشەوە) ئیدی زۆر دوورکەوتبێتەوە و پێویستی بەوە هەبێت، چووپەکەی بۆ هەڵدەین؛ ئیدی ئەویش ئازادە خۆی پێدەگرێتەوە یان نا؟!(*)

(*)لەم کورتە نووسینەمدا جگە لە ناوی فیلمەکە،ڕێنووسی ئەو پەرەگرافانەشم چاک کردووە کە لە ڕۆژنامەی بۆپێشەوەم وەرگرتوون.

# کەلەپووری خەمناک

## ئەو تابلۆیەی بوو بە مۆتەکە بۆ هونەرمەندەکە



ڕانانی : عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

تابلۆی "کەلەپووری خەمناک" بە یەکێک لەو شاکارە هونەرییانە دادەنرێت کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بە بۆیەی چەور؛ بە بەرزی (٢١٠سم) و پانی (٣٨٥سم) لەلایەن هونەرمەندی ئیسپانی خواکین سۆرۆیاوە (١٨٦٣ـ ١٩٢٣)زاینی کێشراوە، (*) کە بە شێوەکاری کەنار زەریا بەناوبانگ بووەو چونکە لەبەر نزیکی ستۆدیۆکەی لە زەریاوە؛ کەناراوەکەی بۆ زۆربەی تابلۆکانی هەڵبژاردووە، هاوبار بە وەستای سپیش ناسراوە چونکە لە مامەڵەکردنەکانیدا لەگەڵ ڕەنگی سپی زۆر کارامە بووە. سەبارەت بە تابلۆی "کەلەپووری خەمناک" لە هاوینی ساڵی ١٨٩٨ لە کەناری ماڵڤارۆسا لە ڤالێنسیا دەڵێت: ئەم میراتە دڵتەزێنە مۆتەکەی منە، بەیانییەک سەرقاڵی سەردانی ماسیگرەکانی ڤالێنسیا بووم، کاتێک بینیم، لە مەودایەکی نزیکی دەریاوە، کۆمەڵێک منداڵی ڕووت لەگەڵ قەشەیەکدا کە بەتەنها خۆی منداڵانی نەخۆشخانەی "خوان دی دیۆس" و پاشماوەی کۆمەڵگە کە لە نێوانیاندا نابینایان و بیرکوڵەکان بوون و سەرپەرشتی دەکردن و بەوپەڕی سسەرقاڵییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن. بوونی ئەم منداڵە بەدبەختانە کاریگەرییەکی پڕ لە ئازاریان لەسەر من بەجێهێشت و پرسیارم لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە کرد بۆ ئەوەی مۆڵەتی پێویست وەرگرم بۆ کارکردن لەو مەیدانەو گواستنەوەی ئەم تابلۆیە لەسروشتەوە بۆ ناو کاری هونەریم". تابلۆکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بەر لە دامەزراوەو ڕێکخراوە مرۆییەکان، هەموو ئەو منداڵە کەموکوڕو ناساغانە لەلایەن خانەوادەکانیانەوە بە خەمساردی و بێباکانە فڕێدەدران؛ ئەم منداڵانە هەر یەکەو بە دەردێکەوە دەناڵێنن و هەر هەمووشیان هاوبەش و هاوخەمن بە دەردێکەوە کە بێ نازی و دابڕانە لە کەسوکارو خانەوادەو کۆشی گەرم و بەسۆزی باوان. خواکین سۆرۆیا لە ڕێگەی تابلۆکەیەوە هەوڵیدا ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو منداڵانەی کە بەدەست کێشەی تەندروستییەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی ئەوانەی کە توانای ڕۆیشتنیان نییە یان بە سەختی بە پێ دەڕۆن بە پشت بەستن بە دارشەق هەنگاو دەنێن، هەوڵیدا سەرنجی بۆ پرسی گەنج و ژنان ڕابکێشێت کە بەدەست کێشەی تەندروستییەوە دەناڵێنن لە ئیفلیجی منداڵانەوە کە نەخۆشییەکی زۆر باو بووە؛ لە ئەنجامدا ناهاوسەنگییەکی تەواو لە سیستەمی جووڵەی جەستەیاندا جێ دەهێڵێت. هەروەها لە تابلۆکەدا قەشە "سەینت جۆن" دەردەکەوێت کە بە وردی چاودێری منداڵەکان دەکات. ئەم کارە هونەرییە سەر بە سەردەمی یەکەمی نیگارکێشییە کە مامەڵەی لەگەڵ بابەتە کۆمەڵایەتی - مرۆییە هەستیارەکان کردووە. ڕەنگ بە گشتی لەم تابلۆیەدا شەپۆلێکی خەستی خەمۆکییە، پۆشاکی قەشەکە ڕەشێکی کلتووری تۆخەو شێواوی و شەکەتی بە ڕووخسارییەوە دەرکەوتووە، زەریاکە لێوانلێوە لەو ڕەنگەی کە تیرۆژێکی ئومێد بەخشی تیا نابینرێت، سیمای منداڵەکان وێڕای دەرچوونیان بۆ سەر زەریا هیچ خۆشی و نەشئەیەک نابەخشن و تەواوی نیگەرانییان پێوە دیارە، لە ڕادەبەدەر سست و لاوازن و نیشانەکانی بەدخۆراکی لەسەر جەستەیان تەواو دەرکەوتووەو هەر هەمووشیان پێ خاوس و ڕووت وقووتن. ئەم کارە بۆ هونەرمەند زۆر سەخت بوو، نەیتوانی بەردەوام بێت لە کێشانی تابلۆکە، نەک لەبەر نەبوونی توانای هونەری، بەڵکو بەهۆی ئازاری دەروونی لە بینینی ئەو جەستە خاوو سستانەدا کە لە پشت دیوارەکانەوە شاردرابوونەوەو دواتر هاتنە کەناردەریاو بەمەش نەهامەتی گەورەی مرۆیی بۆ ئاشکرادەبێت، ئەم دیمەنە ئازار دەگەیەنێتە شێوەکارەکەو دواتر لە ڕێگەی تابلۆکەوە هەمان هەست دەگاتە خەڵکی گشتی. بەپێی لێکدانەوەی بەشێک لە توێژەران کارەساتی پشت پەردەی ئەم دیمەنە نەخوازراوە زۆر گەورەترە لەو گۆشە نیگایەی بینەری ئاسایی لێوەی دەڕوانێتە مەتنی تابلۆکە، چونکە ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە پەنهانە باسی سەردەمی باڵادەستی کڵێسا دەکات بەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپی کە دووچاری کولەمەرگی و نەهامەتی کارەساتبارو دەردەسەری گەورەی کردبوو؛ لەگەڵ ئەوەش نە دەیتوانی بەڕێوەی ببات و نە بۆی هەبوو جێگرەوەیەکی بۆ بدۆزێتەوەو دەستبەرداری بێت، تا بە سروشتی خۆی دەردەکان تێپەڕێنێت و چاکبێتەوە. دوای تەواوکردنی تابلۆکە، ناونیشانی "منداڵانی ئاسوودەیی" بۆ هەڵبژارد، چونکە ئەم منداڵانە پەراوێز خرابوون، بەڵام ڤیسێنتی بلاسکۆ ئیبانێز نووسەری ئیسپانی؛ خاوەن ڕۆمانەکانی "خوێن و خۆڵ و چوار شۆڕشگێڕی زیندوبوونەوە کە ناویان گۆڕدراون کراونەتە "کەلەپووری خەمناک"ی بۆ ناونیشانی دوو فیلم هەڵبژێردراون. تابلۆکەشی هەر بەم ناوەوە نا. بە لەبەرچاوگرتنی قەبارە گەورەکەی، پێشکەش بە پسپۆڕێکی چوارچێوەسازی

بۆ ل٦

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# نیشتمانێک لەهاژەی ئاو

شیعری : ستار ئەحمەد



هەموومان لەحاڵی بارینا
بەئاو ژێردەبینەوە
لەوەتەی سروشت لەتەلقینی ئاو بووەتەوە
مەرگی درەخت؛
ناونیشانی کەنارەکان دەنووسێتەوە.
سەردەمانێک خەونم بەتینووەکانەوە دەبینی
ژمارەی ئەو کەنارییە شەهیدانەم دەژمارد
لەگەڕانی دڵۆپێک ئاودا وشکدەبوونەوە
ئەمڕۆ ناخم داگیرساوەو
بەپیتێکی تینوو..
مێژووی ناسنامەیەک دەهۆنمەوە
ئەم داچوون و هەڵکشانە
بەرەهایی خۆزگەدا
بەربوونەوەی دڵی درەختەکان
دەکاتە سەمفۆنیای هەڵاتن
ترس لەیەخەی بەهای نوێبوونەوە دەڕوێنێ
نووسین لەسەر لاپەڕەی ئاوو
مەلە لەناخی ڕووباردا
خۆدزینەوە لەشەپۆڵ
بازدان لەبەربەستەکان
مەگەر ئاو لەزمانیان وردبێتەوە
ئاو دەتوانێت..
نرخی لەدایکبوون و پووکانەوە هەڵسەنگێنێ
کەمانگ دەگیرا...
ئاو نیگای لەخەنە هەڵدەکێشا
ڕوانگەکانم سوور دەبینی
وەک ئەو شەوانەی... شەفەقی لەجەرگیا دەشاردەوە
وەک ئەو ئێوارانەی...
کەل دەبووە میوانی ئاسۆ
کەمانگ دەگیرا
بەجووتە دەچووینە سەر باڵی شەپۆلێک
خەونەکانمان دەبوونە گلکۆ
لەوەتەی دڵۆپێک ئاو...

ڕەنگی بوونمی هێنایە بوون
بەدوای جەوهەری ڕەنگەکانا دەگەڕێم
مەگەر کانی بزانێت...
زاری بێدەنگی لەم هەوارگەدا
چ مانایەک دەبەخشێ
تەنها ڕێگاکان...
لەژێر پەلەقاژەی هەڵکشانی ئاودا
مانای بزربوون دەزانن
گۆڕێک لەشەپۆڵ
نیشتمانێک لەئاو
هاژەیەک لەپێمەلەی چڵەکان
ڕامووسانێک لەنێوانی ڕۆخی کەنارو ئاودا
ناونیشانمان بەرەو ترۆپکی بەها دەگوێزنەوە
دەگەینە سەرابێک..
لەوەتەی نوستووین
بێئاگا لەدەستی مردن ڕۆحمان دەژمێرین
بەدوای جەستەی هیواکانا گۆڕ لێئەدەین
گۆڕ بۆ وجود
گۆڕ بۆ ژیان
گۆڕ بۆ مێژوو
گۆڕ بۆ زمان
گۆڕ بۆ تێڕامان
وردبوونەوە لەوانەی بەجەستەی ئێمە
دوورگەیەکیان لەستەم دارشتووە
بەخوێنی ئێمە...
پەرستگایەکیان بۆکڕنۆشمان لەچاڵی چاوماندا هەڵکەندووە
لەوکاتەوەی عیسا کۆشی مەریەمی ناسی و
لانکی ئاشتی لەبەربەستەکان ئاودیوکرد
ئێمە بەدوای بارگەی خوێن
بارمتەی گڵ
دەسرازەی ئاسۆ
لانکی گیان
شەوگاری بێ مانگدا دەگەڕێین
پەروانەیەک..
ڕۆحمانی لەشیلەی گوڵێکدا نەناسیوە
باخچەیەک... بەعومری ڕەهامان چرۆی نەکردووە
سەردەمێکە.. ئاو خوێنمانی بەجێهێڵاوە
بۆیە دەبینە باران و دەبارین
دەبینە بەفرو برین دائەپۆشین
هەموومان... لەحاڵی بارینا بەئاو ژێر دەبینەوە.
لەوەتەی سروشت لەتەلقینی ئاوبووەتەوە
مەرگی درەخت.. ناونیشانی کەنارەکان دەنووسێتەوە.

# یاداشتێک

شیعری : خولیا حسێن



لەبەر نسێی درەختی یاداشتەکانم دانیشتووم و
ئارام، ئارام دوور دوور ڕادەمێنم
بۆ دوارۆژ نا ،
دەزانم دوارۆژیش بەلەمێکی ماندووە و
هەر ڕۆژەی قولانجێکی لەنێو شەپۆلەکانی دەریای شەڕانگێزییەکانی ژیان
لەبار یەکتری هەڵدەوەشێتەوە و
کەسێکی تر دێت و
شکستەکانی بۆ نەوەکانی دەنووسێتەوە و
ڕاستییەکانیش بزر دەکا
من بۆ ئەورۆژگارانە دەڕوانم کە تێپەڕین و
ئومێدەکانیشیان لەژێر پێی ئەو ڕێبوارانە پلیشانەوە
کە پێیان وابوو هەر ئەوان
سوارچاکی ڕێگای دۆزینەوەی حەقیقەتەکانی دنیا بوون،
بەڵام هەر هەموویان لەنێو گەردەلوولی غرووردا
بوون بە چنگێک لە تەپ و تۆزی بەرماوەی ڕەشەبای لەخۆ بایی بوون و
ون بوون .. ون .. ون
لەنێوان نیشانە ترسناکەکانی نەرجسییەت و بەخۆیان نەزانی.


# بۆ خۆشەویستەکەم لەهەر کوێ بێت



شیعری: ئیبراهیم هەورامانی


دەمەوێت،
شیعرێکت بۆ بنووسم،
وەک خۆت،
جوان.. شیرین.
بەڵام، سفرە،خاڵی.
دەست،بەتاڵ
مەیدان چۆڵە،لەکار.
دەمەوێت،
لە چاوانت بڕوانم،
نیگاکانت، بخەمە دڵ
بەڵام، مانگ،نادیار
شەو، بێ ئەستێرە،
شەوی تار.
دەیانەوێ من لێت دوور بم،
لەهەر کوێ بم،
لەنێو دڵمیت
لە لای منیت
دەیانەوێ،
لەمن دوور بیت،
لەهەر کوێ بیت،
وەک ئاسۆی گەش،
ئاواتی ڕوون
لێم نزیکیت
لەگەڵ منیت
برسیم دەکەن،
تا بیر لەتۆ نەکەمەوە
لە زیندان بەندم دەکەن،
تا بە دیدەنیت،
گەش نەبمەوە.
بیرت دەکەم،
زۆر زۆر زۆر، بیرت دەکەم
ڕاستە برسی و بێکاری
لەژێر فشاری پۆلیسدام
بەڵام، نە بێکاری،
نە ڕقی پۆلیس،
نە برسێتی ،
تۆ لەبیر من نابەنەوە
تۆ گوڵەگەنم و
دڵی پڕ لە خۆشبەختی منی.

# بۆ هاوڕێم .. ( بەکر عەلی )



شیعری : بەندی عەلی

ئەوان هەر وایان دەزانی ..
شاعیر تەنها دەبێ باسی
چاوی کاڵ و لێوی ئاڵی یارێ بکا و
شەوانە .. هەر دەردی دڵی
بۆ مانگەشەو بدرکێنێ!
نەیان زانی ..
ئەوەی نانی شێوی نەبێ ،
کوێر دەبێت و
ئەوەی چوار دیوار و میچێ دای نەپۆشێ ،
دەست دەبا بۆ .. شارە زەردەواڵەکانیش
چەند بێ سەلیقە و گەمژە بوون ،
ئەوان .. هاوڕێ
!! چەند بێ خەم و بێ منەت بووی
تۆش .. لە مردن !!



# کەلەپووری خەمناک

پاشماوەی .....

کرا بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوازی چوارچێوەدانان لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەبەرچاو بگرێت، کە چوارچێوەکان قەبارەیان گەورە بوو، کێشیان قورس بوو، دیکۆراتی زۆریان هەبوو، بە پێچەوانەی ئەمڕۆوە کە چوارچێوەی بۆ ناکرێت یان لە چوارچێوەی سادەو تەنک بەبێ دیکۆرات کاری لەسەر دەکرێت. ساڵی ١٩٩٠ فێرناندۆ میراندا کاسێل چوارچێوەیەکی بۆ تابلۆکە دروستکرد، کە دەتوانرا هەڵبوەشێنرێتەوەو چوار جەمسەرەکەی جیابکرێتەوە بۆ ئاسانکاری لە پرۆسەی گواستنەوەدا، دوای نزیکەی تەواوەتی کۆدەنگی لەلایەن دەستەی پسپۆڕانەوە لەسەر بەرهەمەکانی، بەتایبەتی تابلۆی کەلەپوری خەمناک، کە لە بازنەی هونەریدا بووە هۆی جەنجاڵییەکی گەورەی بینەران و ڕەخنەگران. لە هەمان ساڵدا بەشداری پێشانگای جیهانی کرد لە پاریس. ئەم تابلۆیە لە پاریس لە کاتی پێشانگای گشتی ساڵی ١٩٠٠ نمایش کرا؛ لەو کاتەدا خەڵاتی گەورەی بەدەستهێناو ساڵی ١٩٠١ میدالیای ڕێزلێنانی لە پێشانگای نیشتمانی هونەرە جوانەکان لە ئیسپانیا وەرگرت. دوای ئەم ناوبانگە گەورەیە، هونەرمەند هەوڵیدا تابلۆکە بە دەوڵەتی ئیسپانیا بفرۆشێت، بەڵام لەلایەن ڕەخنەگرانی ئیسپانیاوە ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەی ئەم بەرهەمە بووەوە. دواتر لیبراڵەکان بە نیگەرانی زۆری لە دەستدانی و فرۆشتنی بە وڵاتانی تر پێشنیارێکیان پێشکەش بە پەرلەمان کرد بۆ کڕینی ئەو شاکارە، لەبەر ئەوەی هەر لە ئیسپانیا بمێنێتەوە، بەڵام کۆنەپەرستان ئەو کارەیان ڕەتکردەوە. سۆرۆیا تابلۆکەی لە مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن لە مەدرید دانا، چاوەڕێی ئەوە بوو دادگاکانی ئیسپانیا دەنگ لەسەر کریدتێکی پێویست بدەن بۆ بەدەستهێنانی. دوای نزیکەی دوو ساڵ لە چاوەڕوانی تابلۆکەی بە خیسۆس ڤیدالی فرۆشت کە کۆکەرەوەیەکی ئیسپانیەو لە نیویۆرک دەژی، تابلۆکە دەستی بە گواستنەوەی لە کۆکەرەوەیەکی هونەرییەوە بۆ کۆکەرەوەیەکی دیکە کرد تاوەکو لە ساڵی ١٩٨١ لە زیادکردنەکانی ساوثبای فرۆشرا، تابلۆکە لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن بانکاجاوە کڕدراو بەخشرایە کلێسای ڤێرجین لە نیویۆرک.

( * ) خواکین سۆرۆیا لە ٢٧ ی فۆرییەی ساڵی ١٨٦٣ لە فالنسیای ئیسپانیا لەدایکبووە.. لە ١٠ ی ئابی ساڵی ١٩٢٣ لە سیرسیدیلا، لە ئیسپانیا کۆچی دوایی کردووە. شێوەکارێکی ئیسپانییە؛ کاری پۆرترێت و دیمەنی سروشتی و بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویین و سەر بە ڕەوتی ستایڵی نیگارکێشانی سروشتی ئەمریکیی بووە. زۆربەی بەرهەمەکانی گوزارشت لە خەمەکانی مرۆڤ و دیمەنەکانی ژێر خۆری نیشتمانەکەی دەکەن. سۆرۆیا خەڵکی شاری ڤالێنسیا بوو، بەڵام ناوبانگی گەورەی نێودەوڵەتی بەدەستهێناو بەرهەمەکانی لە گەلەرییە گەورەکانی سەرتاسەری ئەوروپا و ئەمریکا نمایشکراون تا ئەمڕۆش توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت.

# دووا تکام



شیعری نووسەر: عەزیز نیسین*

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی : حەمید کورەچی

لە عەرەبییەوە بۆ کوردی : عەبدوڵا سالح

ئەگەر وام بۆ بڕاوەتەوە ببمە ڕووەک

پێم خۆش دەبوو ببمە دەشتێکی سەوز

گیای ژەهراوی و گیا کەڵەی تێدا نەڕوێ.

وە ئەگەر بووم بە ڕێباز

با ئوتومبێلی بووک و زاوا بەسەرمدا تێپەڕن

نەک تانکە پۆڵاینییەکان.

با منداڵان بەسەرمدا ڕاکەڕاکە و یاری بکەن،

نەک ئەوانەی هەڵاتوون

نە قێزەونەکان

نە سەربازەکانیش.

ئەگەر ویستتان خشتێکم لێدروست بکەن

بەکاری بێنن بۆ دروستکردنی قوتابخانەکان

نەک بۆ دروستکردنی زیندانەکان!.

ئەگەر هەناسەیەکم تێدا ما

تکایە بۆ فیکە بەکاری بێنن

نەک بۆ زەنگی ئاگاداری

قەڵەمێکم لێ دروست بکەن

چونکە بە قەڵەم هۆنراوەکانی خۆشەویستی دەنووسم

واژۆی لەسێدارەدانی پێناکەم

وە کاتێک دەمرم،

دەبێ لە نێو گەڵای داری ئەشکەوتەکاندا بژیم

نەک لەگەڵ چەکەکان!

*عەزیز نیسین – یا عەزیز نەسین; ناوی ڕاستەقینەی (محەمەد نوسرەت نیسین)ە، لە ساڵی ١٩١٥ لە تورکیا لە دوورگەیەکی نزیک ئەستەنبوڵ لەدایک بووە ناوی (عەزیز نیسین)ی بەکارهێناوە، بۆ نهێنیکاری و خۆپارستن لە دەزگا ئەمنییەکان، سەرەڕای ئەوەش، دەزگای ئاسایشی سیاسی لە تورکیا چەندین جار زیندانیان کردوە. بە یەکێک لە باشترین و بەناوبانگترین تەنز ( گەپ) نووسانی ئەم جۆرە ئەدەبە لەسەر ئاستی جیهان دەناسرێ، ئەو ئەدەبەی بە ( چیرۆکە گاڵتەجاری و فرمێسکاوییەکان ) لە جیهاندا ناوی دەبرێ، ئەو وەک خوڵقێنەر وداهێنەرێکی ناوازە دەرکەوت، بەڵام وڵاتەکەی خۆی (تورکیا) ئەو شایستەی پێ نەدا. لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کرد.

# تابلۆی تۆفان



نووسینی :
سەفوەت واجید حەمید

یەکێک لە نێو تابلۆ هەرە بەناوبانگەکانی جیهان تابلۆی تۆفانە . ئەم تابلۆیە لەلایەن نیگارکێشی فەرەنسی جۆزێف دێزێریە لە ساڵی ١٨٢٦ دا، کێشراوە .تابلۆکە وەسفی پیاوێکی ڕووت ئەکات بەسەر تاشە بەردێکەوە ( هێمایەک بۆ مێشکی چەقبەستووی دوگماتیزم(*) بەنیازی ڕزگارکردنی پیرێکی ڕیش سپی جلو بەرگ سوور لە خنکان ، لە هەمان کات ژن و مناڵێکی فەرامۆش کردوە کە هەردوو نزیکتر و ئاسانترن بۆ ڕزگارکردن .

پیری ڕیش سپی نوێنەرایەتی ڕابردوو دەکات . ڕەنگی سووری جل وبەرگ هێمای پێگەی ئایینی و دەسەڵاتی کڵێسایە . پیریەتی نیشانەیە بۆ نەزانی و بیرکردنەوەی تاریکی ئێنجاش نزیکبوونەوە لە لەناوچوون .ژن نوێنەرایەتی ژیان و خۆشەویستی و بەردەوامی ئەکات، سنگی ڕووتی شیردانە بەمنداڵەکەی کە جەختە لە بوون و لە ئێستا . ئەو لقەدارەی دەستی پێوە گرتووە بەشێکی وشک بووەتەوە و مردووە بەڵام لقێکی جارێ هەر سەوزە و لە ژیانە ( هیوا و ئومێد ) .منداڵیش دوای خواردنەوەی شیری دایک ، جەستەی پڕە بووە لە ژیان و ئامادە نییە تەسلیم بێت و بمرێت ، وەک هێمایەک بۆ داهاتوو .

ئەم چوار کارەکتەر و کەسایەتییەی نێو ئەم تابلۆیە لە هەموو کۆمەڵگەیەک و لە هەموو زەمەنێک ئامادەن و بوونیان هەیە . کەم تا زۆر هەموو ئایدیۆلۆجییەکان لەسەر ئەم بنەمایانە درووست بوونە .تابلۆکە نیشانەی کۆمەڵگەی ئەورووپییە پێش قۆناغی ڕێنێسانس و مەبەست لەم قۆناغەش ( لەدایک بوونەوەی تازەیە / دوای سەدەکانی پانزە و شانزە ) هەروەک هەمیشە تازە و نوێ بەرێوەیە و جێ بە کۆن لەق ئەکات .کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئەورووپا لەسەر زیاتر لە دە سەدەی تاریکی( سەدەکانی ناوراست ) دامەزراوە و سەرەرای ئەوەی هەموو قۆناغەکانیان بەرێک و پێکی بری، بەڵام دواییش بە دوو جەنگی جیهانی کۆتایی هات کە بەهەردوکییانەوە و لە ماوەی تەنها سیویەک ساڵ و لە جیهان زیاتر لە سەد ملیۆن مرۆڤی تیا کوژرا و دوو ئەوەندەش بێ ماڵوحاڵ وبێ سەروشوێن بوون . هەموو میللەتێکیش شایستەی ئەو حوکمڕانییەیە کە بەرێوەی ئەبات.

(*)دوگماتیزم : پابەندبوون بە بۆچوونێکی دیاریکراو بەبێ ئەوەی بیەوێت بۆچوونەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێت یان بیەوێت گوێ لە ئارگیومێنتەکانی دژی بیرۆکەکانی خۆی بگرێت. ئەو شێوازە هەستکردن و حوکمدانە پێی دەوترێت بیرکردنەوەی دوگماتیزم و دەبێتە هۆی کۆنەپەرستی .

# گرێژنە




عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەینووسێت

## گرو لەسەر پرسی میدیا

ئەستەمە لەم هەلومەرجە خێرا گوزەرەی ئەمرۆی کۆمەڵگەی عێراق بتوانیت لەگەڵ ئاڵوگۆڕە خێراکاندا بڕۆیت و دووانەکەویت. لەوەش ئەستەمتر ئەوەیە لەم قۆناغی دیجیتاڵیزەیشنە نەتوانیت دەربیچەیەک شک ببەیت تا بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانت بەئاسانی و بەجوانترین شێوە بگەیێنیتە خوێنەر و بیسەر و بینەر. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسەت لە عێراق درکیان بەگرنگی ئەم پرسە کردووە و ئیتر نەک تەنها لەئاستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بگرە لەئاستی حیزب و تەنانەت ئەندامانی سەرکردایەتی هێزە سیاسییەکانیش بوونەتە خاوەنی سەتەلایت و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامە و گۆڤار، ئەمە جگە لە چاپدانی سەدان و هەزارەها کتێب کە ئامانج لێی؛ هێشتنەوەی کۆمەڵگەی عێراقە لەم قەیرانە بەناو بێ چارەسەرە. لەبەرامبەریشدا بزووتنەوەیەکی سۆشیالیستی پارچە پارچە هەیە کە لەزۆربەی ئەو ئیمکاناتە میدیاییە بێبەشە. ئەم بزووتنەوەیە دەستی بە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک گەیشتووە و شوناسی خۆشیان لەو بڵاوکراوانەوە وەردەگرن، بەڵام نەیتوانیوە ئەو شێوە تێگەیشتنە تێپەڕێنێت کە چەند دەیە بەر لە ئێستا دەستی بۆ بردووە. پرسی میدیا پرسێکی هەستیار و گرنگە بەڕادەیەک کە هیچ هێزێکی سیاسی لەم سەردەمەدا ناتوانێت بەبێ ئەو سەرچاوە شوناسییە گرنگە؛ دوو هەنگاوی پڕ لە دەستکەوت بنێت. پرسی میدیایی، پرسێکی چینایەتی گرنگە و سۆشیالیستەکان دەبێت بەجیدیی ئیشی بۆ بکەن. ئەگەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە عێراق نەتوانێت دەست بە میدیایەکی بەهێزەوە بگرێت، ئەوا ناتوانێت لە ململانێی نێوان کار و سەرمایە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت. ئەمڕۆ میدیا جێگەی سەدان کادیری سیاسی پرۆفیشناڵ پڕ دەکاتەوە و نەک هەر ئەوەش بگرە دەتوانێت دەیەها کادیری بەرجەستەت بۆ دروست بکات و بیخاتە مەیدانی جەنگی چینایەتییەوە. بزووتنەوەی سۆشیالیستی و فەرهەنگ و کلتوورەکەی پاشەکشەیان کردووە چونکە میدیای بەهێزی نییە، چونکە سەرمایەی بەهێزی لەبەر دەستدا نییە، تەنانەت دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی نییە تاکو دوو کتێب چاپ و بڵاو بکاتەوە. ئەم واقیعە تاڵە بەداخەوە کاریگەری هەبووە لەو پاشەکشە سیاسییە چینایەتییەی کە ئێستا هەموو دەرگیری بووینە. گەشەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبەکەشی بەندن بە لەمەیدان بوونی میدیایەکی بەهێز و دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەهێز و بەتوانا کە زامنی گەشەی ئەم بزووتنەوە چینایەتییەیە بن. هەرجۆرە قەناعەت بەخۆکردنێک بۆ مانەوە لەم دۆخە تاڵە، جگە لەگرەو کردن لەسەر ئەسپی تۆپیووی وابەستەبوون بە تێڕوانینەکانی چوار دەیە لەمەوبەر، هیچی تر نییە!

# ڕەنگی لم



شیعری : عارف کوردە

دڵۆپەکانی باران

ڕووح،

بەئەستێرەکانەوە، دەبەستێتەوە

گرمەگرمی هەور..

تێکەڵ، بەدڵە ڕاوکێی و

ترپە ترپی هەناسە ئەبێت

کاتێ بەفر دەبارێ..

جەستەکان گەرم دادێن

دەستەکان، یەکتر ئەگووشن

پەنجەکان، لێک دەئاڵێن

ئەوە قودرەتی سرووشتە

بوونەوەرەکان،

بەخۆشەویستی ئاو ئەداو

لەخاکییان مارە دەکا

ئەوە لۆسیفەری چاکەکارە

دەستی شەڕانگێزەکان، دەبڕێتەوە.

سێبەری درەخت..،

دەکات بەجێژوانگە بەعەشق،

کەلاوەی دڵە ڕووخاوەکان

نۆژەن دەکاتەوە

تەپوتۆزی دەیەکانی ڕابروو،

لەسەر چاوگی کانییەکان لائەدات.

مووروی ملی کیژۆڵە پاچەڵەکان دەهۆنێتەوەو

ماڵەباجێنەی نۆساڵەیان دەڕوخێنێ..!

گریان و ڕووبار

ئاوێزان دەکاتەوە

ئەو..،

دەبێتەوە بەلمی ڕۆخی دەریاکان و

وورده ماسییەکان

لەترسی ماسی گرە

بەڕەنگی لم، ڕەنگ دەکات.

# چارەنووسی مرۆڤەکان



شیعری :

هێرمان خۆرتەر( *)

وەرگێڕانی
لە ئەڵمانییەوە :
ئەحمەد جوانکار

ترسناکە چارەنووسی مرۆڤەکان

لەنێوانیاندا شەڕێکی درێژخایەن ڕوو دەدات

شەڕێکی بەهێز بۆ خاوەنداریکردنی زەوی

بۆ هەژارکردنی زۆرینەی خەڵکی .

کرێکاران ، بە ملیۆنان ، لەو شۆڕش و شەڕەدان .

چونکە هیچیان نییە،

داهاتوویەکی ترسناک بۆ مرۆڤەکان بەڕێگەوەیە.

تێبینی : ئەم کورتە شیعرە یەکێکە لەو قەسیدانەی کە دوای مەرگی هێرمان خۆرتەر بڵاوکراوەتەوە .

# چوون بۆ شار

نووسینی : لەورا ئینگۆڵز وایڵدەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :

بانیژەی ئەدەب و کلتوور

هەبوو نەبوو کچێکی بچکۆلانە هەبوو ناوی لەورا بوو کەلە خانوویەکی بچووکی لەشەقرەدار دروستکراودا دەژیا.

لەورا لەو خانووە بچکۆلانەیە لەگەڵ باوکی و دایکی و خوشکە گەورەکەی مەری و خوشکە ساواکەی کێری و سەگە ئینگلیزییەکەیان جاک دەژیا.

ڕۆژێکیان باوکە وتی هەرکاتێک لەچاندنی بەروبووم ببێتەوە هەموو پێکەوە دەڕۆن بۆ شار. لەورا و مەریش دەبات لەگەڵ خۆیاندا. ئێستا هێندە تەمەنیان هەیە تا لەگەڵیاندا بچن.

لەورا و مەری زۆر دڵخۆش بوون! بۆ ڕۆژی دوایی یاری چوونە شاریان کرد. نەیان دەزانی ئەو یارییە جوان بکەن چونکە نەیاندەزانی شار چۆنە و هەرگیز نەچووبوونە هیچ دوکانێکەوە.

شەوێکیان باوکە وتی " سبەینێ ئەچین بۆ شار" ئەو شەوە دایکە لەورا و مەری شوشت. ئینجا پرچە تەڕەکانیانی لەف کرد و بۆ ئەوەی سبەینی قژیان لوول بێت.


کاتێ لەورا و مەری لەخەو هەستان جلی جوانیان لەبەر کرد. مەری قۆپچەکانی پشتەوەی عەزیە سوورەکەی لەورای داخست و دایکەش لەفەکانی لەقژیان کردووەوە و ئینجا قژیانی شانەی کرد کەبەسەر شانیاندا هاتبووەخوار.

دوای نانی بەیانی باوکە عەرەبانەکەی تا بەر دەرگای خانووە بچکۆلەکە هێنابوو. باوک مووی ئەسپەکانی شانەکردبوو تا ببریسکێتەوە. دایکەش عەرەبانەکەی لەگەڵ باوکەیا ڕێکخستبوو. منداڵەکەی لەباوەش نابوو. لەورا و مەری لەپشت دایک و باوک دانیشتن و کەوتنەڕێ بەرەو شار.

زۆر دڵخۆشبوون و کە بەو بەهارە بەناو ئەو دارانەدا دەڕۆیشتن. دایک بزەی دەهاتێ و کێریش پێدەکەنی و هەڵدەبەزییەوە، باوکەش فیکەی لێدەدا وەختی ئەسپەکانی دەئاژووشت. چەند کەروێشکێک لەپێشیانەوە لەسەر ڕێگاکەوە وەستابوون و تیشکی خۆرەکەش لەنێوان گوێچکەکانیانەوە خۆی پەخش دەکردەوە . مەری و لەورا دووجار ئاسکیان بینی کەبە چاوە ڕەش و گەورەکانیانەوە لەنێو دارەکانەوە لەمانیان دەڕوانی.

لەناکاو باوک وەستا و بە قامچییەکەی دەستی هێمای کرد" ئەوەتانێ لەورا و مەری ئەوە شاری پیپنە.

لەورا هەرگیز خەیاڵی ئەو هەموو خانووەی نەکردبوو. ژمارەیەکی زۆر خانووی لێبوو کەنەیدەتوانی بیانژمێرێ. لەورا هەر تەماشای دەکرد و دەیڕوانی و هیچی بۆ نەدەوترا.



باوکە لەدابەزینی عەرەبانەکە یارمەتی هەمووانی داو ئینجا بەرەو گەروەترین باڵەخانەی شارەکە چوون. ئەو باڵەخانەیە دوکانێکی گەورە بوو کە باوک شتی لێدەکڕی. هەر کە لە پەیژەکان سەرکەوتن لەورا زۆر دڵخۆش بوو بەجۆرێک کە لەخۆشیانا سەری بادەدا.

دوکانەکە پڕ بوو لە شت بۆ سەیرکردن. کیسەی خوێ و شەکر، قوماشی پەمبە و شین و سوور و قاوەیی و مۆری لێبوو بۆ جلوبەرگ. پۆتین و چەکوش و بزمار و مەنجەڵێکی گەورەی داری پڕ لە نوقوڵ. زۆر شتی تری لێبوو کە لەورا نەیدەزانی دایک و باوک چۆن هەڵیان دەبژێرن.

کاتێک هەموو شتەکانیان کڕی، دوکاندارەکە سەرو نوقوڵی دایە دەست هەر یەک لە لەورا و مەری. لەورا و مەری شاگەشکە بوون و وەستابوون و لەنوقووڵەکانیان دەڕوانی. پاشان هاتەوە بیریان و وتیان: "سوپاس". نوقوڵەکان شێوەی دڵیان هەبوو و لێیان نووسرابوو.

لە نوقوڵەکەی مەری نووسرابوو"

گوڵەکان ڕەنگیان سوورە

وەنەوشەکانیش ڕەنگ شینن

شەکر شیرینە

تۆش شیرین

لەوراش وتی:


شیرینی بۆ کەسێکی شیرین

دوای ئەوەی دوکانەکەیان بەجێهێشت بەرەو دەریاچەکەی قەراغ شار ڕۆیشتن. لەسەر لمێکی گەرم دانیشتن. دایکەش سەبەتەی سەیرانەکەی کردەوە کە لەگەڵ خۆی هێنابووی کە نان و ڕۆن و پەنیر و هێلکەی کوڵاو و کێکی تێدابوو.

دوای تەواوبوونی سەیرانەکە سواری عەرەبانەکە بوونەوە بەرەو ماڵ. ئەو گەشتە گەشتێکی درێژ بوو بەنێو دارەکان بەرەو خانووە بچکۆلەکەیان. لەورا و مەری زۆر ماندوو بوون و کێریش لە باوەشی دایکیدا نووستبوو، بەڵام باوکە بەنەرمی گۆرانی دەوت.

" لەناوەڕاست خۆشییەکانا و کۆشکەکانا ئێمە هەرچەند لە گەڕاندایـن

ملکەچترە لەهەر کاتێکی بەسەرچوو چۆن هیچ شوێنێک وەک ماڵ نییە"




سەرچاوە :

Going To Town
Laura Ingalls Wilder
١٩٩٥ Printed in China

# بۆ ڕێنیسانسی ئەدەبی کوردی شکستی هێنا؟


نووسینی : ئاسۆ کەماڵ




ئەم کتێبەی نووسەر ئەحمەدی مەلا شایەنی خوێندنەوە و گرنگی پێدانە، کە بەراوردی ڕێنیسانسی فەرەنسی و کوردی دەکا. ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەدەبی کوردی گرنگە تا بزانین لە چ ئاستێکی ئەدەبی جیهانیدایە و لە مێژووی نوێی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەم ئەدەبە بۆچی نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە بۆ گۆڕینی فکر و کلتووری کۆمەڵگەی کوردستان بنێ؟ بۆچی لە بووژانەوە و ڕێنیسانسی فکر و ئەدەبدا شکستی هێناوە؟ ئەحمەدی مەلا ڕیشەی ئەم شکستانەی ئەدەبی کوردی لە مانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لە "سیستمی خێڵایەتی بابانەکان و میرنشینە کوردییەکان" و سیستمی داخراوی دینی و تەسەوفی ئیسلامی بووە کە دین نەک مرۆڤ بنەمای تێڕوانین و گرنگی پێدانیان بووە. سەرهەڵدانی دیدێکی ڕەخنەگرانەی فکری و فەلسەفی و ئەدەبی بەرامبەر بەم شوناسە خێڵەکییە و کلتووری حوجرە و موریدی خەلیفە، وە بەرانبەر بەم سیستمە خێڵی و دینییانە خۆی ڕەنگدانەوەی دوواکەوتویی ئابووری دەرەبەگایەتی و خەلافەتی عوسمانی بووە لە کوردستاندا، کە بەشێوەیەکی کورت لەم لێکۆڵینەوە بەراودکارییەیدا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی بە هاتنی سیستمی سەرمایەداری بۆ کوردستانیش دیسان ئەم ڕێنسانسە ئەدەبی و کلتوورییە ڕووی نەداوە؟ لێرەوە دەگەین بەوەی کە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاپاگیری کۆمەڵگەی کوردستان پێویست و گرنگە. لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری کە لە بواری بەراوردی سیاسەت و ئابوری و پێکهاتەی کۆمەلایەتی و چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بە رینیسانس و گۆڕانی کۆمەڵگەی جیهانی ئەنجام بدرێت، تا تێگەیشتنێکی ڕۆشنتر بدات بەدەستەوە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان. خوێندنەوەی ئەم کتێبە هاندەرێک دەبێت بۆ کەسانێک کە دەیانەوێ مێژوو و واقعیەتی ئەدەبی و سیاسی و ئابوری کومەڵگەکەیان باشتر بزانن. لەم خوێندنەوەیەدا سەرنجێکی نوێ دەدەیت بۆ ئەدەبی کوردی و دەوری شاعیر و ئەدیبەکان دەناسی. ئەوەی بۆمن سەرنج ڕاکێش بوو دەوری پێشرەوی شێخ ڕەزای شاعیرە(١٨٣٥-١٩٠٩) کە ئێمە تا ئێستا بەتەنیا بە ئەدەبی هەجو و زمانی زبر دەیناسین و لێرەدا بە هەوڵی ڕێنسانسانەی سەرەتایی و ئاڵوگۆڕبەخشی ئەم شاعیرە ئاشنا دەبین لە ئەدەبی کوردیدا. وەک ئەحمەدی مەلا دەنووسێت" کاتێک شیعری شێخ ڕەزا دەخوێنینەوە، واقعییەتێکی نوێ یەخەمان دەگرێت، واقعی شار. باس لە مرۆڤ و کەسایەتییەکانی شار، زمانی نوێی شیعر، باسی ئازادی، ڕەخنە لە واقع و دەسەڵاتە دینییەکان. دواتریش لەگەڵ تێکەڵبوونی کوردستان بە سیستمی سەرمایەداری جیهانییەوە لە سەدەی بیستدا باسی قانع و حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و بێکەس و ئەوانی تر دەکا کە لە هەوڵی تازەگەری و ڕۆشنگەری ئەدەبیدا دەوریان هەبووە و ڕەخنەیان لە دواکەوتویی کلتووری و فەرهەنگی و داومودەزگای دینی و حوجرە گرتووە، وە بەدوای شوناسی ناسیونالیستی کوردێکی مودێرندا گەڕاون نەک شوناسی ئیسلامی و خەلافەت و تەریقەتدا. باسی خوباسی خوێندن و زانست و ئازادی و ڕۆڵی ژنان دەکەن. بەڵام ئەم هەوڵە ئەدەبییانە نەیانتوانیوە ڕێنسانسێکی فکری و ئەدەبی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بکەن، هەر وەک "ئەحمەدی مەلا"ش باس لەم شکستەی ڕێنسانسی کوردی دەکا. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە تەنیا ئەدەب و شیعر نییە کە کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت. ئەوروپا و ڕۆژئاوا لە ئاکامی شۆڕشێکی ڕینسانسیی و گۆرانکاری ڕیشەیی لە ڕووی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکرییەوە توانی دنیا و سیستمی دەرەبەگایەتی و دینی بگۆڕێ بە دنیایەکی سەرمایەداری. بەڵام خودی ئەم سیستمە سەرمایەدارییە کە لەسەرەتاوە شۆڕشگێر بوو بەرامبەر بەدەرەبەگایەتی و لەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی خۆی کۆنەپارێز بوو، وە کاتێک وەک هێزێکی ئیمپریالی و داگیرکار لە سەدەی بیستدا باڵ بەسەر جیهاندا لە سەدەی بیستدا دەکێشێ دەوری دەگیرێ لە هێشتنەوەی بەشێکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیش لەم دواکەوتووییە ئابوری و سیاسی و فەرهەنگییەی کە تا ئێستا بەردەوامە. شۆڕشە کرێکارییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست بوونە ئەو نەوە نوێیەی کە درێژەی بە ڕێنیسانسی سیاسی و کلتووری دا و هەر بۆیە کاریگەری ئەم تەوژمە شۆڕشگێرییەش لە کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە دەبینین، وەک لای گۆران و قانع و هتد... ئەم مێژوە فێرمان دەکا ئێستا و ئانیدەی ئەدەبی پیشکەوتنخواز لە کوردستاندا گەڕانە بە دوای شوناسێکی مرۆڤی جیهانیدا کە گوزارشت لە خولیا و خواستی ژیانێکی ئینسانیی باشتر بکا و ڕێگایەک نیشان بدات بۆ دەرچوون لە دەرد و ئازارەکانی سیستمی سەرمایەداری زاڵی ئێستا. ئەم خەم و کێشانە جیهانین و چارەسەرەکانیش هەر لە ڕێگەی کلتوور و ئەدەب و هەوڵی هاوبەشی مرۆڤەکانەوە دەبێ، هەربۆیە مرۆڤی کورد و ئەدەبەکەی بە شوێن شوناسێکی نوێی جیهانییەوەن. دەستی نووسەر ئەحمەدی مەلا خۆش بێت بۆ ئەم کتێبەی کە شایەنی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی زۆرترە و بەداخەوە من لەبواری ئەدەبدا شارەزانیم تا زیاتر لەسەر خوێندنەوەی ئەم کتێبە ڕاڤەی زیاتری بکەم.

# ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریا

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە :
بانیژەی ئەدەب و کلتوور



پیرەمێرد و دەریا؛ دوایین بەرهەمی گەورە نووسەری ئەمریکیی ئێرنست میلەر هەمەنگوایە و لە ساڵی ١٩٥٢ چاپکراوە، کتێبەکە لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەوە وەرگیراوە و باس لە شەڕی نێوان ماسیگرێکی پیری کوبایی دەکات کە ناوی سانتیاگۆیە و لەگەڵ ڕەماسییەکی گەورە. کتێبەکە لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەوە وەرگیراوە کە هەمینگوەی لە ساڵی ١٩٣٥ گوێبیستی بووە و فێری بووە. هەمینگوەی ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریای بە "باشترین بەرهەم لە ژیانی خۆیدا" زانیوە.

پیرەمێردەکە ( سانتیاگۆ) نە گلەیی دەکرد و نە بێئومێدیش بووبوو، لە کاتێکدا هەشتا و چوار ڕۆژ بوو هیچی بەدەست نەهێنابوو. بە پێچەوانەوە هێشتا لێوڕێژ بوو لە گەشبینی. وەک ئەوەی کە بۆ شتێک هەموو هەوڵێکمان داوە، بەڵام هێشتا ئەو ئەنجامەمان بەدەست نەهێناوە کە دەمانەوێت، کەواتە لەم کاتەدا دەتوانین چی بکەین؟ ئایا دەتوانین وەک پیرەمێردەکە هەڵوێستێکی گەشبینانە بپارێزین؟ ئەگەر وایە، ئەوا دەرئەنجامەکەی هەرچییەک بێت، لانیکەم بوونی خۆمان سەلماندووە.

بەلەمێکی بچووکی ماسیگرتن و ماسیگرێکی بە ئەزموون لە زەریایەکی شین و فراواندا لە ململانێدان بۆ گرتنی ماسییەکی گەورە. چیرۆکەکە زۆر سادەیە، ماسیگرتنە. بەڵام ئەم ماسیگرتنە، ماسیگرتنێکی نائاسایی تر بوو، پیرە پیاوێک ڕەماسییەکی گەورەتر لە کەشتییەکەی خۆی ڕاو دەکات. لە هەموو پرۆسەی ململانێکەدا تاکە کەس بوو، بە تەنیا لەگەڵ ماسییەکە شەڕی دەکرد. با باسی پیرەمێردەکە بکەین. پیرەمێردەکە سێ ڕۆژ لەگەڵ ماسییەکە شەڕی کرد، بە نائومێدییەوە دەستی بە تۆڕ و قولابەکەوە گرتبوو، دەست و شانەکانی ماندوو بووبوون، هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا، پیاوێک بوو کە ئامادە نەبوو دان بە شکستدا بنێت. پیرەمێردەکە کاتێک ماسی دەگرت، هێشتا هۆشمەندانە بیری دەکردەوە. بەخۆی دەگوت چی بکات و هەنگاوی دوواتری دەبێت چی بێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی دەوڵەمەندی پیرەمێردەکە بوو، پیرەمێردەکە هەمیشە ئامادە بوو، ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنەکەی بوو.

پیرەمێردەکە عەشق و سۆزی سەبارەت بە دەریای هەبوو. ئەو بەوپەڕی تواناوە باوەڕی وابوو کە ماسییە گەورەکە لە شوێنێکدایە. ئەگەر هەشتا و چوار ڕۆژە ماسییەکی نەگرتبێت، ئەمە هێشتا ناتوانێت پیرەمێردەکە بێهیوا بکات. هەشتا و چوار ڕۆژ، هەشت ڕۆژ و چوار ڕۆژ نییە. ئەگەر کەسانێکی تر بن دەتوانن ئەوەندە پشوو درێژ بن؟ پیرەمێردەکە بەمتمانەبەخۆبوونەوە و لەگەڵ دەریادا لە ژووانێکی ڕۆمانسییانەدایە. باوەڕی بە خۆی و دەریا هەیە. دەتوانرێت بوترێت کە خەونی پیرەمێردەکە ڕاوی ماسییە، ڕاوی ماسییەکی گەورە. لە ڕۆمانەکە دەتوانین کە ڕەماسییەک ببینین لەلایەن پیرەمێردەکەوە ڕاوکراوە. ماسی لەڕادەبەدەر خۆشەویست و ڕێزلێگیراوە، تەنانەت وەک برایەک مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام بەهۆی بژێوی ژیانییەوە ناچارە بیگرێت. پیرەمێردەکەش کەسێکی متمانە بەخۆیە. ئەو پێیوایە کە ماسییە گەورەکە بەقولابەکەوەیە، هەروەها پێی وایە دەتوانێت ماسییە گەورەکە بگرێت. ئەم متمانەیە لە توانای ئەویشەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە ڕۆمانەکەدا پیرەمێردەکە زیاتر لە جارێک باسی لەوە کردووە کە "ئەگەر کوڕەکە لێرە بووایە زۆر باش دەبوو"، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کوڕە بچووکەکەش لە دڵیدا پاریدەدەرێکی بەهێزە. پیرەمێرد زۆرجار قسە لەگەڵ خۆی، دەریا، ماسی، ئاسمان دەکات، جارێک لە دڵی خۆیدا وتی، مرۆڤەکان لە دەریادا تەنیا نابن. بەڵام هەست دەکەم پیرەمێردە تەنیاکە بە تەنیا لە بەلەمی ماسیگرتنی لەگەڵ تەنیای خۆی قسە دەکات. پیرەمێردەکە لە ڕاستیدا نایەوێت تەنیا بێت، بۆیە لە کۆتاییدا پیرەمێردەکە بە کوڕە بچووکەکە دەڵێت "زۆر بیرت دەکەم". گرنگ نییە سانتیاگۆ چەند بەهێزە، ئاخر ئەویش مرۆڤە. کاتێک لە داهاتوودا دەچێتەوە دەریا، باوەڕم وایە بە دڵنیاییەوە کوڕە بچووکەکە لەگەڵ خۆی دەبات. هەروەها یارمەتییەکانی زیاونانیش زۆر باشە. ئاخر نابێت هێزی هاوکاریکردن بە کەم سەیر بکرێت. هێزی هاوکاری کە بە تەنیا کار بکات، بە دڵنیاییەوە هێندەی هەوڵێکی هاوکاریکردن باش نییە. بۆیە دەبێت سوودێکی باش لە هێزی هاوکاریکردن وەربگرین بەڕاستی ئەوەندەی کێکێکی هاوبەش لە هاوبەشبوونی ئەنجامەکانی کۆتایشی نەترسین.

لەبەردەم دەریای چارەنووسدا هەریەک لە ئێمە ماسیگرێکین و هەمیشە گەلێ ڕێگەی بێشومار هەیە بۆ ئەوەی هەستمان بڕوشێنێت و بمانخاتە بەردەم بەدبەختییەوە. پاشان پێویستە بە هێمنی قبوڵی بکەین یان بە توندی شەڕ بکەین، گرنگیش نییە چۆن ژیان و واقیع دەڕازێنینەوە، بەڵام ناتوانین دەستبەرداری ورە و خۆڕاگری لەنێو ئێسکەکانماندا بین.

هەموو ڕاوچییەکی خەونان شایەنی سەرسامییە، پرۆسەی ڕاوچی خەونانیش وەک دوای بەسەرهاتەکەی بەبەهایە. تەنانەت ئەگەر ڕاوەدوونەری خەونەکان بە هەست بریندارەبوون داپۆشرابێت، هەر کاریگەر و دڵخۆشکەرە. لەوەش زیاتر، کاتێک پیرەمێردەکە دواجار بانگی کوڕە بچووکەکەی کرد بۆ ئەوەی کەلوپەلی ماسیگرتنەکە ڕێکبخاتەوە و جارێکی دیکە بجەنگێتەوە، هیچ ترسێکی نەبوو، هیچ دوودڵییەکی نەبوو، هەرچەندە جەستەی ئەوەندە ئازاری هەبوو کە خەریک بوو دەتەقییەوە، بەڵام هێشتا خاوەن ئیرادەیەکی و بێ چەندچوون بوو. ئەمجۆرە بوێری و متمانەییەش، ئەوە دێنێت هەست بجوولێنێت.

سەرچاوە :

.English Literature Pro

An education page for students of literature and Language

https://www.facebook.com/Eng.Lit.Pro

# جا کەی ڕووت لێم وەرنەگێڕا بوو..؟

شیعری : عەباس داودی



کاڵفامی خۆم بوو

بێفەرموو و بێ مۆڵەت دەهاتم لە دەرگەم دەدا

نازانم بۆ بەدوای سەرابێکدا وێڵ بووم

نە ڕووخسارێکی جوان، نە تەلیسمێکی سیحراوی

بە دەم هەنسکەوە

دەهاتم و لە نزیک ماڵتان دەوارم هەڵدەخست

شەرم بە خۆم و خۆشەویستی دەفرۆشت

خۆم با دەدا و ئاشقێک بووم دێوانەو

سەرهەڵگرتووانە گڕم دەگرت

تۆش بێباکانە لە ناخەوە قا قات لێدەدا

وەک نەفامێکی سەرلێشێواو

بە دوای سەرگەردانیی و

گەمەکردن بە ئیحساس جوانی هەنگاوم نا

بێئاگا لەوەی باڵندەی خەیاڵ بۆ کوێ دەفڕی

بێهۆش.. بێهۆش لە ئەشقێکی بەبەفربووم

بە پەتی فەنابوون خۆم هەڵدەواسی

بە شۆستە خۆڵاوییەکانی شاردا

بە تەنیا پیاسەم دەکرد

گەرووم پڕ بوو لە هەناسەکانی فەرامۆشی و تەنیایی

ئیلاهی ئەمە چی قەدەرێکە

بێئاگا لە خۆم پرچی حەزە ئاونگەکانم دەبڕی

لەم کاولستانەدا وەختە شێت بم

کێ ئیتر هاوارم دەبیستێ

بۆ ئەم نابەڵەدییە درەنگ وەختە

سیپەیەک بەدیناکەم

تا گوڕێکی تر بە خۆم بدەم

ئای لەو دڵۆپە ئارەقانەی تکان بە نێو چاوانمدا

شەرم لە خۆم دەکەم شەرم

کە ئاوڕێک لە دوێنێی خۆم دەدەمەوە.

# بۆ کۆڵۆمبسی دڵم

شیعری : تەلار تاهیر



خۆشەویستیت فێری کردم

نەزانم شکست چییە؟!

لە پێناوی خۆشەویستیمان

هەموو سنوورەکانی ژیانم بڕی

بێ ئەوەی تەنیا بۆ ڕۆژێک

هەستم کردبێت

لە نێو ساتەکانی بێ تۆییدا

ژیان بەڕێ دەکەم

چونکە هەمیشە لە نێو مندا هەیت

هەندێجار .. گەشتێکی خێرا

بە نێو جیهانی ڕوحما ئەکەیت و

هەندێجاریش..

سەرەتاتکێیەک لەگەڵ جیهانی خەیاڵما ئەکەی

من بۆ بەدەستهێنانی تۆ

دەبم بە ئاو و

وەک پەری نووقمی دەریاکان دەبم

ئازارەکانی خۆشم خۆش دەوێن

چونکە بۆ تۆن

گەر ئازارێکیش بۆ تۆ و

لەپێناوی تۆ بێت

باکم چییە بە بەختەوەرییەکی پووچ

خۆزی کتێبێک بوویتایە بەبێ هیچ ترسێک

هەرکات بمویستایە بهاتمایە دیدارت

سوراوی لێوم لەگەڵ ماچێکدا

بەسەر ڕوومەتی لاپەرەکانتەوە بەجێ بهێشتایە

یا بێ ویستی خۆم هاوشێوەی وشەیەک

پرچەکەم لەنێو دەریای قەسیدەیەکدا جێ بهێشتایە

نا بڕوا ناکەم..

تۆ هیچت کەمتر بیت لەو کتێبانەی

کە نیگای ڕوحم پڕ دەکەی لە ئاسوودەیی

تۆ ڕووبارێکی شیرینی بۆ گڕی دەروونم

تۆ خۆرەتاوی بۆ ڕۆژی ڕووناکم

تۆ خۆشترین مۆسیقای مۆزارتی بۆ ئاسوودەیی روحم

تۆ گوڵزارێکی ڕەنگاوڕەنگی بۆ هەمیشەی ژیانم

تۆ کۆڵۆمبسی منی

بۆ کیشوەر و گەردوونی دڵم

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# سەرمایەداریی نیولیبراڵ

(بەشی دووەم)

ناجی ئەفراسیاو

[ڕوونکردنەوە: ئەمە بەشی دووەمە لە سێ بەشی نامێلکەیەکی هاوڕێ ناجی بەو ناوەوە. بەشی یەکەمی لە ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی (ڕەوت)دا، ژمارە (٣٠) بڵاوکراوەتەوە. خوێنەران، مارکسیستەکان و کرێکارانی پێشڕەو بانگەواز دەکەین بۆ خوێندنەوە و بەدواداچوونی].

## دوو: نیولیبراڵیزم، ئابووری و جەنگ

لەم تەوەرەدا قسە لەسەر ئەو چەمک و بنەما و سیاسەتانە دەکەین؛ کە هەر یەک لە ڤۆن هایک (Friedrich von Hayek)، و میلتۆن فریدمان (Milton Friedman)، و جەیمس بوکانان (James Buchanan)، لەمەڕ نیولیبراڵیزم ڕۆڵی پێشەنگیان تێداگێڕاوە، و هاوبەشییەکی کارایان لە فەلسەفەی سیاسی و ئابووریی سیاسی و مێژووی نوێی نیولیبراڵیزمدا هەبووە. دەستنیشانکردنی هاوبەشییەکەیان وێنەیەکی ڕۆشنکەرەوەی نیولیبراڵیزم وەک دۆکترینێکی سیاسی پیشاندەدات. ئەگەرچی هایک و فریدمان و بوکانان تاکە بیرمەندی نیولیبراڵ نین، بەڵام تەنها وەک پێشەنگەکانی ئەم ئایدیایە دەیانناسێنین.

بەدرێژایی مێژوو، و بەتایبەت پاش گەشەسەندنی پیشەسازی و هاتنەئارای بانکەکان و سەرمایەی دارایی، سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری لەدوای قەیرانە گەورەکەی (١٩٢٩)ەوە، تاکو ئەمڕۆ بەردەوام لە قەیرانی خولگەییدا بووە، بەڵام ئەو کاتەی جەنگی جیهانیی لەئارادا بووە، تیۆرست و ئابووریناسە لیبراڵەکان سیستەمەکەیان لە کەوتن ڕزگار کردووە.

لە ساڵی (١٩٣٠) بەدواوە تیۆری (جۆن کینز) فۆرمێکی نوێی بە ئابووریی سەرمایەداری بەخشی. ئابووریی گشتیی (کینزیزم) تاکو شەستەکان درێژەی کێشا، دواتریش بۆ ئیحتیواکردنی قەیرانەکان لەسەر دەستی چەند تیۆریستێکی تر، تیۆری (نیوکینزیزم) سەریهەڵدا. بەڵام چیتر تێکەڵاویی کەرتی تایبەت و گشتی نەدەگونجا، و دەوڵەتە زلهێزەکان گیرۆدەی قەیرانی ئابووری دەبوونەوە، بۆیە ئەمجارە سەرکردەکان خۆیان تەداخولیان کرد (تاچەری بەرتیانی و ڕێگانی ئەمریکی) پرۆژەکەی قوتابخانەی شیکاگۆیان وەک دواترین فۆرمی سەرمایەداری تەبەنیکرد. بیرۆکەکانی ئەم قوتابخانەیە لەڕێگەی ڕاوێژکاراکانیانەوە (میلتۆن فریدمان و فریدریش ڤۆن هایک)، جێبەجێکران.

یەکەمیان وەک ڕاوێژکاری (ڕۆناڵد ڕێگان)، دووەمیشیان وەک ڕاوێژکاری (مارگرێت تاچەر). ئایدیاکانی ئەم دووانە، بوونەهۆی گرنگترین گۆڕانکاری لە سیاسەتە ئابوورییەکاندا، کە جیهانی خستە سەردەمێکی نوێ، سەردەمی نیولیبراڵیزم و کۆتاییهاتنی سەردەمی کینزی. دواجار؛ هەر یەک لە (هایک) و (فریدمان) کە بە مامۆستای ڕۆحیی نیولیبراڵیزم ناسراون، دێن پەردە لەسەر ڕووخسارێکی تری سەرمایەداری هەڵدەماڵن. چیتر (هایک) و (فریدمان) بوونە بیریارانی ئایدۆلۆژیای نیولیبراڵیزم، ئیتر هەر لە کۆتایی شەڕی ساردەوە، نیولیبراڵیزم ڕووی ئابووریی ئیمپریالیزمی نوێی ئەمریکا بووە.

فریدمان لە کتێبی "سەرمایەداری و ئازادی"دا دەڵێت؛ لەبەرئەوەی قازانجکردن جەوهەری دیموکراسییە، ئەوا هەر حکومەتێک سیاسەتی دژە بازار بگرێتەبەر، هەرچەندە پشتیوانیی جەماوەریشی هەبێت، ئەوە هەر دژە دیموکراسییە. بەم پێیەش داوادەکات ڕۆڵی حکومەتەکان سنووورداربکرێت؛ تەنها ئەرکیان پاراستنی موڵک و ماڵی تایبەت و جێبەجێکردنی گرێبەستەکان بێت. بەڵام پرسە ڕاستەقینەکانی وەک بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سامان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، لەلایەن هێزەکانی بازاڕەوە دیاریبکرێت.

نیولیبراڵیزم کە درندەترین فۆرمی سەرمایەدارییە و تاکو ئەمڕۆ درێژە بە تەمەنی سیستەمەکە دەدات، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، لەڕێگەی جەنگ و تیرۆر، و دوژمنی وەهمی، و قەرزی نێودەوڵەتی، و خولقاندنی دەیان مژاری ترەوە قەیرانەکانی سیستەمی پەردەپۆش کردووە. هەڵبەت ئەو کەسانەی پێیان وایە تیۆری مارکسیزم کە ئابووری دەکاتە فاکتەرێکی بنچینەیی، لە ئێستادا کارناکات. هێشتا لەوە تێنەگەیشتوون کە ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزم لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاکو ئەمڕۆ وەک پەتا بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە، بەڵام تراویلکەیە و نابینرێت، تیۆریستەکانی لە هەموو پنت و ساتێکدا تیۆری نوێ دەخەنەڕوو. بۆیە ڕەنگە بۆ ئەو کەسانە قورس بێت کە لینکێک لەنێوان ئایدیاکانی مارکس و کۆنزەرڤاتیڤێکی وەک (فیلیپ بۆبیت) دروستبکەن، لە کۆتایی سەدەی بیستدا (فیلیپ) وتی؛ لە سەدەی بیست و یەکدا چیتر (دەوڵەتی بازاڕ Market State) جێگەی (دەوڵەتی نەتەوەیی Nation State) دەگرێتەوە، کە بەهەمان شێوەی دەوڵەتی پێشوو سنوور و سیستەمی سیاسیی هەیە، بەڵام بەرپرسیارێتیی جەوهەری دەکەوێتە ئەستۆی کەرتی تایبەت، ئەوەشی لە ئەستۆی حکومەتەکاندایە پاراستنی ئەمنییەتی بازاڕە، ئەگینا کۆمپانیاکان هەموو پێداویستییەک دابین دەکەن.

(تاچەر) لە ڕستەیەکی بەناوبانگدا سیستەمی سەرمایەداریی دوایین و ئایدۆلۆژیاکەی کورتکردەوە: "شتێک نییە بەناوی کۆمەڵگەوە، ئەوەی هەیە تاکەکانە". ڕوونە کە مەبەستی (تاچەر) لە تاکەکان؛ گروپێکی بچوکی سەرمایەدار/بازرگان/دەسەڵاتدارە. بۆ کۆمیدیاکردنی ئەم تراژیدیایەش، جارێکیان (تۆماس فریدمان)ی ڕۆژنامەنووس دەنووسێت: "دەستی شاراوەی بازاڕ پێویستی بە مشتێکی ئاسنینی پنتاگۆنی ئەمریکی هەیە، هەمبەرگەری ماکدۆناڵد جێگرەوەی بەرهەمەکانی ماکدۆنێل دۆگلاس نییە"، (McDonnell Douglas) وەک ئاماژەیەک بە یەکێک لە کارگەکانی چەکی ئەمریکا.

ڕەنگە دۆخی ئێستای بۆڕسە و داکشانی بەهای



پشکی کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش، هەڕەشەی پۆلیسەکانی دەوڵەت بێت، تاکو زۆر پێیان ڕانەکێشن، و ئەو پەیامەش بگەیەنن کە ئەگەر دەوڵەت و سەرباز جڵەوی دۆخەکە ڕانەگرن، پارەکانتان هیچ بەهایەکی نییە. ئەمە جیا لەو هەموو سیناریۆ و گریمانەی لەسەر جەنگی ئابووریی نێوان (بلۆکی ڕۆژهەڵاتی) و (بلۆکی ڕۆژاوایی) هەیە.

لێرەوە ئاوێزانی سیستەمە ئابوورییەکە و دەسەڵاتی سەربازیی ئەمریکا دێتەئاراوە، ئەوەش لەڕێگەی هەردوو دامەزراوە داراییە ئەمریکییەکەوە (بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی). لەلایەکی ترەوە، هەیمەنەی پاشای دراوەکانی جیهان (دۆلار) بەسەر دراوەکانی تری جیهاندا، چەند فاکتەر و هۆکارێکی لە پشتەوەیە؛ لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم، کۆنفراسی (بریتۆن وودز) لە ئەمریکا دەبەسرێت لەوێدا، بڕیار لەسەر دامەزراندنی (سندوقی نەختی نێودەوڵەتی IMF) دەدرێت و بەهای دۆلار بە ئاڵتوون پەیوەست دەکرێت، بۆیە بە پاساوی ڕاگرتنی هاوسەنگیی ئابووریی جیهان و پڕکرنەوەی کورتهێنانی بودجە، دەبوایە وڵاتانی بەشداربوو لەو سندووقە، پارەی یەدەگ بە ئاڵتون یان دۆلاری ئەمریکی بقەبڵێنن و دایبنێن.

دواتر پرۆژەی مارشال دێتەگۆڕەپانی ئابووریی جیهان و ئەمریکا لەڕێگەی (بانکی نێودەوڵەتی)یەوە لەژێرناوی قەرەبووکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتانی قوربانیی جەنگ پارە (بە دۆلار) هەناردەی وڵاتانی ئەوروپا دەکات. وەک دەبینین پرۆسەی قەرزەکانی بانکی نێودەوڵەتی/ئەمریکی تاکو ئەمڕۆش بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم (تازەگەشەسەندوو) بەردەوامە، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامرازەکانی پیادەکردنی سیستەمی نیولیبراڵیزم. ئەم پێوانەکردن و ئاڵوگۆڕە بەردەوامە بە دۆلار، بووە هۆی ئەوەی کە دۆلار ببێتە مەرجەعی دراوەکانی جیهان بۆ دانانی یەدەگ و پرۆسەی بازرگانی و هەناردە و هاوردە. بەوپێیەشی هەردوو بۆرسە گەورەکەی جیهان (ناسداکNASDAQ) و (نیویۆرک NYSE) لە ئەمریکایە، دەبینین وڵاتانی بەرهەمهێن بۆ دەستنیشانکردنی نرخ و بەهای هەر کاڵایەک بە دراوێکی غەیرە لۆکاڵی دەبێت بەرامبەر بە دۆلار نرخدانانی بۆ بکەن.

پێشتر (لینین) وتی جەنگەکان بۆ دابەشکردنی غەنیمەیە بەسەر سەرمایەدارەکاندا، هەروەها ئامانجەکە دووبارە دابەشکردنەوەی موستەعمیرە و خاکی وڵاتانە بەسەر زلهێزەکاندا (پێشتر لە چاخی کۆلۆنیالیزمدا خاکەکان دابەشکرابوون، بۆیە لینین پێیوایە ئیمپریالیزم وەک دوا قۆناغی سەرمایەداری دووبارە ئەم خاکانە دابەشدەکاتەوە). هەروەها کۆی ئەو شەڕانەی لە هەسارەکەدا بەرپابووە، پاڵنەرێکی ئابووری/بازرگانیی هەیە.

هەر قەیرانێکیش بگرین قوربانییەکانی چینی خوارەوەیە و زیانی بۆ سەر ستانداردی ژیانی ئەو چین و توێژانەیە کە لەسەر کرێی ڕۆژانەیان دەژین. بە هاوکێشەکەی (مارکس)یش هەتا ئەم جەمسەرە هەژارتر بکەون، جەمسەرەکەی تر کە کەمینەی سەرمایەدارە، دەوڵەمەندتر و حەساوەتر دەبن.

قەیرانی (کۆرۆنا ڤایرۆس) دەریخست کە چیتر سەرمایەداری بە یەکجاری دەستبەرداری هەموو ئەو بەهایانەش بوون کە چاخی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە بە مرۆڤایەتی بەخشیبوون، بێباکییەکی تەواو بەرامبەر بە بوون و کەرامەتی مرۆیی گەیشتبووە تروپک. کەسانێکی زۆر بەپێی توانای داراییان دەیانتوانی درێژە بە ژیانیان بدەن، تەنانەت گەیشت بەو ئاستەی ئۆکسجینیش لە مرۆڤەکان زەوت بکەن. کەواتە نیولیبراڵیزم وەک دوایین فۆرمی سەرمایەداری کە هەموو بەهاکانی گۆڕیوەتەوە بە پارە، هێندەی پەرە بە پرۆسەی بەهەژارخستن دەدات هێندە نایەوێت ئیسلاحی سیستەمەکە بکات، بۆیە زیانە مرۆییەکان تا دێت بەرزتر دەبنەوە.

کاتێک ئێمە باس لە پرۆژەی نیولیبراڵیزم دەکەین، پێویستە خەسڵەتەکانی ئەم سیستەمە بخەینەڕوو، کە ئەویش بریتییە لە چڕبوونەوەی سەرمایە، واتا ژمارەیەک لە سەرمایەداران دەیان ئەوەندەی جاران پارەکانیان کەڵەکە دەکەن، هەربۆیە (سەمیر ئەمین) پێیوایە؛ ئەم گۆڕینە چۆنێتییە چڕبوونەوەیەکی زیاتری بەدەستخستووە، ئەوەش بەمەبەستی دەستبەسەراگرتنی زیادەبەها لەلایەن چەند تاقمێکی "ئۆلیگارشی"یەوە. کەمینەیەک کە بە هاوکێشەی ]پارە»هێز»میدیا[ پەیڕەویی لە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانییان دەکەن.

بە بەراورد بە فۆرمەکانی تری سەرمایەداری، جیاوازییەکی جەوهەری لە بونیاد و ستراکتۆریی ئابووریی نیولیبراڵیزمدا هەیە. ئەم جیاوازییە بەڕوونی لە قەیرانەکاندا دەردەکەوێت، واتە لە نێوان چەمکی قەیرانی هەیکەلی و چەمکی قەیرانی دۆخێکی ئاسایی. چونکە وەک (سەمیر ئەمین) دەڵێت؛ ئەمەی دواییان (قەیرانی دۆخێکی ئاسایی) فۆرمێک لە شێوەی پیتی (U)ی لاتینی وەردەگرێت، واتا هەمان ئەو کارلێککردنانەی کە لە ئەنجامی کرژبوونی ئابوورییەوە دروستبوون، پاش چەند ساڵێکی کەم لە سیستبوونی بازاڕ و لە ساتێکی دیاریکراودا دەبنەوە هۆی بوژانەوە و گەشەونما، بەڵام قەیرانی هەیکەلی، فۆرمێکی تر وەردەگرێت لە شێوەی پیتی (L)ی لاتینی، واتا ئەو کارلێککردنانەی بوونەتە هۆی سیستبوونی ئابووری و بازاڕ ناتوانن ئەم سیستەمە لە کرژبوون دەرباز بکەن.

قەیرانی هەیکەلیی کە لە هەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا لە ئارادایە، ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی پیربوونی سیستەمی سەرمایەداری. چڕبوونەوەی سەرمایە، هیچی




کەمتر نییە لە گواستنەوەیەکی چۆنێتی دەربارەی چڕبوونەوە لە دەسەڵاتی داراییدا. چونکە ژمارەی مۆنۆپۆلە زلهێزەکان لەسەر ئاستی جیهان بەبەراورد لەگەڵ قۆناغی پێشوو، کەمیکردووە. لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە سامانی پێنج (٥) دەوڵەمەندترین کەس بەڕێژەی (١١٤٪) زیادیکردووە، هاوکات بەپێی ڕێکخراوی (ئۆکسفام) پێشبینی دەکرێت؛ لەماوەی تەنها دە (١٠) ساڵدا، جیهان ببێتە بینەری لەدایکبوونی یەکەم ترلیۆنێر (بە دۆلار). بەڵام زیاتر لە دوو سەدەمان دەوێت تا کۆتایی بە هەژاری بهێنرێت.

هەر وەک ئەو ڕێکخراوە ڕایگەیاندووە لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە نزیکەی پێنج ملیار کەس لە جیهاندا هەژارتر بوون. ئەم گۆڕینە چۆنێتییە وایکردووە؛ ژمارەیەک لە سەرمایەداران دەیان ئەوەندەی جاران پارەکانیان کەڵەکە بکەن. بەپێی پێشبینییەکانی (سەمیر ئەمین) وەک ئابووریناسێکی مارکسیست؛ سیستەمێکی لەم شێوەیە (کە ناتوانێت بەردەوام و سەقامگیر بێت) خزمەت بە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی تایبەت دەکات، کە ئەویش بەرژەوەندیی ئۆلیگاریشیی حوکمڕانە، کە لەسەر حسابی سەرجەم لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر بەردەوامن لە دابەشکردنی دەرامەت و سامان بەشێوەیەکی نایەکسان لە بەرژەوەندیی خۆیان.

زاڵبوون و سەرکەوتنی ئەم کەمینە بودەڵەش لە بواری سیاسییدا، پێویستی بەوەیە سەرجەم ڕێکارە دیموکراسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بێ بایەخ و بێ ناوەڕۆک بکرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی متمانە. هەروەها باڵادەستیی بەرژەوەندیی ئۆلیگارشییەکان لەسەر ئاستی جیهان پێویستی بە دامەزراندن و پاڵپشتی دیکتاتۆریەتی ئۆلیگارشییە لەسەر ئاستی ناوخۆ، بۆ ئەوەی پاشکۆیەتی بکات و لە دامێنی ئاغاکانی سیستەمی جیهانییدا بەشداریی لە بە تاڵانبردنی سامانە نیشتیمانییەکاندا بکەن.

ئێستا عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کردەیی لەژێر ڕۆشنایی یاساکانی پۆل برێمەر (حاکمی پێشووی عێراق) و ڕاسپاردەکانی بانکی جیهانیدا، خەریکی پیادەکردنی سیستەمی نیولیبراڵن. سەرەنجام ماوەتەوە بڵێین؛ ئایدۆلۆژیای باڵادەست ڤایرۆسێکی هەمیشەییە و بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە، ڤایرۆسێکی مشەخۆر و کوشندە، کاریگەرییەکانی ئەم ڤایرۆسە لەسەر جەستەی مرۆییمان هەرجارە و بە فۆرمێک دەردەکەوێت. دەبینین لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاکو ئەمڕۆ دەرگیری چەندین جەنگی جیهانی و قەیرانی ئابووری و نەخۆشیی کوشندە بووینەتەوە، بەڵام هەموو ئاماژەکان دەلالەت لە بوونی یەک نەخۆشیی درێژخایەن دەکەن ئەویش سەرمایەداریی چاوچنۆکە. ئەوەی (سەمیر ئەمین) ناوینا ڤایرۆسی لیبراڵ.

---

# پاشماوەی........ "هەموارکردنەوە" یان تێکدان!

مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی، ئەویش بە ئامانجی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم سەرمایەداری بازاڕی ئازاد لە عێراقدا و جێبەجێکردنی بە تایبەتکردن و دامەزراندنی سیاسەتی سەرمایەداریی نیولیبراڵ. واتە ئەو نەخشە و ئەو سیاسەتانەی کە بە گەورەترین هێرش بۆ سەر بژێوی و خۆشگوزەرانی هەژاران و زۆرینەی دانیشتوانی جیهان دادەنرێت.

بەو پێیەی کە عێراق و قەیرانەکانی لە قەیرانەکانی سەرمایەی جیهانی جیاناکرێنەوە، دەبێت ئەو سیاسەتانەی پەیڕەو دەکرێن وەڵام بە پێداویستی و مەرجەکانی ئەم سیستەمە جیهانییە بدەنەوە، کە تیایدا لایەنە دەسەڵاتدارەکان و هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی عێراق ڕۆڵی پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەگێڕن.

ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە سەرمایەداری ژنان وەک سەرچاوەیەکی کاری هەرزان دەبینێت کە دەتوانرێت بە ئاسانی بچەوسێنرێتەوە بۆ کەڵەکەی قازانج و بە ئاسانیش دەربکرێت لە کار بەپێی پێویستی بازاڕ. لە کاتی قەیرانەکاندا سەرمایەداری پەنا بۆ سیاسەتی تەقەشوف و کەمکردنەوەی خەرجیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لەسەر کار دەبات و ژنانیش لە یەکەمین قوربانیانی ئەو سیاسەتانەن.

لە لایەکی تریشەوە دەبینین کە ڕەنگدانەوەی قەیرانە جیهانییەکان لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، وەک شەڕ و کارەساتەکانی ژینگە، زیادبوونی هەژاری و نایەکسانی و گرانیی تێچووی ژیان، هاوکاتە لەگەڵ چوونە دواوەی ترسناکانەی مافەکانی ژنان وەک زیادبوونی توندوتیژی خێزانی لە سەردەمی پەتای (Covid-١٩)، و گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ حوکمڕانی لە ئەفغانستان، و ڕێگریکردن لە ژنان لە خوێندن و کار و لەم دواییانەشدا تەنانەت ڕێگریکردن لە قسەکردنیان لە دەرەوەی ماڵ، سەرکوتی خوێناوی ژنان لە ئێران، و هێرشەکانی سەر مافی زاوزێی ژنان لە کەیسی (ڕۆ) و (وەید) لە ئەمریکا و ئەوانی تردا... هەموو ئەمانە ڕێکەوت نین، بەڵکو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە چەوساندنەوەی ژنان و زەوتکردنی مافەکانیان پەیوەستە بە ڕەوەندەکانی سەرمایەدارییەوە و بەشێکن لە ئامرازەکانی سەرمایەداری بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە گەورەکانی.

لە عێراقدا کاتێک سەیری ڕادەی ناەزایەتییە جەماوەرییەکان و تووڕەیی خەڵک دەکەین لە ئەنجامی گەندەڵی ئیداری و ناڵاندنی خەڵک بە دەست نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، پەروەردە، کارەبا، ئاو، خانووبەرە، هەژاری، و بێکاری، و گرانی تێچووی ژیان... هتد دەبینین چۆن ئەم دیزاینەی کە پێشنیاری دەکەن بۆ کۆمەڵگا، بە بێبەشکردنی نیوەی لە ئیمتیاز و مافە ماددی و مەعنەویەکان، ئامرازێک نییە بۆ لابردنی سەرنج لە سەر ئەو قەیرانانەی کە وڵات پێیدا تێدەپەڕێت، وەک هەندێک پێیان وایە، بەڵکو زیاتر ئەوەیە ئامرازێکی واقیعییە بە دەستیانەوە بۆ یارمەتیدانیان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانیان و بەردەوامدانی دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر سەرچاوە و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا و چەسپاندنی سیاسەتەکانی سەرمایەداریی نیولیبراڵ لە خزمەت سیستەمی سەرمایەداریدا لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا.

ئێمە وەک ژنانی ئازادیخواز ناتوانین لە سەر دەرکردنی یاسای سەرکوتگەری لەم جۆرە دژی ژنان لە عێراقدا بێ دەنگ بین، و دەبێت سەقامگیرانە بە دژی ئەم هەموارکردنەوە پێشنیارکراوانە ڕاوەستین، هاوپەیمانەکانمان لەم خەباتە چارەنووسسازەدا ملیۆنەها ژن و ئازادیخواز و چینی کرێکارن لە سەرانسەری جیهاندا، ئەوانەی کە ڕۆژانە بەدەست هەڵاواردن و نایەکسانییەوە دەناڵێنن./ ٧-٩-٢٠٢٤

---

پاشماوەی.......

# ڕیشەکانی فاشیزمی نوێ لە ئیسرائیل؟

تەواوی ئەو کەسانەی کە هاوڵاتی ئیسرائیلین و بە بارمتە گیراون لەلایەن (حەماس)ەوە لە هەڵمەتی تیرۆریستانەی (٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣) دا، بیانکاتە قوربانی و نایەوێت سازش و دانوسان بکات بۆ بەردانیان.

ڕواڵەتی مەسەلەکە لایەک وا دێتەبەرچاو کە ئەوە خەڵکی ئیسرائیلە گیریانخواردووە بەدەست تیرۆریزمی (حەماس) و ڕەوتە تیرۆریستەکانی تری ئیسلامی سیاسییەوە و دەوڵەتی ئیسرائیل دەیانپارێزێت!، وە لەلایەکەی تریشەوە وا دێتەبەرچاو کە ئەوە (حەماس)ە خەبات دەکات بۆ ڕزگاری فەلەستین و بەرگری لە ماف و ئازادی خەڵکی فەلەستین، بەڵام لە جەوهەردا پێچەوانەی هەردوو ئەو هاوکێشە دروستە.

بە واقعی خەڵکی ئیسرائیل گیرۆدەی دەستی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و نیوفاشیستەکەی خۆیەتی کە بۆتە سەرچاوەی دروستبوون و سەرهەڵدان و گەشەی ڕەوت و گرووپە تیرۆریستەکان تا بکەونە گیان خەڵکی سیڤلی ئیسرائیل، وە ئەوە خەڵکی فەلەستینیشە کە گیریخواردووە هەم بەدەست ڕێگەچارەی ئیمپریالیستانەی (ئۆسلۆی ١٩٩٢)ی بە بنبەستگەیشتووی (فەتح -ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستین) و هەم ڕێگەچارەی ئیسلامی سیاسی تیرۆریست و فاشیست لە چەشنی (حەماس) و (جیهادی ئیسلامی) و بە پشتیشیانەوە جمهوری ئیسلامی ئێران و داروودەستەکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەمڕۆ هەتا بۆ گرتنەبەری ڕێگە چارەیەکی عەمەلی بۆرژوازیانەی نێودەوڵەتی کە بیەوێت بەپێی بڕیاری (نەتەوە یەکگرتووەکان) ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بهێنێت و دوو دەوڵەت لەسەر خاکی فەلەستین دابمەزرێت و هەردوو لا دان بە یەکتریدا بنێن و وەک دوو دەوڵەتی دراوسێ بە ئاشتی پێکەوە بژین، هەتا بۆ ئەم ڕێگە چارەش پێویست دەکات کە هاوسەنگی هێز هەم لەناوخۆی ئیسرائیل و هەم لەناوخۆی خەڵکی فەلەستیندا لە دژی ڕاستڕەوی و فاشیزمی قەومی و دینی هەردوولای ئیسرائیلی و فەلەستینی و لەبەرژەوەندی ڕەوتی ئازادیخوازی و ئینساندۆستی هەردوولا بگۆڕدرێت.

ئەمەش کارێک نییە بە تەنهایی لەناوخۆی ئیسرائیل و لەناوخۆی خەڵکی فەلەستیندا ئەنجام بدرێت، چونکە کێشەی فەلەستین کێشەیەکی نەتەوەیی ناوخۆی دەوڵەتێک نییە، و کێشەیەکی نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بگرە جیهانیشە و یەکێکە لە گرێوگۆڵەکانی سیاسەتی جیهانی.

بۆیە هەروەک چۆن کێشمەکێشەکانی جیهانی دوو قوتبی لایەک کۆمەگی کرد بە زیندووکردنەوە و پەرەپێدانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم و ناسیونالیزمی عەرەبی ناکۆک بە بەرژەوەندیی وڵاتە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا، وە ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت و سەرکەوتنی نیولیبراڵیزمیش بووە زەمینەخۆشکەر بۆ مەیدانداری ڕەوتی ڕاستڕەو گەشەی نیوفاشیزم لەناو ئیسرائیلدا، ئاواش هەر گۆڕانکارییەکی جیهانی لە تەرازووی هێزی نێوان بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرامبەر بزووتنەوە و ڕەوتە کۆنەپەرست و ڕاستڕەوە فاشیستەکانی قەومی و دینی، وە بەگشتی گۆڕانی هاوسەنگی هێزی نێوان چینی کرێکار و دەسەڵاتە بورژواکان، کۆمەگی دەکات بە گۆڕینی تەرازووی هێز هەم لەناوخۆی ئیسرائیل و هەم لەناوخۆی خەڵکی فەلەستیندا.

بەم پێیە ڕێگەی ڕزگاری هەردوو گەلی فەلەستین و ئیسرائیل، ڕێگەی کۆتاییهێنان بە وەحشیگەری نیوفاشیزمی ئیسرائیلی و تیرۆری ئیسلامی سیاسی و چارەسەری کێشەی فەلەستین بەشێوەیەکی ڕیشەیی، هەمان ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بنەڕەتیانەیە کە لە دەستوری کاری کۆمۆنیزمدایە بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوانە لەناو ئیسرائیل و فەلەستیندا، لە عێراق و کوردستانەکەیدا، کە ئەویش ڕێگەی ڕێکخراوکردنی چینی کرێکار و حزبیەت بەخشینە بە کۆمۆنیزم لە دەرونی ئەو چینە و هێنانەمەیدانی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی کرێکاری بەهێز و هەنگاونانە بۆ هێنانەدی ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەڵام دەستبەکاربوون بۆ گوڕبەخشین بە سەروسامانانی ئەم ئەرکە نەک هەر دەستوپێگیر نییە بۆ بەشداری کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و کرێکارییەکان لەناو هەر کەمپین و چالاکییەکدا کە لە ئێستادا لەئارادایە بۆ دژایەتی کردن و پوچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانی (ناتانیاهۆ) و فاشیزمی ئیسرائیلی بۆ درێژەدانیان بەم جەنگە و پیادەکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و پاکتاوکردنی فەلەستینیەکان، بەڵکو پێویستە دەستپێشکەر و ڕابەرییش بن لەو خەباتە ڕۆژانەییانەدا.

سێپتێمبەری ٢٠٢٤

---

# جەهەننەم حەفت سەد ساڵ قووڵە

سەدیق سەعید ڕەواندوزی

ڕۆژێکیان ئەو مامۆستایەی بابەتی ئایین لە قوتابخانەکەمان دەڵێتەوە بەهۆی نەخۆشییەوە لە مۆڵەتدا بوو، بۆیە وەک شوێنگرەوەی ئەو بۆ ئەوەی وانەکە شاغیر نەبێت، چوومە پۆل و لە پەراوێزی وانەی ئایینەوە باسی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئایینم بۆ کردن لە ڕێز و خۆشەویستی و بەزەیی و گەلێک بابەتی تر، کە لەگەڵ تەمەن و تێگەیشتنی ئەوان بگونجێت. کەچی لە پڕ یەکێک لە قوتابییەکان، کە تەمەنی هەفت ساڵە و پۆلی دووەمی بنەڕەتییە، گوتی: (مامۆستا سەدیق جەهەننەم حەفت سەد ساڵ قووڕە). بەم قسەیە تاسام و تووشی شۆک بووم، پێم وت کێ وا دەڵێت؟ گوتی لە دایکم و باوکمم بیستووە.

جەهەننەم، لە قورئانی پیرۆزیدا کە بۆ بێ باوەڕانە، نە لە ڕووی ئەندازەیەوە، نە لەڕووی قووڵییەوە، ڕوونەکراوەتەوە کە چۆنە، کەچی منداڵێکی بچووک، بەم شێوەیە دەترسێنرێت و دەتۆقێندرێت، لە کاتێکدا بەپێی برگەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و منداڵانیش، هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی، منداڵ هیچ ئەرک و مافێک نایگرێتەوە. بێگومان ئەو منداڵە کە گوێبیستی بابەتێکی لەم شێوەیە دەبێت، خۆ لە چەپەکانەوە فێرنەبووە، بەڵکو هەر دەبێت لەلایەن موسڵمانانەوە ئەو پەیامەی پێ گەیشتبێت، کە هیچ بنەمایەکی نییە. بەداخەوە لە دوای ڕاپەڕینەوە، هیچ هێزێکی چەپ و عیلمانی، هێندەی حزبە ئیسلامییەکانی ئێمە، زیانیان بە ئایینی ئیسلام نەگەیاند و ئایینیان لەبەرچاوی ئێمە بێ بەها و بێ شکۆ نەکرد.

هێشتا تیرۆرستانی داعش لە هیچ کون و کەلەبەرێکی دنیا دیار نەبوون کە چی (ئەنسار) و (جوند) سەری پێشمەرگەکانیان دەبڕی. حزبە ئیسلامییەکانی ئێمە، لە ڕێگەی پەیامی بەناو ئایینیان و سمبولە بەناو خێرخواز و واعیزەکانیان، بە جۆرێک ئایینیان شرۆڤە دەکرد کە خۆیان جێگرەوە، نوێنەری خوا، دەمڕاستی خوای گەورە بزانن و کارتی چوونە بەهەشت و جەهەننەم ببەخشنەوە، لە کاتێکدا بە دەقی قورعانی پیرۆز، خودا دەسەڵاتی لێپرسینەوەی بە پێغەمبەریش نەداوە، بەڵکو پێی دەڵێت: (حیساب و کیتابیان لای ئێمەیە) واتا تۆ تەنها پەیامەکە دەگەیەنیت، بۆیان ڕوون دەکەیەوە بەڵام سزای جێبەجێنەکردن لای ئێمەیە.

هەر خودای گەورە لە قورئاندا جەختی لە (لا إكراه في الدين) و (لكم دينكم ولي دين) کردۆتەوە، کەچی مەلایەکی سەلەفی دێت نێو مزگەوت کە ماڵی خوایە، شوێنی خواپەرستی، حەسانەوە و ئارامبوونەوەی دڵ و ڕووحە بۆ موسڵمانەکان، مەاد دەکات و مەتر بە مەتر دەیفرۆشێت. حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عیلمانییەکان هەرە سەرسەختەکانیان تا ئێشتاش ڕێز لە مزگەوت دەگرن و ئەو بێ ڕێزییە بە ماڵی خودا ناکەن کە مەلایەکی سەلەفی دەیکات.

یەکێکی دیکەیان وەک ئەوەی نوێنەری خودا بێت لەسەر زەوی بە ئارەزووی خۆی دیاری دەکات کە کێ دەچێتە بەهەشت، ئەگەر مرۆڤەکان بزانن کێ دەچێتە جەهەننەم و کێش دەچێتە بەهەشت، خودا بۆ هەیە؟ خودایەک کە دەسەڵاتی بە خۆشەویسترین و نزیکترین کەسی خۆی کە پێغەمبەرە و ناوی لەگەڵ ناوی ئەو دێت نەدابێت خەڵک بنێرێتە بەهەشت، دەبێ بە موسوڵمانێکی ئیسلامی مێشک داخراوی دابێت کە هێشتا بە ئەقڵی هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر بیر دەکاتەوە؟

مەلا کانی ئێمە زۆرینەی هەرە زۆریان باس لە تەبایی و بروواداری و خێزان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، گوایە کۆمەڵگە بەرەو ڕێی ڕاست ئاراستە دەکەن و تەبایی خێزان دەپارێزن، کەچی هەر یەکەیان سێ چوارێکی ڕاگرتووە و وەک ئەوەی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکرا، بەسێ مەلا چواردە ژنیان هێنابوو!


تۆ کە باسی خۆداپۆشین، شاردنەوەی جەستەی ئافرەت دەکەیت و شەو ڕۆژ وەک واعیزێک وەعز دەدەیت، خێرە خۆت ژنێکی ئەوپەڕی جوان و ناسک و تەمەن بچووک و سەر دانەپۆشراو دەهێنی؟ مەگەر بۆ تۆ عادەتە و بۆ خەڵک عیبرەتە؟! مەلا تۆ ئەگەر لە خەمی ئەوە دایت ژنەکان بێ هاوسەر نەمێننەوە، بۆچی ناچیت قەیرە کچێکی تەمەن شەست ساڵی بێنی؟ بۆچی کچێک دەهێنی وەک کچ و نەوەکەت وایە؟ مەگەر نابێ برواداریی و جێبەجێکردنی بنەماکانی ئیسلام لە خۆتەوە دەست پێ بکەی؟

بەشێک لە مەلاکانی ئێمە و هەندێک لە ئیسلامییە توندڕۆکان، دەیانەوێت هەچی کریستان و جوو هەیە لەنێوببرێن، ئەگەر بۆیان بلوێت وەک خۆیان دەڵێن دەوڵەتی زایۆنیستی لە چرکەیەکدا لەنێو دەبەن، لەکاتێکدا موسا و عیسا، بەر لە موحەمەد پێغەمبەری خودا بوونە، مەگەر ئەوانیش ئایینی خۆیان نییە، خودای گەورە ناڵێت بە میللەت و خێڵی جیا دروستمان کردوون تاکو یەکتر بناسن و هەریەکەتان ڕێز لە ئەویتر بگرێت؟ بۆیە ئەوەی ئیسلامییەکانی ئێمە دەیکەن دوورە لە ئاییندارای ڕاستەقینە و بگرە مەرامی سیاسی و ئیقلیمی و ئەجێندای شاراوەی خۆیان لە پەراوێزی ئیسلامەتی جێبەجێ دەکەن.

تا ئێستا لەیەک وتار و نوسیندا نەمبینیوە، کۆمۆنیستێک ڕقی لە ئیسلامییەک بێت وەک مرۆڤ، نەمبینیوە سوکایەتی بە خودا، بە قورئان، بە بڕواداری ئەوا بکەن، تەنانەت لەسەردەمی شاخیشدا شیوع و چەپەکان لە هێزەکانی دیکەی کورد و ڕاستڕەو و بەناو نەتەوەییەکان زۆر زیاتر دەم پاکتر و داوێن پاکتر بوون و هەڵگری مۆراڵێکی شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی بوون، کەچی ئیسلامییەکانی ئێمە بە ئێستاشەوە شیوعی و چەپەکان بە کافر دەزانن، لە کاتێکدا ئەوان زۆر لەو بەناو موسڵمانانە پاکترن کە لەژێر پەردەی ئایین و خواپەرستی خەریکی فێڵ و تەڵەکەبازین.

# بەسەری بەرزەوە مووچەکانمان دەستێنین

نەوزاد بابان



لە سەرەتاکانی (٩٠)کانی سەدەی بیستدا، هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، (پارتی) و (یەکێتی) ئەڵبەتە لەگەڵیشیانا کۆمەڵێک وردە حزبی قەومی ئەو سەردەمە، بۆ رووتانەوە و هەڵتەکاندنی گیرفانی مووچەخۆران و توێژە جۆراوجۆرەکانی فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوە پیشەییانەی کە ئەم دوو حزبە کۆنترۆڵیان کردبوون، دروشمی (سەری بەرزم بۆ مووچە نەوی ناکەم)یان دەدا بەرووی نارەزایەتییەکاندا بۆ کپکردنەوە و سەرکوتکردنیان.

ئەوە زەنگی یەکەم بوو کە بەگوێی جەماوەری نارازی و برسی خەڵکی کوردستاندا درا لەو سەردەمەدا، ئەوە دەسپێکی ئەو ڕێبازە ئابووری و سیاسییە بوو کە ئەم دەسەڵاتە دەیویست پیادەی بکات، وە لە واقعیشدا توانی دایسە پێنێت لە کوردستاندا، ئەویش بەهاوکاری هێزە هاوپەیمانەکانی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا و دەوڵەتە زلهێزە ناوچەییە کۆنەپەرستەکان کە هەر یەکەیان بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە بوون لە عێراق و ئەم حزبە ناسیونالیستە کوردییانەیان وەک داردەستی خۆیان بەکار دەهێنا بۆ جێبەجێ کردنیان.

با لەوە بگەڕێین کە چۆن بوونە چاوساغی تورکیا و ئێران بۆ سەرکوت و تەنگ پێ هەڵچنینی ئەو حزب و ڕێکخراوە کوردییانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دوو وڵاتەبوون، و هەرێمی کوردستانیان کرد بە شوێنی تەراتێنی دەزگا سیخورییەکانی ئەو دوو وڵاتە بۆ کوشتن و تیرۆری هەڵسوڕاوانیان کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵێ با لەوە بگوزەرێین و بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە مەسەلەی مووچەیە.

ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٢) لەژێر ئەم دروشمەی (سەری بەرزم نەوی ناکەم بۆ مووچە) پێنج مووچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستانیان نەدا و دزیان، ئەمە لەکاتێکدا بوو هەرچی مومتەلەکاتی کەرتی گشتی واتا هی دائیرەکانی دەوڵەتی بوو کە لە خزمەت هاوڵاتیاندا بوو، هەر لە شۆفڵی ڕێگاوبان و بەنداوەکانەوە بیگرە تا عمودی کارەبا و مس و فافۆن و ... دەستیان بەسەردا گرت و ئاودیوی سنورەکانیان دەکرد و دەیان فرۆشت بەئێران، سەدان بنکەی گومرگیان لە بازگەکان دانابوو سەرانەیان لە خەڵکی دەسەند.

ئەم ڕاوڕوتییە بەردەوامی هەبووە؛ ئەوەبوو لە (٣١) ئابی (١٩٩٦) بەدواوە دیسانەوە دوو مووچەیان خوارد، دواتر (٢٠١٥) چوار مووچە، (٢٠١٦) دوانزە مووچەی پاشەکەوت، (٢٠١٧) یانزە مووچەی پاشەکەوت کە موچەیەکیش نەدرا، وە لە (٢٠١٨) یانزە مووچەی پاشەکەوت، (٢٠٢٠) حەوت مووچە نەدرا و چوار مووچەیش بەپاشەکەوتەوە درا، لە (٢٠٢١) شەش مووچەی پاشەکەوت، وە لە (٢٠٢٣) سێ موچەنەدراوە. لە ئێستادا واتە لە مانگی نۆی ساڵی (٢٠٢٤) مووچەی مانگی حەوت لەهاتوو نەهاتدایە، ئەمە جگە لەوەی کە بەنارەزایەتی مووچەخۆران لە توێژە جۆراوجۆرەکانی فەرمانبەران و کرێکاران، ناچارکراون بە پێدانی مووچەی مانگەکانی ڕابردووی ئەمساڵ بەڵام بە دواکەوتنی دوو مانگ و بگرە سێ مانگیشەوە.

هەموو ئەم لێبڕینی مووچە و دەست خستنە گەرووی جەماوەری مووچەخۆر و داسەپاندنی هەژاری و نەداری بەسەریاندا، لە حاڵەتێکدایە کە بزنێسی کۆمپانیاکانی خۆیان هەر لە دەرهێنانی نەوت و گاز و پاڵاوتنگەکانەوە بگرە، تا هەزارەها کۆمپانیا و پرۆژەی ئابووری، تا کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی، تا بەرپرسانی گەندەڵی پلەباڵای حزبی و حکومیان، خەریکی چنینەوەی قازانج و کۆکردنەوەی سەرووەت و سامانن بە ملیۆن و ملیارەها دۆلار.

سەیر نییە کە تا دێت ژمارەی سەرمایەداری ملیۆنێر و ملیاردێر زیاد دەکات لەم هەرێمە و تا دێت هەژاری و برسیەتی و بێکاری و کۆچڕەوی گەنجان و سەرهەڵگرتنی خۆیان بۆ هەندەران زیاد دەکات. ئەمە هەمووی ئاکامی ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەم چینە خاوەن کۆمپانیا و خاوەن سەرمایەیە جۆرەها چاکسازی و ئاسانکاری کردووە، بەڵام هەمووی لەسەر شانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم هەرێمە.

ئەگەر لە ئێستادا کە دەرهێنان و هەناردەکردنە دەرەوەی نەوت و گاز لە ژێر دەستیاندا دەرهێنراوە و حزبەکانی دەسەڵات بیانووی ئەوە دەخەنەڕوو کە کە مووچەکان لە بەغداوە نایەت، ئەی بۆچی لەو ساڵانەدا کە نەوت و گاز هەناردە دەکرا بارودۆخی مووچەی مووچەخۆران لە ئێستا خراپتر بوو؟! با لەوەش گەڕێین کە ئێستاش بە قاچاخی و بەبەرچاوی خەڵکەوە تەنکەرەکانی نەوت و گاز سەرەیان گرتووە بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا، ئەم داهاتە بۆ کوێ دەچێت؟

کەوابوو هەموو ئەم داتایانە ئەوە بە ئێمە دەڵێت، کە سیستمی ئابووری و سیاسی ئەم هەرێمە جۆرێکە کە سەرمایە و سەروەت و سامان لە دەستی کەمایەتییەکی کۆمەڵگەدا کۆدەکاتەوە کە حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و دامودەزگای ئاسایش و زیندان و میدیایەکی زەبەلاح و میلیشیایان بەدەستەوە و ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەرێک کە بێ بەش کراون لە خزمەتگوزاری و هەتا لە قوت و مووچەکانی خۆشیان کە دەبێ وەک بەری ڕەنج و ئارەقڕشتنی زەحمەت و کاریان وەریبگرن.

ئەم دەسەڵاتە تاقمێکی مافیا و فەرهودگەرە و پاسەوانی چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و پرۆژە ئابوورییەکانە، ئەگەر بیوستایە چاک سازییەک بکات لە باروگوزەرانی خەڵکدا لەماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە دەسەڵاتەکەی ئەوا پێویستی بەم هەموو نارەزایەتی و ڕاپەڕین و دەست سوورکردن بەخوێنی جەماوەری نارازی نەبوو!

وە بەتجروبەیش خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییەیان بۆدەرکەوتووە ئەوە بوو لەهەڵبژاردنی پێشودا (٢٠١٨) سەرجەم حزبەکانی دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزسیۆنیان سزادا، کە لەسەدا هەشتای خەڵکی کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان کرد، بەڵام ئەم زۆرینە نەیتوانیووە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی داسەپێنێت بەسەر ئەم ڕژێمە سیاسی و میلیشیاییەدا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ناڕێکخراوبونیان لە ناوەندەکانی کار و ژیندا، وە بۆ پەرەدار نەبوونی ئاسۆیەکی ڕادیکاڵ و سۆشیالیستی.

ئەم دەسەڵات و سیستەمە بۆگەنی کردوە بەهیچ شێوازێک جێگەی ئەوە نییە کە ئومێدێکی هەتا بۆ چاکسازیەکی وەک دەڵێن کلک و گوێ بڕاویش بێت لەسەر هەڵبچنرێت، ئێستا ئەوانەی کە هاشوهوشی ئەوەدەکەن لەڕێگەی سنوقەکانی دەنگدانەوە دەتوانن ئاڵوگۆڕ لەم سیستەمەدا بکەن واقع پێچەوانەکەی دەردەخات و دەبێتە ئەوەی کە تەنها بۆ کپ کردنەوەی نارازیەتیەکان و درێژە دانە بەتەمەنی هەمان ئەم ڕژێم و سیستمە بەکار بێت، هەروەک چۆن بزووتنەوەی گۆڕان و حزب و لایەنە ئیسلامییەکان ئەو ڕۆڵەیان بینی و سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکانی خەڵکی نارازی بوون و ئەم بزووتنەوەیان بۆ پلە و پۆست و بەدەست هێنانی ئیمتیاز تەسلیم بە دەسەڵات کرد.

ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ڕیشەکێشی تەواویی ئەو زوڵم و نادادپەروەری و نایەکسانییە بکەین لەم هەرێمەدا کەدەگوزەرێت، ئەگەر بڕیارە ئەو مێژووە شوومەی کە سی و دوو ساڵە نەفەسی لێ بڕیووین بەردەوام نەبێت و نوقتەیەکی کۆتایی بۆ دابنێین، دەبێت نارەزایەتی توێژە جۆراوجۆرە زەحمەتکێشەکانی فەرمانبەران و مووچەخۆران کە بەشێکی چینی کرێکارن لە یەک بزووتنەوەی بەهێزدا بێتە مەیدان کە توانیبێتی هەم لەگەڵ بزووتنەوەی هاوچینەکانی خۆی لەسەرا سەری عێراقدا خۆی یەکگرتوو بکات، وە هەم بە ئاسۆیەکیشەوە بێتە مەیدان کە تەواوی ئەم سیستم و ڕژێمە ئابووری و سیاسییە ژێرەوژوور بکاتەوە کە ئەویش ئاسۆی سۆشیالیستی ڕزگاریبەخشە. ئەمە ڕێگەی ڕزگارییە نەک سندووقەکانی دەنگدان.

سەرەتای ئەیلولی ٢٠٢٤

# وەک ئەوە لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە، دیارییەک بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا

## ئیسلامیستەکان، ڕاست و ڕاسیستەکان و پەنابەران

جەمال کۆشش

ڕۆژی هەینی (٣١-٥-٢٠٢٤)، لەناو بازاڕی (مارکێت پلاتس-Marktplatz)ی شاری (مانهایم-Mannheim) لە ئەڵمانیا، ئەفغانییەکی (٢٦) ساڵان، بەچەقۆ هێرش دەکاتە سەر مێزکتێبی (پاکس ئەوروپا)، (٧) کەس بەسەختی بریندار دەکات، یەکێک لەوانە جێگری ڕێکخراوەکەیەکە بە ڕەخنەگری ئیسلامی ناسراون و ڕاسترەوی کۆنەپارێزن، هەر لەنێو بریندارەکاندا پۆلیسێک لە ئەنجامی سەختی برینەکەی گیان لەدەست دەدات. بۆ وەستاندنی ئەو تیرۆریستە ئیسلامییە (سلێمان ئا) لە درێژەدان بە تاوانەکانی، پۆلیسێک تەقەی لێدەکات و پەکی دەخات لە درێژەدان بەتاوانەکانی. تاوانبار لەساڵی (٢٠١٣)ەوە لەئەڵمانیا وپاش ئەوەی داوای پەنابەرییەکەی ڕەفز دەکرێتەوە، هاوسەگیری لەگەڵ کچێکی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک تورک دەکات وخاوەنی دوو منداڵە.

بەشوێن ئەم تراژیدیایەدا، لێکۆڵینەوەی جیاجیا لەسەر سیاسەتی پەنابەری، کێشەکانی ڕێکەوتنامەی دەبلن (Dublin Regulation)، ئیسلامیزم و تیرۆریزم هەمەلایەنە بڵاوبووەوە.

لە سەرەتای مانگی هەشتی ئەمساڵ (٢٠٢٤)، دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی کوژرانی (٣) کچی منداڵ و برینداربونی (٧) کەسی تر بە چەقۆ لە قوتابخانەیەکی کۆرسی سەما، هەواڵەکەش بەئانقەست وەک ئاگری ناو پوشوپەلاش لە سۆشیال میدیا وەها تەشەنەی سەند کە گوایە تاوانبارەکە پەنابەرە و ئیسلامییە، لایەنە ڕاست و ڕاسیستەکان لە (٣٠) شار و شارۆچکەی بەریتانیا و ئێرلاندای باکور، دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و تاڵانوبڕۆ و هێرشیان کردە سەر هۆتێل و مزگەوت و دووکان و بازاڕی خەڵکی بە ئەسڵ بیانی و شوێنی مانەوەی پەنابەران.

سەرەڕای بریندار بوون و زیانێکی ماددی زۆر، نزیکەی (٧٠٠) کەس دەستبەسەرکران و هەندێکیان بەپلەی جۆراوجۆر سزای زیندانی دران و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا( کەیر ستارمەر) داوای کرد بەتوندی سزای ڕاسیستەکان بدرێت و لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئینساندۆست و مارکسیست و ئەنارشیست و سۆشیالیستەکانیشەوە خۆپیشاندانی چەند هەزار کەسی لە زۆربەی شارەکانی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو. خاوەنی کەناڵی ئێکس (تویتەری پێشوو)، نوسی بەریتانیا بەرەو نزیکبونەوەی شەڕی ناوخۆ دەچێت.

لە کاتێکدا شارۆچکەی (سۆلینگن-Solingen)ی ئەڵمانیا لە (٤-٨-٢٠٢٤) خۆی بۆ ئاهەنگی یادی (٦٥٠) ساڵەی دامەزراندنی ئامادە دەکات، پەنابەرێکی سوری ڕەفزکراوە هەر سەد مەترێک دوور لە شوێنی فیستڤاڵەکە لە (هایم)ێک دەژیەت، بەچەقۆیەکی (١٥) سانتیمەتر لە نزیک سەکۆی ئاهەنگەکە، "شەلم کوێرم ناپارێزم"انە سەر و دڵ و ملی یانزە کەس دادەپاچێت؛ دووپیاوی تەمەن (٥٦) و (٦٧) و ژنێکی تەمەن (٦٥) ساڵە دەکوژێت و (٨) کەسی تریش بریندار دەکات کە برینی چواریان سەخت بوو.

ژنە گۆرانیبێژی پۆپ (تایلەر سویفت-Taylor Swift) لە زنجیرە ئاهەنگەکانی ئەوروپایدا، ناچار بوو بیست و چوار سەعات پێش دەستپێکردنی ئاهەنگەکانی نەمسای هەڵوەشێنێتەوە، کە (٩٠) هەزار کەس لە کچان و کورانی تەمەن (١٨ تا ٢٥)، تکتیان کریبوو بۆ هەر (٣) ئاهەنگەکەی، ئەوەش پاش ئەوەی کە دوو کەسی ئیسلامیست بەر لە ئەنجامدانی کردەوەکەیان لەلایەن پۆلیسەوە گیران و پلانەکەیان پوچەڵ کرایەوە.

لە (٢-٣-٢٠٢٤) لە (زوریخ)ی سویسرا لاوێکی پانزە (١٥) ساڵی تونسی و سویسری پاش ئەوەی ڕایدەگەیەنێت کە سەربازێکی بەوەفای دەوڵەتی ئیسلامی بێت و تا پێی بکرێت مەسیحیەکان و جووەکان سەربڕێت و بکوژێت، پیاوێکی ئەرسەدۆکسی جوولەکەی پەنجا ساڵی زۆر بەسەختی بریندار دەکات. هەر لە کۆتایی مانگی (٨)ی ئەمساڵ لەشارۆچکەی بەناوبانگی (داڤۆس)یش کوڕێکی (١٩) ساڵەی جوولەکەی ئەسەردۆکسی، لەلایەن دوو پەنابەری عەرەبی ڕەفزکراوەوە تفی لێدەکرێت و بێزی پێدەکرێت و ڕووتی دەکەنەوە و هاوار دەکەن ( بژی فەلەستین)، پاشان ئەو دوو کەسە لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێن.

(ساڵانە لەئەڵمانیا (١٠) هەزار هێرش بەچەقۆ هەیە و لەسەدا (٩٠) یان لەلایەن گەنجانی موسڵمانەوە ئەنجام دەدرێن لە ئەڵمانیا)، وە ساڵانە (٩٧٥٠) ئاهەنگی گشتی خەڵکی هەیە کە (١٩٠) ملیۆن کەس سەردانی دەکەن).

لە ماوەی دە مانگی ئەمساڵدا (٢٠٢٤)، چوار قات هێرشی تیرۆریستی لە ئەوروپا لەلایەن ئیسلامییەکانەوە زیادی کردووە. لە (٧)ی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە (٢٠٢٣) کە (حەماس) هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر ئیسرائیل دەستپێکرد و سوپای ئیسرائیل غەززەی خەڵتانی خوێنی منداڵان و ژنان کرد و تاوانی گەورە ئەنجامدەدات و ملنادات بۆ وەستانی شەڕ، توندوتیژی دژی جولەکەیی فراوان بووە و قوڵاییەکی گەورەتری وەرگرتووە.

ئەم ژینگەیە زەوییەکی بەپیتی دروستکردووە بۆ ئەوەی وێنەی پەنابەران، لە کەسانی چەوساوە و بێدەرەتان و مافخوراو کە شایەنی ژیانێکی ئینسانین، ببێتە کەرەستەی نائارامی و ترس و تڕۆریست و تاوانباری گەورە و پێویستە ڕێگا نەدرێت بێنە خاکی ئەوروپاوە. میدیاکان بەتایبەت میدیای گەورەی ڕاستی لیبراڵ و ناسیۆنالیستی مەسیحگەرا، پشت بەستوو بەزمانێکی باڵای ڕیتۆریکیانە و ژورنالیستی مۆدێرن و پرۆفیسۆری تایبەت و دبلۆماسیەتی وێنە و نیگاکان، هەژمونێکی گەورەیان لە دیزان و بیناسازی بیروڕای گشتی و داڕشتنەوەیدا هەیە.

### هەنگاوەکانی ڕابردوو و مەرامی دەوڵەتە ئەوروپییەکان

ئەو هەنگاوانەی کە پێشتر نراون لە لایەن دەوڵەتانی ئەوروپاوە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هاتنی پەنابەران؛ ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا (٢٠١٦)، بەرفراوانکردن و پێشخستنی دامەزراوەی (فرۆنتێکس-Frontex) بۆ کۆنترۆڵی سنورەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا لە (٢٠١٠)ەوە بە بەردەوامی، ڕێکەوتن لەگەڵ تونس و لیبیا (٢٠٢٤)، دامەزراندنی ناوەندی (ئیۆرۆدۆک-eurodoc)، و ڕێککەوتنامەی دەبلن (Dublin Regulation) و سیاسەتی هاوبەشی پەنابەری یەکێتی ئەوروپا (٢٠٢٤)، کاریگەرییان هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی پەنابەران، بەڵام هێشتا بەو ئەندازەیە نییە کە بەرنامەی دەوڵەتە ئەوروپییەکان دەیەوێت، هەندێ سیاسەتمەدار و لایەنی سیاسی لە ئەڵمانیا خوازیارن کە (زۆر کەمبکرێتەوە) یان وەک دانمارک و سوید (کۆتایی پێبهێنن).

### سیاسەتی پەنابەری لە ئاستی نێوخۆیی هەر یەک لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا

دانمارک و سوید، داواکاری پەنابەرییان کۆنترۆڵکرد بە وەرگرتنی کەمترین ڕێژە، وە لە نێوخۆشدا کۆمەڵێک یاسایان جێبەجێکرد کە بەشێوەیەکی کتوپڕ کاریگەری گەورەی دانا وسویدیش هەمان یاساوڕێسای گرتەبەر، یەکسەر دیپۆرتکردنەوە، شانسی کەمکردنەوەی یەکگرتنەوەی خێزان، کۆنترۆڵی سنورەکان بەهەموو جۆرێک کە تەنانەت بۆ تکت برین داوای شوناس و مۆڵەتی مانەوەت بکەن....

سویسرا و نەمسا و هۆڵەندا ، هەست دەکەن، درەنگکەوتوون، خۆیان ئامادە دەکەن و دەیانەوێت هەر لەمساڵدا هەموو ئەو بڕیار و یاسا و ئەو ڕێوشوێنانەی کە دانمارک و سوید گرتبوویانەبەر ئەوانیش جێبەجێی بکەن. ئەڵمانیا کە لە (٢٠١٥) ەوە باوەشی بۆ یەک ملیۆن پەنابەری سوری بەگەرمی ئاوەڵاکرد (کلتوری خۆشهاتن پەنابەران)، ئێستا ڕاستەوخۆ و یەکسەر بەهەموو ئاراستەکانی سنوری ئەڵمانیا (نەمسا، سویسرا، چیک، فەرەنسا، پۆڵۆنیا و دانمارک) ڕۆژانە کۆنترۆڵ دەکات و ڕێگا دەگرێت لە ڕێڕەوی نایاسایی چونە ژورەوە، لە ئێستادا "تاوانباران" بۆ سوریا و ئەفگانستان دەنێرێتەوە، وە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەرانسەری سوریا تا بزانێت چەند دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان لە بەرپرسانی پارێزگا و شارەکانی سوریا هاوئاهەنگی دەکەن بۆ وەرگرتنەوەی پەنابەران، ئەمە و دەشیەوێت چەند وڵاتی تریش بخاتە ناو سنوری ئەو وڵاتانەی کە "ئارام"ن بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران.

بەمجۆرە سیاسەتی پەنابەری لە ئەوروپا بەخێرایی بەرەو ڕێگایەکی داخراو دەچێت و پیدەچێت بەتەواوی ئەوروپا دۆسیەی (سیاسەتی پەنابەری) بەتاڵ بکاتەوە، سوید ئەو نێوبانگە وترادسیۆن وئایکۆنە ئینسانیەی کەهەیبوو، بەتەواوی ڕەیڵی خۆی لە بنەڕەتەوە گۆڕی و دەوڵەت یەکدەستە لە سیاسەتی پەنابەریدا.

### وردترناسینی کێشەکان... پرسیار بۆ ڕوونەدانی تاوانەکان

(ئەلیس شفاتزەر-Alice Schwarzer)، ژنە چالاکوانی ناسراوی ئەڵمانی، لە وتارێکیدا کە هاودەمی کۆچی بەکۆمەڵی پەنابەران بوو لە ساڵی (٢٠١٥)دا دەنوسێت: (سەدا هەشتاویەکی موسڵمانەکانی ئەڵمانیا، ئەڵمانیایان خۆش دەویت، وە ئەڵمانیەکانیش خۆیان سەدا هەشتاو پێنچ ئەوانیان خۆش دەوێت)، (سەدا نەوەد و هەشتی ئەو پەنابەرانەی کە ڕوویان لە ئەوروپا کردووە تاوانیان دەرحەق کراوە لە لایەن ئیسلامییەکانەوە، لەهەر کام لە وڵاتەکانی ئێران، عێراق، سوریا، لیبیا، ئەفگانستان، جا چ بەدەستی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بوویێت، یان بەدەستی باندە بەکرێگیراوەکانیانەوە، یان بەهۆی شەڕی نێوخۆیانەوە، ئەگەر تیرۆری ئیسلامییە توندەڕەوەکان نەبوایە، ئێستا لە ئەوروپا دیاردەیەکمان بەناوی کێشەی پەنابەرانەوە نەدەبوو).



دواتر باس لە پشتیوانی ئەمەریکا دەکات بۆ گروپە تیرۆریستە ئیسلامیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵانی (١٩٨٠)ەوە بۆ (١٩٩٠)، دەنوسێت (هەر کەسێک بیەوێت یارمەتی پەنابەران بدات، پێویستە دژایەتی ئیسلامییەکان بکات چ لە وڵاتی خۆیان، چ لە ئەوروپا).

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی پرۆفیسۆری زانکۆی هامبلودی بەرلین، (روود کۆمپاس-) لەگەڵ (سۆنتاگ تساتونگ-)، دەڵێت (خەڵکی تورکیا بەتەواوی دەزانن کە کەسێکی ئیسلامیستی وەک ئەردۆگان، دەتوانێت چی بکات، وە ئەو سوریانەی بۆ محازەرەکانم دێن، بەشێکی زۆریان لەدەست خوێنرێژی ئیسلامییەکان هەڵاتوون).

لێرەدا بوار نیە بۆ لێکدانەوەی زیاتری هەلومەرجێکی قەیراناوی و بێمافییەکی ڕەهای خەڵک و سیاسەتێک کە ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیڕەوی دەکات وەک هۆکارە ڕاستەوخۆکانی کۆچ، بەڵام زۆر بە پێویستی دەزانم لەبارەی دوو لایەنی گرنگی تر بنوسم.

یەک:- هەمان پرۆفیسۆر لەوەڵامی پرسیارێکیدا دەڵێت: "من بۆ کتێبەکەم (یانسیبی پەنابەری) هەموو ئەو کردەوە تیرۆریستییە کوشندانەم شیکاری کرد کە لە (٢٠١٥)ەوە لە ئەوروپا ڕوویانداوە، تاوانباران (ئیسلامی تیرۆریست) هەر هەموویان لەماوەی ئەم دە دونزە (١٠-١٢) ساڵەی دواییدا وەک پەنابەر هاتوون بۆ ئەوروپا). لەنێو ئەم ڕستانەدا شتێک شاردراوەتەوە، بەوەی ڕاستە ئەوان بەرگی پەنابەرییان کردۆتە بەرییان و ویستویانە لە پشت ئەو کێشە ئینسانییەوە خۆیان بشارنەوە، بەڵام هەرگیز نابێت ئەو مانایەی لێوەوە دەرکێشرێت کە ئیدی هەموو پەنابەرانێک، تیرۆریستێکی لەناودایە.

لەماوەی ئەم دەساڵەدا لانی کەم (٤) ملیۆن کەس هاتونەتە ئەوروپا، ئیسلامیەکان ناگەن بە هەزار یەکیشی. دارشتنی ڕستەکە بەو شێوازە لە رووکاردا دروستە، بەڵام ئەرگیومنێت بۆ بۆچوونێکی ڕاسیستی دەهێنێتەوە، پەنابەر دەکاتە ئۆبجێکتێکی شێرپەنجەیی بۆ کۆمەڵگای ئەوروپی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئیسلامییەکانی ئەردۆگان و سعودیە و قەتەر، ڕەوتە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکانی تر بە سەلەفیەکانیشەوە، لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە وەک نوێنەری ئایینەکان دەناسرێن و پشتیوانی دەکرێن.

دوو: سیاسەتی پەنابەری و کۆچ و کار و هاوڵاتی بوون، لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپادا، لەم دە ساڵەی دواییدا سەدان کەسی توشی نەخۆشی دەروونی، خۆکوژی، خۆشاردنەوەی بێ مۆڵەتی مانەوە، سەدان خێزانی سەرگەردان کردووە. لەم دە ساڵەدا بەبەردەوامی یاساکان توندتر کراونەتەوە، چەندین پەنابەر لەلایەن پۆلیسەوە گیانیان لەدەستداوە، دیپۆرتکردنەوە زیاتر بووە لە هەندێ حاڵەتدا پاش دیپۆرتکردنەوە، پەنابەرەکە زیندانی کراوە یان تیرۆرکراوە لەلایەن دەوڵەت و باندە تیرۆریستەکانەوە. سەدان پەنابەر بەهۆکاری جۆراجۆر بێناسنامە و بێ وەرەقە سەرگەردانن لە ئەوروپا. هەزاران پەنابەر لە خراپترین کارەکان، سەخترین هەلومەرج، کەمترین کرێ. ئەمانە ئەو زەمینانەن کە دوو کۆمەڵگا لە نێو ئەوروپادا دروست بکەن. سەدا نەوەدی ئەو کەسانەی بونەتە نێچیری ئیسلامیەکان و هێرشەکانیان بڵاوکردۆتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کەسانێکن کەداوای مافی پەنابەرییان ڕەفزکراوەتەوە. هەموو ئەو کەسانەی هاوڵاتی ئەوروپی بوون بە پێشینەی کۆچەوە، منداڵێکی سەختیان هەبووە و لەپەراوێزدا ژیاون.

تێوەپێچانی پەنابەران بەگشتی لە کردەوەی تیرۆریستی، واقعی نییە، بەڵام بۆ مەرامێکی تر بەکاردەهێنرێت، ئەویش تا ڕادەی سفر کەمکردنەوەی مانەوەی پەنابەران و مافی پەنابەرییە.

ئەوەش یادداشت بکەم، بەکارهێنانی کارتی پەنابەران، لەلایەکی دییەوە تەنها لەژێر گوشاری بەهێزبوونی ڕاستەکاندا نییە، شتێکی گرنگتر لەوە، کێشەی پەنابەر و کۆچبەران، دەتوانێت زیادکردنی هەموو جۆرەکانی باج، هەڵئاوسان، کەمکردنەوەی بودجەی کلتوور، دایەنگەکان، پرۆژە زانستیەکان، کەمکردنەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشتنی، فرۆشتنی کەرتی تەندروستی، زیادکردنی کرێی هاتووچۆی پاس و قیتار و پۆست، زیادکردنی کرێی خانوو، قەیرانی نیشتەجێبوون، ...ئەمانەش بکاتە گەردنی پەنابەران و سەرمایەداری ئەوروپایی دوژمنێکی وەهمی دروست بکات.

ناوەڕاستی سێپتەمبەری ٢٠٢٤

# پاشماوەی ........ کونجی ماڵ بۆ ژنان و پانتایی زەویش بۆ پیاوان

سیحربازەکان و شامانەکان و ئاخوندەکان ئەو تەونە ئاڵۆزەیان لە "پەیوەندی نێر بە مێ"وە چنیوە و بە سەدەها ڕایەڵی دیار و نادیار پیاوانی گەمارۆ داوە، بەڵام ئەوەی کە بۆتە جوغزی ژیان و ڕەفتاری نێر و مێ لەگەڵ یەکدیدا وێنە دەکات، کە لە زۆربەی شوێن و زەمەنەکاندا ئاڵۆز بووە لەپای ئەوە ئاڵۆز بووە، کە بڕوای تەواوی بە جیاوازی نێرومێ هەیە لە ڕووی فیزیکی و فسیۆلۆژییەوە بە ڕادەیەک کە هەردوو توخمەکەی بە یەکدی نامۆ کردووە و دوو دونیای دژ بە یەکی دروستکردووە.

ڕاستە کە ئەمڕۆ بزافێکی شەرمنی ژنانە لە کوردستان داوای گۆڕانی ئەو جوگرافیا وێنەکێشراوە دەکات گۆڕینی ئەم مێژووەی کردووە بە خەم، وە ئەم بزافە لەسەر دەستی ژمارەیەکی کەم لە ژنان بانگەشەی بۆ کراوە و لەژێر باڵی ئەو حیزبە کۆنەپارێز و پیاوسالارانەدا هاتوونەتە دەرێ، بەڵام هەژاری لە پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و دەرگا داخستنی میدیاکان بە ڕووی ئەم کێشە هەڵواسراوە وای کردووە ئەو بزافە نەبێت بە بزافی سەرتاسەری هەر هەموو ژنان، جگە لە ڕازیبوونی ژنان خۆیان بەو چارەنووسە بێئاگابوو لەو فێڵە گەورەیە سەرباری نەبوونی کەمترین هوشیاری بە ماف و داواکانی خۆیان.

ئەو کێشەیەی کە تا دوێنێ شاراوە و نادیار بوو بە شەرم و ترسەوە قسەی لەسەر دەکرا، ئەمڕۆکە بووەتە بابەتی گفتوگۆ و دەمەتەقێی ژمارەیەک لە ژن و پیاوانی کورد، ئەوە جێگەی خۆشحاڵییە، بەڵام هێشتا لە بازنەیەکی زۆر بچوکدایە و نەبۆتە خەمێکی میللی و سەرتاسەری، نەبۆتە بەشێک لە بزووتنەوەیەکی خەڵکی ئازادیخواز و چەوساوە

لە هەرێمی کوردستان کە خوازیاری ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی بێت لە کۆمەڵگەدا، هێشتا فاکتەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەو ئەندازەیە لەئارادا نییە کە گۆڕانێک لەو پەیوەندییە دروست بکەن و گومانی گەورە لەو کەلتوورە بکەن، ئەمەش چونکە بزافێکی ئازاو ڕاستەقینە نەهاتۆتە مەیدان تا بە زەبری سەپاندنی کۆمەڵێک یاسای ئازادیخوازانەی مەدەنی شتێک لەو مەسەلەیە بگۆڕێت لە بەرژەوەندی ڕزگاری ژنان، بۆیە هێشتا جیهان هی پیاوەکانە و جێگەیەکی بەرتەسک کە دەکرێت ماڵ بێت هەر هێلانەیەکی چکۆلەی لەم چەشنە هەموو مەملەکەتی ژن بێت.

سێپتێمبەری ٢٠٢٤

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# مانگرتنی کرێکارانی گواستنەوەی (هاندیدارت) بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت لە (میترۆ ڤانکووڤەر)ی کەنەدادا

**ئامادەکردنی: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

دوای زیاتر لە هەشت مانگ لە دانووسان و گفتوگۆ لەنێوان نوێنەرانی (یەکێتیی کرێکارانی گواستنەوەی هاندیدارت-HandyDART)(١) و کۆمپانیای (ترانسدیڤ-Transdev)(٢) بێ ئەوەی ئەو گفتووگۆ و دانووسانە هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بەخۆوە ببینێت، سەرەنجام (یەکێتیی کرێکارانی گواستنەوەی یەکگرتوو- ١٧٢٤ ATU) (٣) لە ڕاپرسییەکدا کە لە (١٦)ی تەمموزی (٢٠٢٤) بەڕێوەچوو؛ کرێکارانی هەر پێنج بەشەکەی کۆمپانیای (ترانسدیڤ) کە ژمارەیان زیاتر لە (٦٠٠) کرێکارە، بەڕێژەی (٩٥٪) دەنگیان دا بە ئاکسیۆنی کار و مانگرتن.

داخوازییەکانی کرێکاران بریتیبوون لە:

یەک: بەرزکردنەوەی کرێی کرێکارانی (هاندیدارت) بەڕێژەیەک کە هاوتای کرێکارانی گواستنەوە بێت لە (هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا) و کەنەدا و هەروەها لەگەڵ هەڵاوسانی ئابووری وڵاتی کەنەداش ڕێک بێتەوە.

دوو: کەمکردنەوەی بەکارهێنانی تاکسی لەبری پاسەکانی گواستنەوەی (هاندیدارت). ئەمەش دەخوازێت پاسی زیاتر بەکار بهێنن و کرێکارانی زیاتر دابمەزرێنن.

سێ: کرێکارە کاتییەکان و کێشەکانیان لە چۆنیەتی پێدانی خشتەی کار و فەراهەمکردنی سەعات کاری پێویست بۆیان.

چوار: فراوانترکردنەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

سەرەتا کرێکاران بە بانگەوازی یەکێتیی کرێکاران خۆپیشاندانێکیان لە (٩)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤) سازدا و ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکاران تیایدا بەشدار بوون. پاشان لە (٣)ی تەمموزی (٢٠٢٤)، یەکەمین ئاکسیۆنی کار دەستی پێکرد، ئەویش نەپۆشینی جلی کار بوو. واتە نەپۆشینی یونیفۆرم. کۆمپانیای (ترانسدیڤ) زۆر هەوڵیدا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی درۆ و زانیاری نادروست پەشێوی بخاتە نێو ڕیزەکانی کریکارانەوە، بەڵام هەر زوو نوێنەرانی یەکێتیی کرێکاران هەوڵەکانی کۆمپانیایان پووچەڵ دەکردەوە.

دوای ئەم ئاکسیۆنە، دەورەیەکی تر لە دانیشتن لەنێوان نوێنەرانی کرێکاران و کۆمپانیا بەڕێوەچوو بێ هیچ بەرەوپێشچوونێک. ئەوە بوو لە (١٠)ی تەمموزی (٢٠٢٤) جارێکی تر کرێکاران لەبەردەم بارەگای سەرەکی (Translink)(٤) خۆپیشاندانیان ساز دا. لە (١٥)ی تەمموزی (٢٠٢٤) جارێکی تر دانیشتنێکی بێهوودە لەنێوان نوێنەرانی کرێکاران و کۆمپانیا بەڕێوەچوو. بۆیە یەکێتیی کرێکاران ئاکسیۆنی دووەمی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەویش وەرنەگرتنی پارە بوو لە سەرنشینانی پاسەکان.




کۆمپانیا جارێکی تر بە بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست دەیویست کرێکاران وادار بە پاشەکشە بکات، بەڵام یەکێتیی کرێکاران هەر زوو زانیارییە نادروستەکانی کۆمپانیای شیدەکردەوە و زانیاری دروستی لەڕێگەی بەیاننامەوە دەگەیاندە ئەندامەکانی. لە (١٩)ی تەمموزی (٢٠٢٤) جارێکی تر کۆمپانیا و یەکێتیی کرێکاران کۆبوونەوە و سەرەنجام کۆمپانیا خۆی لە داخوازییەکانی کرێکاران دەدزییەوە و بە زیادکردنی بڕێکی کەم لە کرێ نەیتوانی کرێکاران ڕازی بکات.

بۆ ئەم مەبەستە و لەپێناو فشار خستنە سەر کۆمپانیا، یەکێتیی کرێکاران بڕیاریدا لە (٢٩)ی تەمموزی (٢٠٢٤) کاری زیادە (ئۆڤەرتایم) لە سەرجەم بەشەکانی کۆمپانیا ڕابگرێت. دوای ئەم فشارەش جارێکی تر نوێنەرانی یەکێتیی کرێکاران و کۆمپانیا لە ڕۆژانی (٢٩) و (٣٠) و (٣١)ی مانگی تەمموزی (٢٠٢٤)، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەر یەک بە ئامادەبوونی ناوبژیوان لە بۆردی کرێکارانی (هەرێمی بریتیش کۆڵۆمبیا) کۆبوونەوە و دیسانەوە نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک.

یەکێتیی کرێکارانیش بۆ فشاری زیاتر ڕێوشوێنی تری گرتە بەر بەتایبەتی لە بەشەکانی ئۆفیس و میکانیک و شوفێرەکان. کۆمپانیاش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەوە هەوڵی ئەوەی دەدا ئۆباڵی ڕێکنەکەوتنی بخاتە ئەستۆی یەکێتیی کرێکاران. لەبەرامبەریشدا یەکێتیی کرێکاران هەوڵە فریودەرەکانی کۆمپانیای لەسەریەک پووچەڵ دەکردەوە و لەڕێگەی بەیاننامەی فەرمیی و ڕێنوێنییەکانی لە سایتی یەکێتییەکە و بەسوودوەرگرتن لە سۆشیال میدیا بەرچاوڕوونی زیاتری دەدایە کرێکاران. شایانی باسە لەم ماوەیە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و سایتە ئەلەکترۆنییەکان کەم تا زۆر هەواڵی ئەم خەبات و ململانێیەی بڵاودەکردەوە.

کۆمپانیای (ترانسدیڤ) جارێکی تر بەیاننامەیەکی پڕ لە درۆ و چەواشەکاری لە (٩)ی ئابی (٢٠٢٤)دا، بڵاوکردەوە و یەکێتیی کرێکارانیش بۆ ڕۆژی دوایی (١٠)ی ئابی (٢٠٢٤) ورد لە درۆ و فێڵ و تەڵەکەی سەرمایەداران و کۆمپانیا و ئامانج لەو درۆ و چەواشەکارییانە تێدەگەیشت و ڕوونکردنەوەیەکی بۆ کرێکاران بڵاوکردەوە و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کۆمپانیا بەبێ مانگرتنی گشتی و سەرانسەری مل نادات بە داخوازییەکان. بۆیە هەنگاو بە هەنگاو کەوتە ئامادەکردنی کرێکاران بۆ ئەو مانگرتنە گشتییە. یەکێتیی کرێکاران جگە لە بەیاننامە، لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و بەرنامەی زوومەوە چەندین کۆبوونەوە و مەشقپێکردن و ئامادەکردنی کرێکارانی ئەنجامدا. سەرەتا یەکێتیی کرێکاران سێ شاری سەرەکی کردە بنکەی مانگرتن ئەوانیش ( ڤانکووڤەر و بۆرنەبی و کلۆڤەردێڵ)ن و ژمارەیەک کاپتنی بۆ گرووپە مانگرتنەکان ساز و ئامادە کرد لەژێر ناوی (پیکێت کاپتنس Picket Captains) و هەروەها لە ماوەی هەفتەیەکدا کار و هەڵسوراوبوونی کرێکاران و شیفتەکانیان دیاریکرد و خۆیان ئامادە و ساز کرد بۆ مانگرتنی گشتی.

کۆمپانیای (ترانسدیڤ) لەپێناو پەنانەبردنی کرێکاران بۆ مانگرتن؛ چەند پاشەکشەیەکی بچووک و ناسەرەکی کرد وەکو زیادکردنی هەندێ لە خزمەتگوزارییەکان و وازهێنان لە کۆنتراکتی چوار ساڵە و پێدانی بڕی (١٥٠٠) دۆلار بۆ کرێکاری (فووڵ تایم) و بڕێک پارە بۆ کرێکارانی (پارت تایم) و کاتی. بۆیە ئەم ئۆفەرە تازەیەی خستە بەردەم یەکێتیی کرێکاران و داوای کرد بخرێتە دەنگدانی گشتییەوە.

یەکێتیی کرێکارانیش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە (٢٣)ی ئابی (٢٠٢٤)وە بڕیاریدا تەواوی ئاکسیۆنە مانگرتنەکان تا دوای پرۆسەی دەنگدان هەڵپەسێرێت. ئەوە بوو لە ڕۆژانی (٢٦) و (٢٧)ی ئابی (٢٠٢٤) دەنگدانی گشتی لەسەر دوایین ئۆفەری کۆمپانیا بەڕێوە چوو و کرێکاران بە ڕێژەی (٨٣٪) ئەو ئۆفەرەی کۆمپانیایان ڕەت کردەوە.

هاوکات نوێنەری بیرۆی سەرەکی یەکێتیی کرێکاران (سارا مەسیدە ماسیاڵ) کە لەگەڵ دەستەی دانووسانی کرێکاران بوو و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دژایەتی بەرژەوەندی کۆمپانیا و بەرگریکردن لە کرێکاران، دوای دوورخستنەوەی لە بۆردی دانووسان، کرێکاران لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیاندا داوایان لە بیرۆی سەرەکی کرد کە دەستبەجێ (سارا) بگەڕێننەوە بۆ دەستەی دانووسان، و ئەوەبوو یەکێتیی کرێکاران یەکسەر ملی بەو خواستەدا و خاتوو (سارا)ی گەڕاندەوە شوێنی کارکردنی خۆی. بەمجۆرە هەم کۆمپانیا و هەم یەکێتیی کرێکارانیش لەژێر فشاری کرێکاراندا بوون.

یەکێتیی کرێکاران بڕیاریدا ئاگادارنامەیەکی (٧٢) سەعاتی بداتە کۆمپانیا و بۆردی کرێکارانی (برتیش کۆڵۆمبیا) بۆ مانگرتنی سەرتاسەری.(٥) بەم پێیە بڕیاریدا ڕۆژی سێشەممە سێی ئەیلوولی (٢٠٢٤) وەک یەکەم ڕۆژی مانگرتنی گشتی دەست نیشان بکرێت و هەموو ئامادەکارییەکیشی بۆکرا. بڕیاریش درا یەکەم ڕۆژی مانگرتن بە نمایش و خۆپیشاندانێکی هەزاران کەسی لەناو شاری (ڤانکووڤەر) دەست پێبکات.

ئەوەبوو لە کاتژمێر یانزەی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە (٣) ئەیلوولی (٢٠٢٤) بە سەدان کرێکاری گواستنەوەی (هاندیدارت) لە پارکی (سۆرنتۆن) لە داونتاونی شاری (ڤانکووڤەر) کۆبوونەوە و بەلۆگۆی فەرمی یەکێتیی کرێکاران و دروشمی جۆراوجۆری کرێکاریی کە گوزارشتبوون لە خواستی کرێکارانی مانگرتوو، یەکەمین ڕۆژی مانگرتنی خۆیان دەست پێکرد.

ئەوەی جێی سەرنج بوو و بۆ سەپۆرتی ئەم مانگرتنە، جگە لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە لۆکاڵەکانی (هەرێمی برتش کۆڵۆمبیا)، هەریەک لە سەرۆکی (یەکێتیی کرێکارانی کەنەدا) و سەرۆکی (یەکێتیی کرێکارانی نێونەتەوەیی-ATU) و ڕابەرانی کرێکاریی و کەسایەتییەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاریی (هەرێمی برتش کۆڵۆمبیا) و سەرۆکی شارەوانی شاری (لانگلی) و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی شاری (ڤانکووڤەر) و سێ ئەندام پەرلەمانی فیدراڵی کەنەدا و نوێنەری (پارتی دیموکراتی) نوێ و سەرۆکی نەقابە و سەندیکا کرێکارییەکانی (بریتیش کۆڵۆمبیا) و (ئۆنتاریۆ) بەشدارییان تێدا کرد و هەریەکەیان بە دەوی خۆی پشتیوانی خۆیان بۆ کرێکارانی مانگرتوو ڕاگەیاند و زۆربەی وتارەکان پێداگرییان لەسەر هاوڕیزی و هاوچارەنووسی کرێکارانی (بریتش کۆڵۆمبیا) و کەنەدا و تەنانەت جیهانیش دەکرد.

ئەم نمایشە چینایەتییە شۆڕ و شەوقێکی زۆری بە کرێکارانی مانگرتوو بەخشی و سەرجەم مانگرتووان بەڵێنیاندا کە سوور بن لەسەر داواکانیان و تا داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێت، دەست لە مانگرتن هەڵنەگرن. خۆپیشاندانەکە سێ کاتژمێری خایاند و دەنگدانەوەیەکی میدیایی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

### ژێدەرەکان:

(١)- هانیدارت ( HandyDART) خزمەتگوزارییەکی گوستنەوەی مرۆیی گشت خاوەن پێداویستی تایبەتەکانە لە کەنەدا کە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتە لۆکاڵەکان بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان کردووە لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی زیاتر بۆ ئەو ئینسانانە کەتوانای بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی ئاساییان نییە.

https://www.translink.ca/rider-guide/transit-accessibility/handydart

(٢)- کۆمپانیای ترانسدیڤ (Transdev) کۆمپانیایەکی گواستنەوەی گەورەیە و بنکەی سەرەکی لە وڵاتی فەرەنسایە و لە پێنج کیشوەر و نۆزدە وڵاتدا کار دەکات. ڕۆڵێکی گەورەی جیهانی لە بازاڕی گواستنەوەدا هەیە. گروپێکن کە بنکەیەکی بازرگانی تۆکمەیان هەیە و پابەندین بە بەڕێوەبردنی گواستنەوەی بەردەوام و گشتگیر بۆ هەموو سەرنشینان.

/https://www.transdev.ca/en

(٣)- یەکێتی کرێکارانی گواستنەوەی یەکگرتوو (ATY ١٧٢٤) گەورەترین سەندیکای کرێکاران کە نوێنەرایەتی گواستنەوە و کرێکارانی هاوپەیمان دەکات لە ئەمریکا و کەنەدا. ئەم یەکێتییە کار بۆ بەرژەوەندی ئەندامەکانی دەکات و ترانزێتی بەکۆمەڵ بەرەوپێش دەبات و لە ساڵی (١٨٩٢) دامەزراوە. ئەم یەکێتییە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار ئەندامی هەیە، لەوانە: شۆفێرانی پاسی شارە گەورەکانی نێوان ویلایەتەکان و پاسی گواستنەوەی قوتابخانەکان؛ بەڕێوەبەرانی گواستنەوە، شەمەندەفەری سووک، میترۆ، ترام، و کەشتی؛ کرێکارانی میکانیک و کرێکارانی تری چاککردنەوە؛ بریکاری وێستگە، کارهێنانی مەند، مامەڵەکارانی جانتا، کارمەندانی شارەوانی لەخۆ دەگرێت.

١٧٢٤-https://www.atucanada.ca/locals/atu-local

(٤)- ترانسلینک (Translink) دەسەڵاتی فەرمیی یاسایی گواستنەوەی کەناری باشووری (هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا)یە کە پێشتر دەسەڵاتی گواستنەوەی (ڤانکووڤەر)ی گەورە بوو، ئەم دەسەڵاتە بەرپرسیارە لە تۆڕی گواستنەوەی ناوچەیی (میترۆ ڤانکۆڤەر) لە هەرێمی بریتیش کۆڵۆمبیای کەنەدا، وەک گواستنەوەی گشتی، ڕێگا سەرەکییەکان و پردەکان. مەکۆی سەرەکی کارکردنی ئەم دامەزراوە لە ساڵی (١٩٩٨) دامەزرا کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری وەزیری گواستنەوەی (هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا)یە.

/https://www.translink.ca

(٥)- بۆردی پەیوەندییەکانی کار (Labour Relations Board) (دەستەی کارگێڕی) وەک دادگایەکی کارگێڕییە کە کاری چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کە بەپێی یاسای پەیوەندییەکانی کار سەرهەڵدەدەن. ئەمەش واتە وەک دادگا کاردەکات. تەنها ئەوە نەبێت کە پرۆسەکانی کەمتر فەرمین لە دادگایەکی ئاسایی. بۆردی پەیوەندییەکانی کار لە ساڵی (١٩٧٤) دامەزراوە و یەکەم دادگای سەربەخۆ و تایبەتمەند بووە کە لە کەنەدا دروستکراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسانەی ئەو کارگە و کۆمپانیا و شوێنی کارانەی کە لەژێر چەتری سەندیکاکان ڕێکخراون یان خەریکی سازدانی ڕێکخراون. نووسینگەی سەرەکی پەیوەندییەکانی کار کەوتووەتە شاری (ڤانکووڤەر) لە (هەرێمی بریتش کۆڵۆمبیا).

https://www.lrb.bc.ca/about-labour-relations-board

# پاشماوەی ........ بەریتانیا: سەرکەوتنی ستارمەر قۆناغێکی نوێ لە قەیرانی بێکۆتایی

وەک (جیس فیلیپس) و (ویس ستریتنگ) زۆری نەمابوو لەبەرامبەر ئەو کاندیدانەی کە لانگری فەلەستینیەکان بوون کورسییەکانیان لەدەست بدەن. هەروەها (ڕۆشانارا عەلی) ژنە ئەندام پەرلەمانی دەستەڕاستی (حزبی کرێکاران) ژمارەی دەنگەکانی لە سی و چوار هەزار (٣٤٠٠٠) دەنگەوە دابەزی بۆ تەنها هەزار و هەشت سەد (١٨٠٠) دەنگ.

ئاماژەیەکی دیکە لەم بێزاری و ڕق و کینەیە بەرامبەر بەو حزبانەی سەر بە دامودەزگای فەرمیین، دابەزینی پشکی (حزبی کرێکاران) و (حزبی پارێزگاران) ە لە ژمارەی دەنگەکاندا، کە لە ساڵی (١٩١٨)ەوە ئەمە نزمترین پشکی دەنگدەرانە کە وەریانگرتووە. وێڕای ئەوەش لە ساڵی (١٩٤٥)ەوە، نزمترین ئاستی بەشداربوونی دەنگدەران تۆمارکراوە. ئەمانە دەرخەری ئەو ڕەتکردنەوە گەورەیەن لەلایەن جەماوەرەوە بۆ ئەو سیاسەتانەی کە لەئارادان.

حکوومەتی قەیران

(ڕیشی سوناک) جانتاکەی پێچایەوە و کۆشکی ژمارە (١٠)ی سەرۆک وەزیرانی بەجێهێشت و (ستارمەر) یش کە خەریک بوو لە خۆشیاندا بفڕێت، بە خێرایی ڕۆیشت ئەنگوستیلەکەی دەستی شای بریتانیا (چارلس)ی ماچ کرد و مۆڵەتی لێ وەرگرت کە حکومەت پێکبهێنێت. بەڵام زەردەخەنەی سەرۆکی (حزبی کرێکاران) زۆر ناخایەنێت، و حکومەتەکەی ڕووبەڕووی گەردەلولێک لە گێروگرفت دەبێتەوە کە قەیرانەکانی سەرمایەداری بریتانیا بۆی دەهێنێت.

ڕاپۆرتێکی ئەم دواییەی (دامەزراوەی دادپەروەری) دەڵێت لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا بەریتانیا کەمتر دادپەروەرانە و زۆرتر نایەکسانتر دەبێت، و جیاوازی لە بواری سامان و تەندروستی و خانووبەرە زیاتر دەبێت. وە ئەمە تەنها ئاماژەیەکە بۆ ئەو هێرشانەی کرێکاران و هەژاران و گەنجان لە ساڵانی داهاتوودا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

(ستارمەر) پابەندە بە سەرمایەدارییەوە و هەوڵ دەدات خزمەت بە بەرژەوەندیی کۆمپانیا گەورەکان بکات. بەوپێیەش کە ڕژێمەکە لە قەیراندایە ئەم خزمەتکارییەی کۆمپانیاکان مانای هێرشی زیاتر دەگەیێنێت بۆ سەر خەڵکی ئاسایی. ئەمەش حکومەتی (ستارمەر) دەخاتە سەر ڕێڕەوێکی بەریەککەوتن لەگەڵ چینی کرێکار، ئەو چینەی کە ناچارە بەرووی داسەپاندنی سیاسەتی سکهەڵگوشین و دابەزاندنی ئاستی ژیان و گوزەرانی بوەستێتەوە.

ڕۆژنامەی (فایناشیاڵ تایمز) دەڵێت: "ئەو زۆرینەیەی (حزبی کرێکاران) کە ئێستا سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت، لەسەر بنەمایەکی لاواز دامەزراوە". ڕۆژنامەکە دەنوسێت: "هەروەک (جەیمس کاناگاسۆریام)، بەرپرسی سەرەکی توێژینەوە لە کۆمپانیای (فۆکاڵ داتا)، دەڵێت، ئەو هاوپەیمانییەی دەنگدەران کە (ستارمەر)ی گەیاندە کۆشکی حکومەت لە (داونینگ ستریت ١٠) نابێت وەک باڵەخانەیەکی بەرزی هەوربڕ سەیری بکرێت، بەڵکو باشترە وەک قەڵایەکی لم تێی بگەین کە شەپۆلی نارەزایەتی لە چەند ساڵێکی کەمی داهاتوودا ڕای دەماڵێت، هەروەک ئەوەی کە لەم هەفتەیەدا (حزبی پارێزگاران)ی ڕامالی".

بۆیە دەتوانین بە متمانەوە بڵێین ئەو زۆرینەی کە (ستارمەر) لە پەرلەمان هەیەتی، هەروەک زۆرینەکەی (بۆریس جۆنسۆن) و (حزبی پارێزگاران) ە کە لە ساڵی (٢٠١٩)دا بەدەستیان هێنابوو، وە ژێرەکەی بە مین و دینامیت چێندرابوو. ئەم حکومەتە نوێیەی (حزبی کرێکاران)یش هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لە قەیرانەکاندا نوقم دەبێت.

ئاسۆی داهاتوو

بەوپێیەی بژاردەی ڕاستەقینەی کەم لەبەردەستدایە، ئەم هەڵبژاردنە گشتییە تەنها وێنەی گۆشەیەک و کاتی لە میزاجی زاڵ لە کۆمەڵگەدا پێشکەش دەکات.

سەرکەوتنی حزبەکەی (نایجل فاراج) (حزبی ڕیفۆرمی شانشینی یەکگرتوو) کە چوار (٤) کورسی تازە و لەسەدا چواردە و لەدەدا سێ (١٤.٣٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، کە دەیکاتە حزبی سێیەم لە وڵاتدا، ئەم سەرکەوتنە هوشدارییەکی شوومە و (فاراج) پلاتفۆرمی پەرلەمانی خۆی بەکاردەهێنێ بۆ وروژاندن و هەڵخراندنی هێزە کۆنەپەرستەکان. فاراج بە شانازییەوە گوتی: "لەوانەیە ئەمە سەرەتای کۆتاییهاتنی (حزبی پارێزگاران) بێت. بۆشاییەکی گەورە لە سیاسەتی بەریتانیا لە بەرەی (ڕاستی-میانەڕەو)دا هەیە! و کاری من پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە".

(حزبی پارێزگاران) کە لەسەرەمەرگدایە، قەیرانەکەی دەرگا دەکاتەوە بۆ دووبارە سەروساماندانەوە بە سیاسەتی ڕاستڕەوانە لە بەریتانیا. ئیتر (حزبی پارێزگاران)ی "میانڕەو" کۆتاییهات. (ڕۆبەرت باکلاند)، لۆردی ڕاوێژکاری پێشوو داخی بۆ ئەوە خواست کە "حزبی پارێزەران ڕووبەڕووی کارەساتێک دەبێتەوە". و کێبرکێی سەرکردایەتی حزبەکەش "وەک ئەوە دەبێت کە کۆمەڵێک پیاوی کەچەڵ شەر بکەن لەسەر شانە".

وەک ئاماژەیەکیش بۆ گەشەی ڕادیکاڵبوونەوەی جەماوەر ڕووەو چەپ، (١٧٩١) کەس لە (ستراتفۆرد-Stratford) و (بۆ-Bow) لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن دەنگیان بە (فیۆنا لالی- Fiona Lali) دا کە بە ئاشکرا پێداگری لەسەر بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانە دەکرد. سەدان کەس ناوی خۆیان تۆمار کرد بۆ ئەوەی خۆبەخشانە بەشداری لە هەڵمەتەکەیدا بکەن و لەو کاتەشەوە زۆرێکیان پەیوەندییان بە (حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ)ەوە کردووە. (حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ) کە تەنیا لە سەرەتای مانگی ئایار (ی ٢٠٢٤)دا دامەزراوە، بڕیاری دا (فیۆنا) لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا کاندید بکات بە مەبەستی تاقیکردنەوەی میزاج و هەڵکردنی ئاڵای سووری شۆڕش. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە هەڵمەتەکەمان گەیشتە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو. ئەمە یەکەم جار بوو حزبەکەمان دەستبەکار بێت بۆ چالاکی جەماوەری، وە ئەمە تەنها سەرەتایەکە بۆ ئەو دەرفەت و هەلانەی کە لەبەردەماندان.

دەرمانە تفت و تاڵەکەی ستارمەر

لە دوو توێی ئەم بارودۆخەدا خەباتێکی گەورەی چینایەتی بەڕێوەیە! ئەم حکوومەتەی (حزبی کرێکاران)یش کارێکی جیاواز لەوە ناکات کە (حزبی پارێزگاران) کردوویەتی بۆ ڕزگارکردنی سەرمایەداری بەریتانیا.

(ستارمەر) بەردەوام دەبێت لە پڕچەککردنی ئامێری جەنگی ئیسرائیل و پەیڕەوکردنی فەرمانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. هەروەها بەردەوامیش دەبێت لە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی (تۆری -حزبی پارێزگاران)، واتا بەکارهێنانی دەرمانە تفت و تاڵەکە لە کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان و داسەپاندنی سکهەڵگوشین. وتەبێژی (حزبی کرێکاران) وتی: "بەرنامەی ئێمە بۆ خەرجییە گشتییەکان پشت بە بنەمایەکی یاسای دارایی بەهێز دەبەستێت کە چاودێر دەبێت بەسەر هەموو بڕیارێکدا کە لە حکومەتدا دەیدەین".

ڕاوێژکاری نوێی بەریتانیا، خانم (ڕاچڵ ڕیڤز) دەڵێت هیوادارە ئێستا وەبەرهێنەران، بەریتانیا وەک "پەناگەیەکی سەلامەت" ببینن. هیواکانیشی لە جێی خۆیدا بوون، ئەوەتا وەڵامی بازاڕەکان زۆر ئەرێنی بوون بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پێوەری (FTSE) دوو سەد و پەنجا (٢٥٠) خاڵ بەرزبۆوە بۆ بەرزترین ئاستی خۆی لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵدا! خاوەنکارەکان و وەبەرهێنەران لە خۆشی سەرکەوتنی (ستارمەر) دەستەکانیان لێک دەخشێنن و دەمێکە چاوەڕوانی ئەو دەکەن، چونکە ئەو نۆکەرێکی دڵسۆز و حەکیمە بۆ بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان.

بەم نزیکانە هەموو ئەو هیوایانە لەناو دەچن کە پێیانوایە (حزبی کرێکاران) شتێکی باش پێشکەش بە کرێکاران دەکات. لەبری چاکسازی، دژە چاکسازی دڕندانە پیادە دەکرێت. قەیرانی تێکچڕژاوی سەرمایەداری بەریتانیا دەبێتە بنەمای فەرمانڕەوایەتی (ستارمەر). لە دوو توێی ئەم پرۆسەیەدا، (حزبی کرێکارن) بە سەرۆکایەتی (ستارمەر) زیاتر لە (تۆری -حزبی پارێزگاران) دەکەوێتەبەر نەفرەت.

خۆتان ئامادەکەن بۆ خەبات

چینی کرێکار دەبێت خۆی بۆ پێشهاتەکان ئامادە بکات. سەرکردەی سەندیکاکان لە جیاتی قسەی قەبە و بەتاڵ، دەبێت چیتر بە چیچکانەوە دانەنیشن و هەستنەسەر پێ و خۆیان ئامادە بکەن بۆ کارکردن لە هەموو ئاستێکدا. "چەپەکانی" ناو (حزبی کرێکاران) دەبێت ئازا بن و بەڕووی (ستارمەر)دا بوەستنەوە. ئیتر کاتی دوودڵی بەسەرچوو!

ئیتر بەسە! دوای پانزە ساڵ لە چەقبەستووی و پاشەکشەی ئابووری، چینی کرێکار دەبێت ڕەتی بکاتەوە کە بارگرانی ئەم قەیرانە سەرمایەدارییە هەڵبگرێت. دەبێ ملیاردێر و خاوەن بانکەکان و سەرمایەداران ناچار بەوە بکرێن کە باجەکەی بدەن!

(ویل هوتۆن-Will Hutton)، کە ئابووریناسێکی لیبراڵە و ستوونێکی هەیە لە ڕۆژنامەی (گاردیان)، بە گاڵتەجاڕیەوە وتی سەندیکالیستەکان "زیاتر حەزیان لە هاوکاریکردنە لەگەڵ سەرمایەداران بۆ دابینکردنی شوێنی کاری باش، تا ئەوەی بینە باڵی پیشەسازی شۆڕشێکی پرۆلیتاری کە هەرگیز ڕوونادات".

بۆ ئەوەی بزانن ئەم "هاوکاریکردنە" لەگەڵ خاوەنکارەکان بە کوێ گەیشتووە، پرسیار لە کرێکارانی تواندنەوەی ئاسن بکەن لە باشووری وێڵز (South Wales) کە ئێستا ڕووبەڕووی دەرکردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە لەسەر کار، سەیرکەن هاوکاری چینایەتی بەکوێی گەیاندن؟ ئیتر بێزار بووین لەم خیانەتانەی سەندیکالیستە بیرۆکراتەکان و سیاسەتمەدارانی (حزبی کرێکاران)، ئەوان تەنها بایەخ بە پیشە و پلەوپایەی خۆیان دەدەن.

بنیاتنانی حیزبی شۆڕشگێڕ

حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ (Revolutionary Communist Party (RCP).) لەسەر ئەو سەرکەوتنەی کە لە (ستراتفۆرد-Stratford) و (بۆ-Bow) بەدەستی هێنا بنیات دەنرێت، تا کۆمەگی بکات بە شکڵپێدانی بزووتنەوەیەک کە بتوانێت بەرپەرچی هێرشەکانی حکومەتی (ستارمەر) بداتەوە.

ئەم حزبە بنیات دەنێین بۆ جەنگان لە دژی ئەم ڕژێمەی بەریتانیا کە پشتیوانی دەکات لە جینۆسایدکردنی فەلەستینیەکان، هەڵمەتێکی سەرتاسەری دژی ئیمپریالیزم و میلیتاریزم ڕادەگەیێنین و بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ لایەکانی تردا پێک دەهێنین بۆ یەکخستنی خەبات لە دژی (ستارمەر) و تاوانبارانی جەنگ.

ئێمە چووینەتە ناو قۆناغێکی نوێی چۆنایەتییەوە لە بەریتانیا. قۆناغی داهاتوو قۆناغی گەردەلول و گرژی دەبێت، کە گۆڕانکارییەکی قووڵ لە هۆشیاریدا لە ئاستێکی بەرفراواندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت، سەرەتا لە گەنجانەوە.

ئێمە بەرەورووی سەردەمی شۆڕشگێڕانە دەبینەوە، هەم لە بەریتانیا و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. زۆر گرنگە پێش ئەوەی ئەو ڕووداوانە سەرهەڵبدەن، حزبێکی شۆڕشگێڕ دروست بکەین. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە ئێمەی (حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ) بۆ خۆمان دیاری کردووە. ئەو ئەرکەی مێژوو داوای دەکات.

داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە دەنگیان بە (فیۆنا -Fiona) داوە، وە هەموو ئەو کەسانەی کە پشتیوانی هەڵمەتەکەمانیان کردووە لەسەر ئاستی وڵات، بێنە ڕیزەکانی ئێمەوە و خۆیان بۆ شۆڕشی داهاتووی بەریتانیا ئامادە بکەن.

٥ی تەمموزی ٢٠٢٤

-*-*-*

تێبینی: ڕۆب سوێڵ سەرنوسەری ڕۆژنامەی (کۆمۆنیست) ە لە بریتانیا و لە کادرانی (ڕەوتی مارکسیستی نێونەتەوەیی-IMT) و (حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ) ی بریتانیایە. ئەم وتارەی لە (٥-٧-٢٠٢٤)دا نووسیوە، واتا ڕۆژێک دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی بریتانیا کە لە (٤-٧-٢٠٢٤) بەڕێوەچوو.

ئەم وتارە جگە لە بایەخی باسەکانی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی بریتانیا، بۆ ئێستای کوردستانی عێراقیش بایەخی خۆی هەیە کە بڕیارە لە (٢٠-١٠-٢٠٢٤)دا ئەنجام بدرێت، لەو ڕوانگەوە یەکەی وەرگێڕان لە ڕۆژنامەی (ڕەوت) ئەم وتارەی کردووە بە کوردی لە عەرەبییەوە و بەراوردی کردۆتەوە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەی کە بەزمانی ئینگلیزییە. لە خوارەوە هەردوو لینکی عەرەبی و ئینگلیزییە دادەنرێت بۆ گەڕانەوە بۆیان. (ڕەوت) خوێنەرانی خۆی بانگەواز دەکات بۆ خوێندنەوەی.

لینکی تەرجومەکراوی عەرەبی:

https://www.ahewar.org/debat/
٨٣٥٤٦٨=show.art.asp?aid

لینکی ئەسڵی وتارەکە بە زمانی ئینگلیزی:

https://www.marxist.com/britain-starmer-s-victory-a-new-stage-in-the-unending-crisis.htm

# بەشێکین لە بەرەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز دژ بە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (١٨٨)

**ڕۆژنامەی "ڕەوت"، بەشێکە لەبەرەی ژنان و پیاوانی ڕزگاریخواز و یەکسانیخوازی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی، دژ بە گۆڕینی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی عێراق بۆ کۆیلەکردنی ژنان و منالآن لە سەرتاسەری عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.**

**هەر لەم سۆنگەیەشەوە لە ڕاستای بەهێزکردن و بردنە پێشەوەی خەبات بۆ پەرچەدانەوەی ئەم هێرشە ترسناکەی ڕەوتە مەزهەبییە کۆنەپەرستەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، ڕۆژنامەی (ڕەوت) پانتاییەک لە لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیەی تەرخان کردووە بۆ وتار و لێدوانی چەندین کەسایەتی و هەڵسوڕاو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.**

### نەسرین شەفیق / چالاکوان لەبواری مەدەنی:



ئەمە دەستدرێژی سێکسییە بۆسەر منالآن کە بە هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی و یاسایی قەدەغەیە و سزا دەدرێ

زۆر سوپاس بۆ ڕۆژنامەی (ڕەوت)، ئەمە پرسێکی گرنگە و هیچ کەسێک ناتوانێ بێدەنگ بێت بەرامبەر ئەو حزبە دەسەڵاتدارانە و ئەوانەی لەڕووی دەروونییەوە نەخۆشن و هەوڵی بەیاسایی کردنی "منالٌبازٌ"ی دەدەن.

ئێمە لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاریدا دەژیین، کۆمەڵگای باوکسالاریش لەسەر چەوسانەوەی ژن و بێمافکردنی مێیینە دروستبووە. بێچەوسانەوەی ژن و پێشێلکردنی مافی ژن شێک نییە بەناوی باوکسالاری.

ئەحزابی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە عێراق، هەروەها حزبە فەرمانڕەواکان لە کوردستان، لەگەڵ حزبەئیسلامی و سەلەفییەکانی کوردستانیش گەرچی ئەمانە لەڕووی دەسەڵاتەوە بەهێز نین، بەڵام بە هەموویانەوە توانیویانە فشارێکی زۆر بخەنە سەر کۆمەڵگا.


حزبە نادینیەکان و ناسیۆنالیزمەکانیش پێویستیان بەبیری تەسکی مەزهەبی هەیە، بەهەموویانەوە توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگا بەرەوە کۆمەڵگایەکی ئایینی ببەن، چوونکە کۆمەڵگا چەند بەرەو ئایینپەرستی بڕوات زیاتر دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە لەجیاتی ئەوەی پەنجە بخاتە چاوی دەسەڵاتەوە، کە ئەمە بۆ خۆی لەقازانجی دەسەڵاتێکی گەندەڵە.

گەر لە ساڵەکانی ڕابردوو واتا سەرەتای ساڵەکانی شەست و حەفتا بەهۆی ڕەوتێکی پێشکەوتنخواز و نەبوونی حزبی ئیسلامی تواُنراوە لە یاساکانی عێراق لە هەندێک بڕگەدا دان بە مافەکانی ژنان بنرێت، بەڵام ئێستا حزبە ئیسلامیی و کۆنەپەرستەکان دەیانەوێت ئەو یاسایانەی لە قازانجی ژنە لای ببەن.

ڕێگەدان بەشودانی منالی نۆ ساڵی کاراساتێکی گەورەیە بۆ شێواندنی دونیایی جوانی منالی و ئەمە ڕێگەگرتنە لە نشونماکردنی منالٌ بەشێوەیەکی سروشتی. بەشوودانی منالی (٩) سالٌ ڕەگوڕیشەیەکی ئاینی هەیە، واتای بەفەرمی کردنی دەستدرێژی سێکسییە بۆسەر منالآن (منالٌبازی)ە کە بەپێیی هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی و یاسا جیهانییەکان قەدەغەیە و دەبێت سزابدرێ.

بۆ تێکشانی ئەو پرۆژەیەی لە پەرلەمانی عێراق هەیە، پێویستە بەرەیەکی گەورە پێک بێت لە خەڵکی ئازادیخواز و سکۆلار و کۆمۆنیست، لەپێش هەمووشیانەوە پێویستە ژنان لە پێشەوەی ئەم بەرەیەدابن.

### سەنا نوری: سوکایەتی بە ژن و بە ئینسان دەکەن، ژن دەکوژن، تۆمەتی بۆ دروست دەکەن، کەچی دەسەلآت ڕێزیان لێ دەگرێ



ئەمە کارەساتە حزب و ڕەتە سیاسیەکان کەووتونەتە گەمەی وڵاتی دراوسێوە دەبێ هەموو دژی یاسایەکی وا کوشندە دژی منالٌ بوەستینەوە. بەڕاستی جێی شەرمەزاری و ئابڕووچونە، چونکە ئەوە بڕیارێکە جێگەی بیر لێ کردنەوە نییە، عێراق بۆخۆی تابینەقاقای لەناو قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە و دەیانەوێ لەوە زیاتر قەیران درووست بکەن، بەهیچ شێوەیەک جێی قبووڵ نییە بڕیارێکی وا.

ئەمڕۆ دەبینین عێراق بۆتە مەیدانی زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان و سیاسەتەکانی خۆیان و شەڕەکانی خۆیان لەسەر خاکی عێراق دەکەن، ئەوەتا ڕۆژانە دڕۆنی تورکیا خەڵکی سڤیل و بێ تاوان دەکوژێت و دەسەلآت داران ئیدانەی ناکەن و ڕێگری لێ ناکەن، ئەوەتا ئەو هەموو داعشە نستووە ئەو هەموو مەلا و عەمامە بەسەرە، یەکێک سەر بە میتی تورکیا و ئەوی تر سەر بە ئیتلاعاتی ئێرانە و سوکایەتی بە ژن و بە ئینسان دەکەن، ژن دەکوژن، تۆمەت بۆ ژن دروست دەکەن، کەچی دەسەلآت ڕێزیان لێ دەگرێ، یاسا لەم وولآتە و لەم هەرێمەدا خراوەتە پەراوێزەوە.

### نیگار بەهرامی: پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ئازادی خواز، بەرپەرچی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بدات



من وەک کەسێکی ئازادیخواز هەوڵی هەموارکردنی ئەم یاسایە بەدرێژەدان بەهەوڵەکانی ئیسلامی سیاسی لە ئەفغانستان دەبینمەوە، کە یاسا و ڕێسای دواکەوتووانەیان سەپاند بەسەر کۆمەڵگای ئەفغانیدا. هۆکارەکەشی وسکوتبون و بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوو لەو پێشێلکاریەنە. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ئازادی خواز و مرۆڤ دۆست، وەک ئەرکێکی مێژووی بەرپەرچی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بدات لە ڕێگای بەشدار بوون لەم چالاکیانەدا:

١- بەرزکردنەوەی هۆشیاری بەرامبەر ئەم یاسایە کە چۆن یاساکە کاریگەری دەبێت لەسەر زەوت کردنی مافە سەرەتاییەکانی ژنان و کچان و منداڵان.

٢- هەوڵدان بۆ وەرگرتنی هاوکاری نێودەوڵەتی لە ڕێکخراوەکانی ژنان و مرۆڤ دۆستان و ئەوانەش کەسەر بە (UN)ن بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ وەستانی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە.

### دڵسۆز شەریف: بەشودانی منداڵی خوار هەژدەساڵ بابەتێکە دەبێت هەرکەسێکی ئاسایی ڕابچڵەکێنێت!

خۆی هەر خودی قسەکردن لەسەر بەشودانی منداڵی خوار هەژدەساڵ بابەتێکە کە دەبێت هەرکەسێکی ئاسایی ڕابچڵەکێنێت!

ئاخر منداڵێک کە هێشتا هیچ شتێکی بۆ هاوسەرگیری لەبار و گونجاونییە دەبێت بەپێی هەموو عورف و عادەتێک شەرمئاوەر بێت باس لە بەشوودانی بکرێت. بەبڕوای من، ئینسان لەدوای تەمەنی (٢٣)ساڵیەوە بەرەو کامڵ بوون دەڕوات و ئامادەی هاوسەرگیر و ژیانی خانەوادەگییە. پاشان مەلەسەی هاوسەرگیری بۆ دەبێت مەسەلەی یاسا و باوک و دایک و کۆمەڵگا بێت؟ بەڵام دەکرێت لانی کەمی تەمەنی هاوسەرگیری بە (١٨) ساڵ دیاری بکرێت و هەرکەس ئەو یاسایە پێشێل بکات وەکو دەسدرێژکەر بۆسەر منداڵ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

# گۆنا سەعید :
## دەبێت ڕەهەندی چینایەتی ئەم کێشەیە لە یاد نەکەین
### سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای (١٨٨)



هەوڵی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی عێراقی ساڵی ١٩٥٩ و هەوڵدان بۆ گۆڕینی یاساکە تا جێگە بۆ جێ بە جێ کردنی یاسای جەعفەری بکاتەوە هەوڵێکی تازەی لایەنە شیعەکان نیە، بەڵکو ئەوان زۆر زوو لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و بوارکرانەوە بۆ هێزە شیعەکان کە جومگەکانی دەسەلآتی سیاسی بگرنە دەست دەستیان پێکرد؛ هەمیشەش ڕووبەڕووی بەرەنگاریەکی فراوانی کۆمەلآیەتی و سیاسی و هێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبنەوە. ئەوە کە ئەمە نە یەکەمجاریانە و نە ئاخر جار دەبێت مانای وایە بەدی هێنانی ئەو یاسایە بۆ دەسەلآتی شیعە لە عێراق ستراتیجیەکی گرنگە و بە پێی هاوسەنگی هێز ئەوان بەردەوام دەبن لەم هەوڵەیان.

جێخستنی ئەم یاسایە، زیاتر ئینتگرەیت کردنی مۆدێلی حوکمی شیعەیە لە عێراق لەگەڵ شێوازی حوکمرانیان لە ئێراندا، ئەمە مەودایەکی دوورماوە و ستراتیجی هەیە بۆ فراوانکردنی دەسەلآتی ناوچەیی سێکتی شیعە لە بەرامبەر بە سێکتی سوننە، وە بەشێکە لە کێشمەکێشێکی مێژوویی دەسەلآتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی لە ناوچەی خۆرهەلآتی ناوەڕاست. واتە شەڕی شیعەکان بۆ جێگیرکردنی ئەم یاسایە بەشێکی دانەبڕاوە لەو شەڕەی لەسەر هەژموونی دەسەلآتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی لەم ناوچەیەدا لە نێوان ئەم دوو بەشەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بەرپایە.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە سەرێکی ئەم هەوڵانەی شیعەکان کە لەسەدەی (٢١)دا و لە سەردەمی جیانهگیری و تێکەلآوبوون و سنووربڕینی کەلتتورەکان، بەستراوە بەو دیموکراسیەیە هەڵخەڵەتێنەرەی کە ئەمریکا بنەماکانی یەکلاییکردنەوەی دەسەلآتی سیاسی لە عێراق لەسەر بونیات نا لە ژێر ناو و بەبەکارهێنانی بنەما رووکەشەکانی ئەم دیموکراسیەتەدا، کۆنەپەرسترین هێزەکانی ئیسلامی سیاسی پێشبرکێیانە لەسەر سەقامگیرکردنی دەسەلآتی سیاسی و ئابووری خۆیان لە عێراقدا.

هەبوونی چەندین جۆری یاسای باری کەسێتی بە پێی دین و مەزهەب جۆراوجۆرەکان، مۆدێلێکە کە پێشتر لە وولآتی تری خۆرهەلآتی ناوەڕاست بۆ کۆمەڵگەیەکی پارچە پارچە کراو، وەک لوبنان بەکار هێنراوە. ئێستاش لە عێراق یاسای باری کەسێتی لەم جۆرە کە لەجیاتی بەرجەستە کردنی هەموو مرۆڤەکان وەک هاولآتی یەکسان لەبەردەم یاسادا، وە دانانی یەک ڕێ و ڕەسمی مەدەنی بۆ زەواج، زەواج کردن دەسپێردرێتە دەست بیر و ڕا و دینی دایک و باوک، بەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ بردنە دەرەوەی پرۆسەی زەواج لە چوارچیوەی یاسا و مافی تاکەکەس، وە سپاردنی بە داب و نەریت و بیر و باوەڕی دینی جۆراوجۆر و جیاواز. ئاشکرایە ئەوەی کە دەبێتە قوربانی لەم نێوەدا منداڵانی کچ و ژنانن کە ئاسانتر مامەڵە بە چارەنوسیانەوە دەکرێت لە لایەن باوانیانەوە لە ژێر هەژمونی گشتی بنەماکانی خێڵ و پیاوسالاری و دین.

کۆدەکە ڕێگە بە هاوسەرگیری منداڵان دەدات و تەنانەت باوان سەرپشک دەکات لە بڕیاردان لەسەر چارەنوسی کچانی منداڵیان. هەروەها هیچ جۆرە ڕێنومایییەکی پاراستنی مافی کچان و منداڵانی لەگەڵدا نەهاتووە کە بتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ پاراستنیان لەدەست توند تیژی و گێچەڵی سێکسی و دەستدرێژیکردنە سەریان. گەر ئەم یاسایە دەنگ بێنێت، لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە کێشەی گەورە بۆ چارەنوسی منداڵانی کچ دروست دەکات و دەیانخاتە بەردەم جۆری تازەی توندوتیژی خێزانی و بەشوودانی منداڵان و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەریان، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو تا دەگات بە ڕەسمیەت دان و بە یاسایی کردنی قێزەونترین تاوانی ئەم سەردەمە لە هەموو جیهاندا کە دەستدرێژی یە بۆ سەر مدناڵان و دیاردەی "منداڵبازی" تەشەنە پێ دەدات. ئەمە لە کاتێکدا لە تەواوی جیهاندا کۆمەڵگەی بەشەری لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە ئینسانی خوار (١٦) ساڵ بە نێر و مێوە شیاوی زەواج نین و گەشەی بایەلۆجی و دەروونیان ئامادەی پەیوەندی لەو جۆرە نییە.

دەبێت ڕەهەندی چینایەتی ئەم کێشەیە لە یاد نەکەین، چونکە لە کۆتاییدا ئەم یاسایە کەمترین کاریگەری لەسەر کچانی منداڵی نێو چینی باڵادەست و بورجوازی دادەنێت، ئەویش چونکە باوکانی سەربەم چینە تارادەیەک خوێندەوار ترن، توانای بەخێوکردنی کچەکانیان هەیە، واتە لەبەر پارە و ماڵ منداڵەکانیان ناخەنە بەرشووکردن؛ بەشێکی زۆری ئەم چینە بورجوازیە خۆیان سەر بە دەسەلآتن و منداڵانیان ئەگەر لەدەرەوەی وولآت نەژین، ئەوا لە بەر ژیانێکی پڕ خۆشگوزەرانی و ناز و نیعمەتتدا دەژین، خوێندنیان لە قوتابخانەی ئەهلی و دکتۆر و دەرمانیان دابین کراوە. من دڵنیام کە ئەوانەی هەوڵ بۆ جێخستنی ئەم یاسایە دەدەن، زۆر دڵنیان کە منداڵێکی خۆیان نابێتە قوربانی ئەم یاسایە، بەلآم ئەم یاسایە ڕێگایەک دەخاتە بەردەم باوکانی بێکار و هەژار و کەمدەرامەت تا بۆ کەم کردنەوەی مەسروفی خێزانیان کچەمنداڵەکانیان زوو بدەن بە شوو، یان بەهۆیانەوە ژیانی خێزانیان بە زاوای تازە دابین بکەن، واتە ڕێگە خۆش دەکات بۆ جۆرەها شێوازی توند تیژی و ئیستغلال کردنی منداڵانی کچ کە بێ دەسەلآت و هەژارن و خێزانەکانیان وەک بارێکی قورس بە سەریانەوە سەیریان دەکەن. یاسایەکی لەم جۆرە بە دین شەرعیەت دەدات بە فرۆشتنی کچانی منداڵ بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان، نەک وەک تاوان کردەی وا ناپینرێت، بەڵکو تاوانبار ویژدانی ئاسودە دەبێت، چونکە تاوانێکی شەرعی دەکات. لەگەڵ ئەم ڕەهەندە چینایەتییە زۆر بە ئاسانی ڕەهەندی ئابووری ئەم هەوڵە دەبینرێت کە تەواو تەبایە لەگەڵ بنەماکانی نیو لیبرالیزمی درندە کە هەرچۆنێک بێت یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی شانخاڵیکردنەوەی دەوڵەتە لە ئەستۆگرتنی بژێوی و ژیانی ژنان و منداڵانی کەم دەرامەتی و هەژار، بە دۆزینەوەی هەر ڕێگایەک کە ئەم ئەرکە بخاتەوە سەرشانی تاک و بیکاتە شتێکی تایبەت بە خێزان، نەک بەرپرسیارێتی دەوڵەت.

تاوانێکی تری گەورە کە یاساکە قووڵی دەکاتەوە و ڕەسمیەتی پێ دەدات، تاوانی "بازرگانی کردنە بە مرۆڤەوە" کە دووبارە تاوانێکی جیهانی یە؛ ئەم یاسایە بازرگانی کردن بە منداڵانەوە ڕەسمیەت پێ دەدات. بۆ نمونە دەمێ ساڵە عێراق گیرۆدەی هەبوونی زیاد لە (٣٠٠٠) ژنانی بێ هاوسەرن کە لە هەژاری و نەداری لە ڕادەە بە دەردا دەژین. ڕێژەیەکی زۆری ئەم ژنانە هەروەها منداڵیان هەیە و لە پێناو دابین کردنی بژێویاندا تووشی جۆرەها کیشە وگرفت و شێوازی ئیستغلال کردن بوونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە عێراق بە هەزاران منداڵانی بێسەرپەرشت و بێ دایک و باوکی تێدایە. هەروەها دیاردەکانی بازرگانی بە مرۆڤ و لەشفرۆشی و کڕین و فرۆشتن بە کچانی گەنجەوە تازە ونامۆ نییە بە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەی پڕ لە هەژاری عیراق. هەژاری و نەداری خەڵک هەموو ئەم تاوانانەی کردۆتە بەشی هەزاران مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا. ئەم یاسایە ڕێگە دەکاتەوە کە زۆرێک لەم دیاردانە نەک زیاد بکەن و تەشەنە بکەن، بەڵکو چیتر وەک تاوان نەبینرێن و دەستی سەرپەرشتیاران، و تەنانەت مام و ئامۆزا و خزمانی نێرینەش ئاوەڵا بکات کە چارەنوسی کچانی منداڵی نێو خێزانەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیان و بەهەرجۆرێک بیانەوێت مامەڵەیان پێوە بکەن.

ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە ئەو بەرەنگارییە بەهێزەیە کە کۆمەڵگە، لەوانەش ڕێکخراوەکانی ژنان و دایکان هاتونەتە دەنگ بەرامبەری و وەستانەتەوە بە دژی ئەم یاسایە. ئەرکی هەمووکەسێکی مرۆڤ دۆستە کە ئەم بەرەیە بەهێز بکات و پشتیوانی لێ بکات.

٢٠٢٤-٩-١٤

# کونجی ماڵ بۆ ژنان و پانتایی زەویش بۆ پیاوان

### تاڤگە سابیر



ئەگەر ماڵ تاکە شوێنی ڕاستەقینە بێت بۆ ژنان، چونکە دەبێت منداڵ بەخێو بکات، وەک یەکێک لەو سەدان بیانوانەی کە ژن لە ماڵەوە دەهێڵێتەوە، ئەوا ئەوەی لەسەر زەوی دەمێنێتەوە ماڵی پیاوەکەیە و خودا خۆی ئەم بەشەی پیرۆز کردووە!

بێگومان ئەم کەسانە پێویست ناکات ئاماژە بە دەقە ئاسمانییەکان بکەن، چونکە ئەم یاسایانە بەر لەو دەقانەش هەبوون و کراوون بە یاسای زاڵ لەناو کۆمەڵگە چەوسێنەرەکاندا و لە کۆتاییدا بوون بە کولتوور و ڕێوڕەسمێکی دامەزراو.

تەنانەت ئەو جەنگاوەرانەی کە ئامادەن شەڕ بکەن بۆ ڕوخاندنی ئەو دیوارەی کە ژن و پیاو دەخاتە ناو دوو شانشینی دوورەوە، شانشینییەکی بێ سنووری پیاوان و شانشینییەکی ژنان کە تەنها هێلانەیەکی بچووکە، زۆرجار لە ژێر فشاری بەهێزی نەریتی کۆنەپەرستانە و کولتوری پیرۆزکراوی باڵە دواکەوتووەکانی ناو کۆمەڵەگە پاشەکشە دەکەن.

ئەمڕۆ هیچ هێزێکی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگای کوردیدا نییە، بە تایبەت لە نێو هەڵگرانی بیری سیاسی لە حیزبەکاندا. کێشەکەش تەنیا ئەوە نییە کە ژنان دەگەڕێندرێنەوە بۆ گۆشەی ژوورەکان، بەڵکوو لە سەر شەقامەکان و لە دامەزراوەکاندا هێندە سەرلێشێواویان دەکەن و دەیانترسێنن کە هەرگیز ناتوانن خۆیان بن.

نەک هەر ئەوە، بەڵکو زۆرێک لە ژنانی ئازادیخوازیش ڕۆڵی پاسیڤ و گوێڕایەڵ دەبینن، هەمیشە ڕۆڵی کارا دەبەخشن بە پیاوان و ڕۆڵی چالاکی بۆ خۆیان پاساو دەهێننەوە. زۆرجار گوێم لە ژنانی زۆر توندڕەو بووە کە دەڵێن "ئامادە نیم دەستبەرداری مافەکانم بم". جەستەی ئەو پیاوە یان پیاوانە. ئەمە هەمان ڕستەیە کە داپیرەکانیان بەکاریان هێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی باشتر پیاوان بە شێوازی جیاواز قەدری ژن دەزانن و ئەوە قبوڵ دەکەن.

بێگومان هەموو کۆمەڵگەیەک فەلسەفە و تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە بۆ دابەشکردنی ژن و پیاو بۆ دونیای جیاجیا و بە جێهێشتنی کاریگەری تەواوی یە کریزی ئەو کەسانە لە سەر پەیوەندی گشتی و دڵسۆزی ڕۆحی و ئەخلاقی تەواوی کۆمەڵگا.

ئایا ئەو ڕۆڵەی بە ژنان دەدرێت گونجاوە یان جێی پرسیارە؟

ئایا ژنەکە خۆی بە فریودراو دەزانێ و هێشتا ئەم کولتوورە بە پیرۆزی دەزانێ؟

پێویستە هەوڵێکی سەرەتایی بدرێت بۆ پرسیارکردن لەم بەها و ئەخلاق و بیرۆکانە، چونکە ئەمڕۆ هێزێکی گەورەی سەلەفیی کە لەسەر بنەمای دین و کولتوورێکی دواکەوتوو دامەزراوە، هەوڵی هاندانی ژنان دەدات بۆ ئەوەی ماڵی خۆیان بە شوێنی شایستەی خۆیان و وەک ژن لە سەر بنەمای سێکسی خۆیان بزانن، و دۆخی فیزیۆلۆژی و شتە جیاوازەکان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، لانیکەم تا ئەو کاتەی مێژوو هەبووە، تۆمارەکان دەیسەلمێنن لەم ناوچەیەدا واتە لە میزۆپۆتامیا دوای ئەوەی شارستانیەت هاتۆتەئاراوە و کۆیلایەتی سەریهەڵداوە، پیاوانی چینە داراکان بۆ دەسەڵات و باڵادەستی خۆیان شەڕیان کردووە و ژنانیان وەک فەلسەفەی خۆیان پەراوێزخستووە، ئەم مێژووە شەش هەزار بۆ دە هەزار ساڵە. گەڕانەوە بۆ شیکاری دەروونی زۆر شتمان پێدەڵێت، بە تایبەت لە کتێبی (Erik Eriksen)دا، بۆ نموونە، فۆرمولێک کە دەڵێت: پیاوان بەهێزن و ژنان لاوازن، ئارامن، ساردن، ئەمەش خەیاڵ و ڕۆحی ژنەکە ئامادە دەکات بۆ بینین و قبوڵکردنی ئەم پیاهەڵدانە، تا "بەهێزی پیاو" و "لاوازی ژن" بەئەرێنی وەربگرێت.

دیارە لە پشت هەر گەمەیەک و کارێکەوە شێوازێک یان سیستەمێکی بیرکرنەوە و ڕەفتار هەیە، سیستەمێک کە کۆن و پەنهان و بەهێزە و هی چینە دارا و چەوسێنەرەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵام دەستکردی پیاوە، ئەوە پیاوانن کە دواجار خاوەنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەرە چینایەتیەن، کە لە باو و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە دواجاریش کۆمەڵناس و مرۆڤناس و ئایین پەروەران و

بۆ ل١٠

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
نەوزاد بابان
شیرین عەبدوڵا
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت

ڕەوت

OCAI البدیل
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

SCAN ME

مازن محەمەد + 9647709658673
نزار عەقراوی + 447507070024
نەوزاد بابان +964 771992 9183
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar